کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران)

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٤ - جۆزەردانی ١٤٠٥ - ژون ٢٠٢٦




٣١ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە پیرۆز بێت







## ژنانی ئەفغانستان لە بەردەم تاریکستانی تاڵیباندا
ل٣



## کارکردنی منداڵان، کارەساتێکی مرۆیی وتەیەک بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی قەدەغەکردنی کارکردنی
ل٤



## پرۆژەی سنوردارکردنی چەکداری!
ل٥



## بنبەستی سیاسی لە تورکیا و ڕەنگدانەوە ناوچەییەکانی
ل٦

لەسێدارەدانی ئەفسانە زەندئابادی، ڕووی ڕاستەقینەی «عەداڵەت» لە کۆماری ئیسلامیدا ل٦

زەوی لە چنگی قازانجپەرستیی سەرمایەداران و بێتوانایی دەسەڵاتداراندا ل٧

کۆنفرانسی جیهانیی کار، ئامرازێک بۆ پەردەپۆشکردنی هێرشی جیهانی بۆسەر چینی کرێکار ل٨

ئەو گیانانەی کە فەرامۆش ناکرێن، ساڵیادی لەسێدارەدانی ٥٩ لاوی مەهاباد ل٨

کوردستان دوێنێ و ئەمرۆ و سبەی ل١٠

ئۆپۆزسیۆنی ئێران لە تاقیکردنەوەی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا ل١١

منداڵیی، مافێکی کە دەبێت ڕێزی لێبگیرێت - وتەیەک بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان ل١٢

دەستێوەردانی نارەوای حکومەتی ئەمریکا لە کوبادا ل١٣

کۆمۆنی پاریس، شکۆی ئەزموونێکی کرێکاری و وانەکانی شکستهێنانی ل١٥


## سەروتار

# کۆتایی شەڕ، سەرەتای ڕوونبوونەوەی ڕیزبە ندییەکانە

بڵاوبوونەوەی دەقی ڕێککەوتننامەی ١٤ ماددەیی نێوان دەوڵەتی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامی، کە بڕیارە ڕۆژی هەینی لە ژنێڤ بە شێوەیەکی فەرمی لەلایەن نوێنەرانی هەردوولاوە واژۆ بکرێت، وەرچەرخانێکی گرنگە لە قەیرانی ئەم دواییەی ئێران و ناوچەکەدا. ئەم ڕێککەوتننامەیە، لە ڕواڵەتدا بڕیارە کۆتایی بهێنێت بە قۆناغی نیزامیی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران؛ بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە، مانایەکی قووڵتری لە ئاگربرست یان ڕێکخستنی پێوەندییە ئەمنییەکان هەیە. ئەم بەڵگەنامەیە ئەوە نیشان دەدات شەڕێکی کە بە بانگەشەی «گۆڕینی ڕەفتار»، «کۆنترۆڵکردنی هەڕەشە»، «چەک کردن» و تەنانەت لە هەندێک گێڕانەوەدا بە «کردنەوەی ڕێگەی ئازادیی خەڵکی ئێران» دەستی پێکرد، لە کۆتاییدا گەیشتە ڕێککەوتنێک کە بەر لە هەر شتێک مانەوەی کۆماری ئیسلامی مسۆگەر دەکات و پێگەی ڕژێم لە بەرامبەر ڕۆژاوادا جێگیر دەکات.

تا ئەو جێگایەی پێوەندی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هەبێت، ئەم ڕێککەوتننامەیە هیچ شتێک زیاتر لە گەڕانەوە بۆ دۆخی پێش شەڕ لەخۆ ناگرێت، واتە کراوەبوونی گەرووی هورمز، ڕۆیشتنی ئازادانەی نەوت و گازی ناوچەکە بۆ بازاڕەکانی جیهان، و گەڕانەوەی سەقامگیرییەکی ڕێژەیی بۆ ڕێڕەوەکانی وزە. ئەمریکا بە کردەوە داوا دەکات کە نەزمە ئابووری و ژیۆپۆلیتیکییەکەی پێش دەستپێکردنی شەڕ دووبارە جێگیربێتەوە، واتە هەمان ئەو دۆخەی کە تێیدا نەوت و گازی ناوچەکە بەبێ هیچ ئاستەنگێکی جیدی هەناردەی جیهان دەکرا و گەرووی هورمزیش وەک یەکێک لە شادەمارە سەرەکییەکانی ئابووریی جیهانی کراوە بوو.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە، کۆماری ئیسلامی لەم ڕێککەوتنەدا ئیمتیازی زۆر گرنگتری بەدەست هێناوە. ڕژێمێکی کە لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە بوونی خۆی بەسەر ڕۆژاوا و ئەمریکادا بسەپێنێت، ئێستا دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە نەک هەر لە شەڕەکە ڕزگاری بووە، بەڵکوو لایەنی بەرامبەریشی ناچار کردووە بوونی بە فەرمی بناسن. بۆ کۆماری ئیسلامی، خودی مانەوە لە بەرامبەر گوشاری نیزامی، سیاسی و ئابووریی ئەمریکادا، هەمیشە وەک جۆرێک لە سەرکەوتن ئەژمار کراوە. ئەمجارەش ڕێککەوتنی ژنێڤ دەرفەت بە حکوومەت دەدات کە لە پرۆپاگەندە ناوخۆییەکانی خۆیدا، شەڕەکە وەک «شکستی دوژمن» و ڕێککەوتنەکەش وەک «جێگیربوونی دەسەڵات و باڵادەستیی نیزام» لەقەڵەم بدات.

گرنگترین ڕەهەندی سیاسیی ڕێککەوتنەکە ئەوەیە کە سیاسەتی ناسراو بە «گۆڕینی ڕژێم» بە کردەوە و بە فەرمی لە بەرنامەی کار لادەبرێت. ئەمریکا بەڵێنی داوە کە بە هیچ شێوەیەک دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆی ئێراندا نەکات. ئەم بەڵێنە، تەنانەت ئەگەر لە کردەوەدا لێکدانەوەی جیاوازیشی بۆ بکرێت، لە ڕووی هێماییەوە بۆ کۆماری ئیسلامی گرنگییەکی زۆری هەیە. حکوومەتێکی کە بەردەوام هەر نارەزایەتییەکی ناوخۆیی بە «دەستوەردانی دەرەکی» بەستووەتەوە، ئێستا بەڵگەنامەیەکی لەبەر دەستدایە کە دەتوانێت وەک نیشانەیەک بۆ پاشەکشەی ئەمریکا لە پرۆژەی ڕووخاندن پێشانی بدات.

لە پاڵ ئەمەشدا، ڕێککەوتنەکە چەند ئیمتیازێکی ئابووریی دیاریکراویش لەخۆ دەگرێت، لەوانە هەڵگرتنی بەشێک لە گەمارۆکان، ئازادبوونی ڕێگەی فرۆشتنی نەوت و گەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە سەرچاوە داراییەکان. ئەم ئیمتیازانە بۆ حکوومەتێکی کە لە ژێر گوشاری قەیرانی ئابووری، کورتهێنانی بوودجە، هەڵاوسان و نارەزایەتی گشتیدایە، زۆر حەیاتی و گرنگن.

درێژە لە لاپەڕەی ٢ ⬅

### درێژەی سەروتار

تەنانەت ڕێگەپێدانێکی سنووردار بە فرۆشتنی نەوت، دەتوانێت بۆ دەسەڵات بە واتای نەفەسێکی دارایی، نۆژەنکردنەوەی بەشێک لە تۆڕە وەفادارەکانی سەر بە ڕژێم و بنیاتنانەوەی ئامرازەکانی سەرکوتکردن بێت.

سەرەڕای ئەوەش، بەشێک لە بەندە ئابوورییەکانی ڕێککەوتنەکە زیاتر لەوەی گەرەنتییەکی ڕوونی جێبەجێکردنیان هەبێت، وا دیارە بۆ ڕازاندنەوەی ڕواڵەتی بەڵگەنامەکە و فێڵکردن لە ڕای گشتی جێگیر کراون. نموونەی هەرە دیاری ئەوەش، بریتییە لە قسەکردن لەسەر پێکهێنانی سندووقێکی ٣٠٠ ملیارد دۆلاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی وێرانکارییەکانی شەڕ. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە: ئەم سندووقە لە کوێوە دابین دەکرێت؟ چ دامەزراوەیەک چاودێریی دەکات؟ پشکی خەڵک و ژێرخانە گشتییەکان لەو سندووقەدا چییە؟ ئایا ئەم سەرچاوانە بەڕاستی بۆ ئاوەدانکردنەوەی نەخۆشخانەکان، قوتابخانەکان، تۆڕەکانی ئاو، کارەبا، گواستنەوە و شوێنی نیشتەجێبوون و وێرانییەکان خەرج دەکرێت، یان دەڕژێتە ناو ڕێڕەوە ناسراوەکانی گەندەڵی، ڕانت، دامەزراوە سەربازییەکان و بنیادە حکوومەتییەکان؟

ئەزموونی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا، وەڵامێکی گەشبینانە بەم پرسیارانە ناداتەوە. دەزگای بیرۆکراتی و ئابووریی کۆماری ئیسلامی بە توندی گەندەڵ، ناڕوون و ڕانتخوازە. تەنانەت ئەگەر سەرچاوەی دارایی نوێش بخرێتە بەردەستی حکوومەت، هیچ گەرەنتییەک نییە کە ئەم سەرچاوانە ببنە هۆی گەشەی ئابووری، خۆشگوزەرانی گشتی یان ئاوەدانکردنەوەی ڕاستەقینەی وڵات. بەپێچەوانەوە، ئەگەری هەرە بەهێز ئەوەیە کە بەشێکی زۆری ئەم سەرچاوانە بۆ بنیاتنانەوەی توانای سەربازی، بەهێزکردنی دەزگا ئەمنییەکان، دابینکردنی تێچووی تۆڕە سەر بەخۆکان، و پەرەپێدانی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی خەرج بکرێت.

ئێستا مەسەلە سەرەکییەکە ئەمەیە: ئایا ئەو سەرچاوانەی لەم ڕێگەی لەم ڕێککەوتنەوە بەدەست دێن دەگەنە ناو ژیانی خەڵک، یان جارێکی دیکە بۆ دام و دەزگا سەربازی، ئەمنی و پرۆپاگەندەییەکەی کۆماری ئیسلامی تەرخان دەکرێن؟ ئەزموونەکان نیشانیان داوە کە لە نەبوونی ئازادیی سیاسی، چاودێریی جەماوەر، ڕێکخراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان و میدیای ئازاددا، هیچ گەشەسەندنێکی ئابووریی بەردەوام بە قازانجی خەڵک ڕوو نادات. پارەی نەوت، هەڵگرتنی گەمارۆکان و سەرچاوە ئازادکراوەکان، ئەگەر لەناو ئەم پێکهاتەیەوە تێپەڕ بن، پێش ئەوەی پاروەنانێک بخەنە سەر سفرەی خەڵک، توانای سەرکوتکردنی حکوومەت نۆژەن دەکەنەوە.

لە لایەکی دیکەوە، ئەم ڕێککەوتنە گورزێکی جیدی بوو بۆ بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی ڕاست، ئەو ڕەوتەی کە ساڵانێک بوو گەمارۆ، گوشاری دەرەکی و هێرشی سەربازیی وەک ڕێگەی ڕزگاریی خەڵکی ئێران دەناساند. شەڕی ئەم دواییە نیشانی دا کە بۆردوومان نە ئازادی بەدیاری دەهێنێت و نە دیموکراسی، ئەنجامەکەی نە بریتی بوو لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و نە بەهێزبوونی خەڵک، بەڵکوو وڵاتێکی برینداتر، کۆمەڵگەیەکی هەژارتر، ژێرخانێکی زیانبەرکەوتووتر و حکوومەتێکی کە ئێستا دەتوانێت مانەوەی خۆی وەک سەرکەوتن ڕابگەیەنێت.

کۆتایی شەڕ، سەرەتای ڕوونبوونەوەی ڕیزەکانە. لە لایەکەوە کۆماری ئیسلامی وەستاوە کە تەنانەت وێرانکارییش بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەکاردێنێت، لە لایەکی دیکەوە، بەشێک لە ئۆپۆزسیۆنی ڕاست کە ڕزگاری و وێرانکاریی بە یەک شت دەزانی و شکستی هێنا. لە بەرامبەر هەردوو ئەم بەرەیەدا، جەماوەری خەڵکی ئێران وەستاون، جەماوەرێکی کە خوازیاری ئازادی، نان و ئاسایشن، نەک شەڕی دەرەکی و ستەم و سەرەڕۆیی ناوخۆیی.

*******

## پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە
## بۆ ڕێزلێنان لە ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە و ٤٧ ساڵ نەریتی خۆڕاگریی شۆڕشگێڕانە



چل و حەوت ساڵ لەمەوبەر، لە دۆخێکدا کە کۆمەڵگای ئێران لەبەردەم وەرچەرخانێکی مێژوویی و چارەنووسسازدا بوو، بەردی بناغەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە دانرا. مێژووی ئەم هێزە، مێژووی وشیاریی، خۆڕاگری چینایەتی و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانە. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٥٧دا، کۆمەڵانی خەڵکی ڕاپەڕیو لە شۆڕشێکی مەزنی جەماوەریدا، کۆتوبەندی ستەمکاری و دیکتاتۆریی پاشایەتییان تێکشکاند بۆ ئەوەی دەرفەتێک بۆ ئازادی و ژیانی ئینسانی بەدەست بهێنن. بەڵام لە هەمان چرکەساتی شیرینی ڕزگاریدا، مۆتەکەی ترسناکی زاڵبوونی ڕژێمێکی تا سەر ئێسقان کۆنەپەرست، دژە ژن و دوژمنی ئازادی کە هەنگاو بە هەنگاو خۆی بۆ زەوتکردنی دەستکەوتەکانی شۆڕش ئامادە دەکرد، سێبەری بەسەر ئاسمانی ئێراندا کێشا. لەم ناوەدا، کوردستان بوو بە سەنگەرێکی پتەو لە بەرامبەر فاشیزمی ئایینیی نوێدا، سەنگەرێکی کە چەکی بەرگریی ڕەوای، «هێزی پێشمەرگەی» ناو بوو. لە دۆخێکدا کە ڕەوتی ئایینی توانیبووی بە فریکاری، پیلانگێڕی و شەپۆلی یەکەمی سەرکوتکردن، دەنگی شۆڕش و هێزە پێشکەوتنخوازەکان لە ناوەندی ئێران کپ بکات، هاوسەنگیی هێز لە کوردستان بە تەواوی جیاواز بوو. لە کۆمەڵگای کوردستاندا، بەهۆی کاریگەریی قووڵی بیروباوەڕی چەپ و حزووری چالاکانەی حیزبە سیاسییە خاوەن پێگە جەماوەرییەکان و بەتایبەت بوونی کۆمەڵە بە ئامانج و بەرنامە و ستراتیژیی سۆسیالیستییەوە، کۆنەپەرستیی ئایینی هیچ جێگە و پێگەیەکی جەماوەری نەبوو.

کرێکارانی چەوساوە خوازیاری ژیانێکی باشتر بوون زەحمەتکێشانی لادێ کە تازە لە کۆتوبەندی پاشماوە ڕزیوەکانی نیزامی دەرەبەگایەتی ڕزگاریان ببوو، نیگەرانی لەدەستچوونی دەستکەوتەکانیان بوون، ژنان تینووی مافی یەکسان و ڕزگاربوون لە چنگ یاسا و ڕێسا کۆنەپەرستانەکان بوون و کۆمەڵانی بەرینی خەڵک چیتر تەحەمولی ئەوەیان نەمابوو ستەمی نەتەوەیی و ئایینیی ڕابردوو بەسەر شانیانەوە قورسایی بکات. ئەم ئاوات و خواست و داواکارییە کەڵەکەبووانە، لە بزووتنەوەیەکی خۆڕاگریی جەماوەری و ڕێکخراودا ڕەنگی دایەوە کە خۆی بۆ شەڕێکی مێژوویی لەگەڵ ئەو ڕژێمە تازە بەدەسەڵاتگەیشتووەی کە شۆڕشەکەی بەلاڕێدا بربوو، ئامادە دەکرد.

لە سەرەتای ئەم ڕووبەڕووبوونەوە مێژووییەدا، دەسەڵاتی ناوەندی هەوڵی دا بە پشت بەستن بە دەرەبەگ و خان و کۆنەپەرستە خۆجێییەکان کە لە شۆڕش و بەئاگابوونەوەی زەحمەتکێشان تۆقیبوون، کۆمەڵگای کوردستان کۆنترۆڵ بکات. دەرەبەگەکان بە پێکهێنانی دەستەی چەکدار، جوتیاران و زەحمەتکێشانی گوندەکانیان دەدایە بەر هەڕەشە و ئەزیەت ئازار بۆ ئەوەی پێوەندییە ڕزیوەکانی ئاغا و ڕەعیەتی سەرلەنوێ زیندوو بکەنەوە. لە بەرامبەر ئەم پیلانە هاوبەشەی فیۆدالیزم و ڕژێمی ناوەندیدا، کۆمەڵە داوای لە زەحمەتکێشانی کوردستان کرد خۆیان ڕێکبخەن و چەکدار ببن. پێکهێنانی «یەکێتییەکانی جوتیاران» وەڵامێکی شۆڕشگێڕانە و جەماوەری بوو بۆ ئەم هەڕەشەیە. بە ڕێکخراوبوونی جوتیاران و زەحمەتکێشان لەم یەکێتییانەدا و بەرگریی چەکدارانە و وشیارانە لە مافەکانی خۆیان، دەستە و تاقمە چەکدارەکانی ئاغاکان لە کورتترین کاتدا تێکشکێنران و لەناوبران. ئەمە یەکەم سەرکەوتنی گەورەی جەماوەری بوو کە نیشانی دا چەکی پێشمەرگە، لە خزمەت ئازادی و ژیانێکی باشتری ئەم کۆمەڵگایەدایە.

ئەو کەشوهەوا سیاسی، دیموکراتیک و پڕ لە جۆش و خرۆشەی کە سەرتاسەری کۆمەڵگای کوردستانی داگرتبوو، ئەم ناوچەیەی کردە سەنگەرێکی پتەو بۆ ڕزگارکردن و بەردەوامبوونی شۆڕشی سەرتاسەریی ئێران. پەرەسەندنی خێرای نفووزی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵە و گەشەکردنی توانا و پۆتاسێلی بێوێنەی لە بەسیج و ڕێکخستنی جەماوەر، لە چەندین ڕووداوی مێژوویی و بێوێنەدا ڕەنگی دایەوە:

کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان: کە وەک نموونەیەکی درەوشاوە لە خۆڕاگریی مەدەنی و ڕێکخراوەیی جەماوەر لە بەرامبەر حزووری نیزامی ئەرتەش و سپای پاسداران تۆمار کرا.

ڕێپێوانی گەورە و بەربڵاو لە سەرتاسەری کوردستانەوە بەرەو مەریوان بە مەبەستی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی ئەم شارە.

مانگرتنی گشتیی یەک مانگەی خەڵکی سنە: کە هاوپشتی و ئیرادەی جەماوەریی بۆ دەرکردنی هێزە سەرکوتگەرەکانی سپای پاسداران نیشان دا.

چەک کردنی هێزی کۆنەپەرستی «سپای ڕزگاری»: ڕەوتێکی کۆنەپەرست و چەکداری کە لەلایەن شێخەکانی ناوچەکەوە بەمەبەستی لاوازکردنی بزووتنەوەی چەپ، ڕێکخرابوو و بە ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر هەڵوەشێنرایەوە.

ئەم داینامیکییە شۆڕشگێڕانە، دەستکەوتە دیموکراتیکەکان و ئاسۆیەکی ڕادیکاڵی کە کوردستان خستبوویە بەردەم داهاتووی شۆڕشی ئێران، هەرگیز بۆ ڕژێمی ئیسلامی جێگەی قبووڵکردن نەبوو. کۆماری ئیسلامی دوای ماوەیەک لە فریوکاری، مانۆڕی دیپلۆماتی و کات کڕین، هەموو دەرگاکانی گفتوگۆ و دانوستانی داخست. ئەوان پێش هێرشی سەرتاسەری، بە ڕێخستنی کۆمەڵکوژییە ترسناکەکانی وەک کوشتاری درندانەی خەڵکی بێتاوانی گوندەکانی «قارنێ» و «قەڵاتان»، سیمای جینایەتکارانەی خۆیان نیشاندا. سەرئەنجام لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨دا، بە فەتوا و فەرمانی خومەینی، هێرشێکی نیزامی بەربڵاو، دڕندانە و سەرتاسەری بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد. لە وەڵامی ئەم هێرشە دڕندانەیەدا، کۆمەڵە بانگەشەی خەڵکی کوردستان کرد بۆ بەرگرییەکی هەمەلایەنە، چەکدارانە و جەماوەریی. خەڵکی کوردستان بە گەرموگوڕی بەپیر ئەم بانگەوازەوە هاتن و بەم شێوەیە، حەماسەی پڕ لە هەوراز و نشێوی بەرگریی چەکدارانەی چل و حەوت ساڵی ڕابردوو دەستی پێکرد، مێژوویەکی پڕ لە فیداکاری، خۆڕاگریی و گەلێک وانەی بەئەزموونی خەباتگێڕانە.

بەدرێژایی چەندین ساڵ خۆڕاگریی، هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە هەرگیز هێزێکی نیزامی نەریتی یان چریکیی کلاسیک نەبووە. ئەم هێزە لە هەنگاوی یەکەمدا، پەرەپێدەر و داکۆکیکاری فەرهەنگێکی بەرز، پێشکەوتنخواز و ئینسانی بوو لە بەرامبەر نەریتە دواکەوتووە پیاوسالارییەکاندا. پێشمەرگەی کۆمەڵە هاوکات لەگەڵ خولقاندنی حماسە لە مەیدانەکانی شەڕدا، ئاڵاهەڵگری ڕادیکاڵی یەکسانیی ژن و پیاو بوو حزوورێکی کە بە بەشداریی چالاکانە و چەکدارانەی ژنانی خەباتگێڕ لەناو ڕیزەکانی پێشمەرگەدا، پێکهاتە نەریتییەکانی کۆمەڵگای هەژاند و پێناسەیەکی نوێی لە ڕزگاریی ژن خستە ڕوو.

ئەم هێزە لە هەر گوند و ناوچە و شارێکدا کە حزووری هەبوو، گەلێک یادگاری بەنرخی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، تەندروستی و پەروەردەپێیدا، لە خۆی بەجێدەهێشت. پێشمەرگەکانی کۆمەڵە مامۆستایانی وشیاری، پزیشکانی بێبەشان و یارویاوەری زەحمەتکێشان لە کێڵگەکاندا بوون. هەر شوێنێک حزووری پێشمەرگەی لێبوو، تۆوی وشیاری، یەکسانی و سۆسیالیزمی لێ چێنرا.

ئاسۆ و ستراتیژی کۆتایی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بۆ ڕزگاریی مرۆڤ، بریتییە لە شۆڕشی سۆسیالیستیی، شۆڕشێکی کە هێزە بزوێنەرە سەرەکییەکەی، کرێکاران و زەحمەتکێشانی کۆمەڵگان. ئەم تێڕوانینە شۆڕشگێڕانەیە، تەنیا لە ئاواتخوازییەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکوو لەسەر ڕاستییە بنەڕەتییەکان، دژایەتییە چینایەتییەکان، نایەکسانییە ئابوورییەکان، بێبەشبوونە کۆمەڵایەتییەکان و زەوتکردنی ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکان دامزراوە. شۆڕش لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە، بە واتای گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە چنگی کەمینەیەکی ستەمکار و چەوسێنەرەوە بۆ زۆرینەی بەرهەمهێنەرانی سەروەتی کۆمەڵگا و هێنانەئارای گۆڕانکاری بنەڕەتی لە هەموو بوارەکانی ژیاندایە. هەربەم هۆیەوە، هێزی پێشمەرگە کۆمەڵانی خەڵک بێ ئەرک ناکات و ئەوان تەنیا لە چاوەڕوانیی سەرکەوتنی نیزامیی پێشمەرگەکاندا ڕاناگرێت، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، متمانە بەخۆبوون، ڕێکخستنی سەربەخۆ و پشت بەستن بە هێزی لەبن نەهاتووی زەحمەتکێشان لە کۆمەڵگادا بەهێز و جێگیر دەکات.

یەکێک لە بەرهەمە مێژوویی و ژیانبخشەکانی بەرگریی چەکدارانە لە کوردستاندا، بریتی بوو لە دروستکردنی چەترێکی ئەمنییەتی بۆ گەنجانی ناوچەکە لە کاتی شەڕی ماڵوێرانکەر و کۆنەپەرستانەی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراق (١٣٥٩-١٣٦٧). بوونی ناوچە ئازادکراوەکان و ڕیزی پتەوی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، دەرفەتێکی گونجاوی ڕەخساند بۆ ئەوەی گەنجانی کوردستان لەجیاتی ئەوەی وەک گۆشتی بەردەمی تۆپ ڕەوانەی بەرەکانی شەڕی کۆنەپەرستانە بکرێن، بێنە ناو ڕیزەکانی بەرگرییەکی دادپەروەرانە، پێشکەوتنخواز و ڕزگاریخوازەوە. ئەم هێزە بە فیداکارییە بێشومارەکانی خۆی و بە زیندوو ڕاگرتنی ورەی خۆڕاگریی، گیانی زۆر مرۆڤی لە تیاچوون لە تەنووری شەڕدا ڕزگار کرد. لە ئەنجامی ئەم خۆڕاگرییە ڕێکخراوەدا، کۆمەڵگای کوردستان لە ماوەی ئەو هەشت ساڵ شەڕە ماڵوێنکەرەدا، بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی تری ئێران زیانی مادی و مرۆیی زۆر کەمتری بەرکەوت.

ئەگەرچی لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەی ڕابردوودا، پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە پێناو هەڵسەنگاندنی بابەتیانە لە دۆخی نوێ، دەستیان نەبردووە بۆ چالاکی نیزامیی هێرشبەرانە دژ بە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، بەڵام ئەم بابەتە هەرگیز بە واتای چوونەژێرپرسیاری ڕەوایی، ڕەسنایەتی و پێویستی مێژوویی بەرگریی چەکدارانە لە چوارچێوەی «مافی بەرگریی ڕەوا» لە ستراتیژیی ئێمەدا نەبووە و نییە. واقیعییەتی بابەتیی مێژوو ئەوەیە کە خەباتی چەکدارانە هەرگیز بژاردەی یەکەمی خەڵکی کوردستان نەبوو، بەڵکوو بەهۆی هێرشی درندانەی ڕژێمەوە بەسەر کۆمەڵگادا سەپێنرا. خەڵک ئازادییان دەویست و چونکە پێداگربوون لەسەر ئەوەی بەرگری لە دەستکەوتە دیموکراتیکەکانی شۆڕشی خۆیان بکەن، ناچار بوون چەک هەڵبگرن. ئەوان پەنایان نەبردە بەر توندوتیژی، بەڵکوو لە بەرامبەر بێبەزەییانەترین دەزگای سەرکوتی مێژووی هاوچەرخدا وەستانەوە و بەرگرییان لە کەرامەتی ئینسانیی خۆیان کرد. لە هەمان ساڵەکانی سەرەتادا، کاتێک پێشمەرگەکان بۆ ماوەیەکی کورت هێزەکانی ڕژێمیان ناچار بە پاشەکشە کرد و کوردستانیان ئازاد کرد، نموونە گەلێکی بێوێنە و بەنرخیان لە ژیانی مەدەنی، شوڕاکان، ئازادیی ڕادەربڕین و بەڕێوەبردنی دیموکراتیکی کۆمەڵگا نیشان دا کە مۆدێلێکە بۆ داهاتووی تەواوی ئێران.

ئەمڕۆ، کۆمەڵگای وشیاری کوردستان بە کۆڵەبارێک لە ئەزموونی بەنرخی مێژووییەوە، خەریکی داڕشتنی شێوازی نوێ و گەشەسەندووتری خەباتی جەماوەرییە. مانگرتنە سیاسییە گشتی، یەکگرتوو و بەربڵاوەکان، ئەمڕۆ بوونەتە چەکێکی کارامە، جێگیر و کاریگەر دژ بە دەسەڵات، شێوازێکی خەبات کە بە کەمترین تێچووی مرۆیی، زۆرترین دەستکەوتی سیاسی و ڕێکخستنی هەیە. پێکهێنانی بزووتنەوە بەردەوامە مەدەنییەکان، تۆڕە خۆجێییەکان و پێگەیاندنی ڕێبەرانی مەیدانی لە زانکۆکان، کارگەکان و گەڕەکەکاندا، کۆمەڵگای خستووەتە سەر ڕێڕەوی ئامادەییەکی تەواوەوە. ڕەنگدانەوەی شکۆداری ئەم ئامادەییە لە ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا بە ڕوونی خۆی نیشان دا. ئەم بزووتنەوەیە کە فەلسەفە و دروشمە سەرەکییەکەی ڕیشەی لە فەرهەنگی سیاسی و پێشکەوتنخوازانەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدایە، ڕێگای ڕوون و بێگەڕانەوەی کۆمەڵگا بەرەو سەرکوتنی کۆتایی نیشان دەدات.

چل و حەوت ساڵ بەسەر دەستپێکی ئەم ڕێگا پڕ لە هەوراز و نشێوەدا تێپەڕی. ئەو نەوەیەی کە لە کۆتاییەکانی دەیەی پەنجادا بە دەستی خاڵی بەڵام بە دڵێکی پڕ لە ئەشق و ئەوین بە سۆسیالیزم و ئازادی، چەکی هەڵگرت، ئێستا پیر بووە. هەزاران گەنجی بەجۆش لە ماوەی ئەم دەیان ساڵەدا هاتنە ناو ڕیزەکانی ئەم هێزە، حماسەیان خولقاند، گیانیان بەخت کرد یان تەمەنی لاوییان لەم ڕێگایەدا تێپەڕکرد. بەڵام ئەوەی لە درێژەی هەموو ئەم ساڵانەدا بە زیندوویی، داینامیکی و پتەوی ماوەتەوە، بریتییە لە نەریتێکی قووڵی مێژوویی کە پێشمەرگەی کۆمەڵە لە ناو ئەم کۆمەڵگایەدا جێی خستووە: نەریتی سەر دانەنواندن لە بەرامبەر دیکتاتۆردا، نەریتی یەکسانیی بەتەواو مانای ژن و پیاو، نەریتی پشت بەستن بە جەماوەری بێبەش و کرێکار و هەروەها ئامانجی بنیاتنانی جیهانێکی بەدوور لە چینایەتی و چەوسانەوە.

«ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە»، ڕۆژی ڕێزلێنانە لە تاک بە تاکی ئەو مرۆڤە ئازادیخوازانە، ئەو گیانە شەیدایانە و ئەو ئەستێرە سوورانەی کە بە خوێن و تەمەنی خۆیان ئەم نەریتە شەریفەیان دامەزراند. ئەم ڕۆژە، ڕۆژی نوێکردنەوەی پەیمانی نەوەی نوێیە لەگەڵ ئامانجی بەرزی ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، ئامانجێکی کە هێشتا تا بەدیهاتنی کۆتایی لە دوارۆژی ڕووناکی ئێرانی ئازاد و سۆسیالیستدا، ڕێگایەکی زۆری لە پێشە و چەکی وشیاریی ڕێکخراو و ڕێبەرایەتی، ڕێ خۆشکەری دەبێت.

لە ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا، یادی هاوڕێ «سەعید موعینی» یەکەم پێشمەرگە و یەکەم گیانبەختکردووی کۆمەڵە، کە ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە بە یاد و بیرەوەری ئەو و ڕۆژی گیانبەختکردنی ناودێر کراوە و هەروەها یادی ئەو هەزاران خەباتکار و ئینسانە شەریفانەی کە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی شەڕ لەگەڵ یەکێک لە دڕندەترین و تاریکپەرستترین دیکتاتۆرەکانی ئەم سەردەمەدا گیانیان بەخت کرد، بەرز ڕادەگرین و درووود دەنێرین بۆ بنەماڵە سەربەرز و خۆڕاگرەکانیان.

**کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە**
**(ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)**

**جۆزەردانی ١٤٠٥**

********

## ژنانی ئەفغانستان لە بەردەم تاریکستانی تاڵیباندا



نۆزدەی جۆزەردانی ١٤٠٥، بەرانبەر لەگەڵ نۆی ژوئەنی ٢٠٢٦، شەقامەکانی هێرات جارێکی تر بوونەوە بە شانۆیەکی کە جیهانی هاتەوە یادی کە چی بە سەر نیوەی کۆمەڵگەی ئەفغانستاندا هاتووە. سەدان کەس لە گەڕەکی جوبرەئیلی هێرات کۆبوونەوە تا نارەزایەتی خۆیان بەرانبەر بە دەستبەسەرکردنی ژنان و کچان بە تۆمەتی «بەد حیجابی» دەربڕن. تاڵیبان بە هەمان ئەو زمانە وەڵامی دایەوە کە تەنیا زمانێکە دەیناسێت، واتە زمانی گوللە و مەرگ. لەم ڕووداوەدا لانی کەم کەسێک کوژرا، چەندین کەس بریندار بوون و دەیان ژن و پیاویش دەستبەسەر کران.

بەڵام ئەوەی لە شەقامەکانی هێراتدا ڕووی دا، لە ڕاستیدا بریتی بوو لە ڕووبەڕووبوونەوەی دوو جیهانبینی: لە لایەکەوە ڕژێمێکی کە مانەوەی خۆی لە تەسلیم بوون و بێ ئیرادەیی موتڵەقی ژنان و سڕینەوەیان لە کایە گشتییەکاندا دەبینێتەوە و لە لایەکی ترەوە مرۆڤگەلێکی کە تەنانەت لە تاریکترین بارودۆخیشدا، دەست لە مافی خۆیان بۆ ژیان هەڵناگرن.

لەو ڕۆژەوە کە تاڵیبان لە ئاگۆستی ٢٠٢١دا سەرلەنوێ دەستی بە سەر ئەفغانستاندا گرتەوە، ژنانی ئەم وڵاتە هەنگاو بە هەنگاو لە هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی وەدەرنران. قوتابخانەکانی کچان داخران. زانکۆکان دەرگاکانی خۆیان بە ڕووی ژناندا بەست. مافی کارکردنیان لێ زەوت کرا. هاتووچۆ کردنیان لەگەڵ کۆمەڵێک بەربەست و ئاستەنگی جیددی بەرەوڕوو بۆوە. سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ بە توندوتیژترین شێوازی مومکین بەکردەوە دەرهات. وەزارەتی « فەرمان بە چاکە و ڕێگری لە خراپە» بوو بە باڵی جێبەجێکاری ئەم سڕینەوە هەنگاو بە هەنگاوە.

ئەم کردار و سیاسەتانە لە زومرەی توخمە پێکهێنەرەکانی نەزمێکن کە تێیدا ژن بوونێکی جیاواز، سەربەخۆ و خاوەن ئیرادەی نییە، نەزمێکی کە ژن بە مۆڵکی بنەماڵە دەزانێت، نەک بە مرۆڤێکی ئازاد. لەوەش گرنگتر، ستەم لە سەر ژنانی ئەفغانستان تەنیا لە ئایدۆلۆژیای ئایینییەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکوو ئەم ستەمە لەگەڵ پێوەندییە ئابووری، چینایەتی و سیاسییەکاندا ئاوێتە بووە. ئەو ژنانەی کە لە مافی خوێندن و کارکردن بێبەش دەکرێن، هەمان ئەو ژنانەن کە ئەرکی سەرەکیی چاودێریکردنی منداڵان، بەساڵاچووان و نەخۆشەکانیان لەسەر شانە، بەبێ ئەوەی ئەم کارە کۆمەڵایەتییە گەورەیە بە فەرمی بناسرێت. لە کۆمەڵگەیەکدا کە ملیۆنان مرۆڤ لەگەڵ هەژاری، بێکاری و نائەمنیدا دەستەوێخەن، یەکەم قوربانییەکان بەردەوام ژنانی کرێکار و زەحمەتکێشن. زەوتکردنی سەربەخۆیی ئابووریی، ژن مەحکووم دەکات بە وابەستەیی موتڵەق بە پیاو، لەوانە باوک و هاوسەر یان برا و ئەم وابەستەییەش باشترین ئامرازی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییە لە دەستی دەسەڵاتدا.

ژنێکی کە داهاتی سەربەخۆی نەبێت، نە توانای ڕاکردن و خۆ دەربازکردنی هەیە لە توندوتیژیی بنەماڵەیی و نە هێزی ڕێکخستنی نارەزایەتیی مەدەنی و بەم شێوەیە دەسەڵات بە هەژار ڕاگرتنی سیستماتیکی ژنان، پۆتاسێلی شۆڕشگێڕانەی ئەوان کۆنترۆڵ دەکات.

لەم ناوەدا، ئەزموونی ئێران ڕووناکییەکە کە نابێت لەبەرچاو نەگیرێت. لە پاییزی ١٤٠١دا، بە کوژرانی ژینا ئەمینی بە دەستی گەشتی ئێرشاد، بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی» سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە. ژنانی ئێران لە سەر شەقامەکاندا لەچکەکانی خۆیان ئاگر تێبەردا.

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٤ - جۆزەردانی ١٤٠٥ - ژوەن ٢٠٢٦

کۆماری ئیسلامی بە تەواوی ئامێرەکانی سەرکوتی خۆیەوە لەوانە کوشتاری سەرشەقام، لەسێدارەدان، بەندکردن و ئەشکەنجە لەڕادەبەدەر هاتە مەیدان، بەڵام نەیتوانی بڵێسەی ئاگری ئەم مانگرتنە مەدەنییە خامۆش بکات. ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی هەرگیز تەسلیمی هەڵوەشاندنەوەی فەرمیی یاسای حیجابی زۆرەملێ نەبوو، بەڵام لە کردەوەدا ناچار بە پاشەکشە بوو. ئەمڕۆ لە شەقامەکانی تاران، ئیسفەهان، شیراز و شارەکانی تری ئێران، زۆرێک لە ژنان بەبێ حیجابی زۆرەملێ هاتووچۆ دەکەن. کۆنەپەرستان لە ئاست خۆڕاگریی ژنانی خەباتکاردا سەریان لە بەرد درا. ئەم ئەزموونە نیشانی دا کە تەنانەت سەرسەختترین دەسەڵاتە ئایینییەکانیش لە بەردەم ئیرادەی بەکۆمەڵ و یەکگرتووانەی ژناندا خۆ ناگرن، بەمەرجێک ئەو ئیرادەیە ببێتە خۆڕاگرییەکی ڕێکخراو و بەردەوام.

البتە نابێت ئەم دوو ئەزموونە بە تەواوی وەک یەک سەیر بکرێن، بەڵام پەیامە بنەڕەتییەکە هەریەکە، ئەویش ئەوەیە کە سەرکوت ناتوانێت ئیرادەی ژیان بۆ هەمیشە لاواز بکات.

ئەوەی کە تایبەتمەندی دەبەخشێت بە نارەزایەتییەکانی هێرات، بریتییە لە چەند خاڵ.

یەکەم: نارەزایەتیی ئاشکرا لەدژی تاڵیبان لە ئەفغانستان، دیاردەیەکی یەکجار دەگمەنە. لە کەشوهەوایەکدا کە ترس تێیدا باڵادەستە و باجی خۆڕاگریی تێیدا گیانی مرۆڤە، هاتنە سەر شەقام خۆی لە خۆیدا کارێکی بوێرانەیە.

دووەم: ئەم نارەزایەتییانە تەنیا لەلایەن ژنانەوە نەبوو، بەڵکوو پیاوان، گەنجان و بنەماڵەکانیش بەشدار بوون. ئەمە نیشان دەدات کە نارەزایەتی دژ بە سیاسەتەکانی تاڵیبان چوارچێوەی «پرسی ژنان»ی تێپەڕ کردووە بووە بە پرسێکی کۆمەڵایەتی.

سێیەم: هێرات بەردەوام یەکێک بووە لە کراوەترین و فەرهەنگیریترین شارەکانی ئەفغانستان، شارێکی خاوەن نەریتێکی مێژوویی دێرین لە زانست، هونەر و بازرگانی. ڕاپەڕینی خەڵکی ئەم شارە، واتایەکی سەمبولی و هێمایی چەند هێندەی هەیە.

بەڵام خەباتی ژنانی ئەفغانستان ناتوانرێت تەنیا لە پرسی هەڵبژاردنی پۆششدا کورت بکرێتەوە. ئەوان بۆ مافی خوێندن، مافی کارکردن، مافی بەشداریکردن لە کاروباری کۆمەڵایەتی و بنیاتنانی داهاتووی وڵاتەکەیاندا خەبات دەکەن. ئەوان وەک مرۆڤێکی ئازاد و یەکسان لەپێناو مافی ژیاندا خەبات دەکەن.

ئەم خەبات و تێکۆشانە، نەبەردێکە لەپێناو مافی پەروەردە: بۆ کردنەوەی ئەو دەرگا داخراوانەی کە نەوەی نوێی کچان مەحکووم بە نەخوێندەواریی مەتڵەق دەکات. مافی کارکردن، بۆ ڕزگاربوون لە چنگ هەژاریی سەپێندراو و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی دارایی. مافی ئامادەبوونی سیاسی و بڕیاردان بۆ بەشداریی چالاکانە لە دیاریکردنی چارەنووسی وڵات و کۆتایی هێنان بە تاکدەنگیی پیاوانە و قۆرغکارییانەی تاڵیبان.

لە ڕاستیدا، ئەمە خەباتێکە بۆ بەدەستهێنانەوەی «مرۆڤایەتیی زەوتکراو»، شەڕێکی بەتەواو مانایە بۆ ژیان وەک هاوڵاتییەکی ئازاد، یەکسان و خاوەن چارەنووس. ژنانی ئەفغانستان، وەک چۆن لە شاری هێرات نیشانیان دا، تەنیا قوربانیی بێدەنگی مێژوو نین، بەڵکوو ئەوان بەشێکن لەو هێزەی کە دەتوانێت داهاتوویەکی جیاواز بخوڵقێنێت.

********

# کارکردنی منداڵان، کارەساتێکی مرۆیی
# وتەیەک بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی قەدەغەکردنی کارکردنی منداڵان

هەینی ١٢ی ژوئەن بەرامبەر لەگەڵ ٢٢ی جۆزەردان، ڕۆژی خوێندنەوەی دووبارەی یەکێک لە قووڵترین و بەئازارترین برینەکانی سەر جەستەی مرۆڤایەتیی هاوچەرخە، ڕۆژی خەبات لەدژی کارکردنی منداڵان. ئەم بۆنەیە کە ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی لەلایەن «ڕێکخراوی جیهانیی کار» (ئای ئێڵ ئۆ) ناسێندرا، هەوڵێک بوو بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتی بۆ سەر چارەنووسی ملیۆنان منداڵ کە پێش فێربوونی ئەلفوبێی ژیان، تامی تاڵی چەوسانەوە، ئارەقڕشتن و هەرەسهێنانی خەونەکانیان دەچێژن لەنێوان بەرداشی بێبەزەیی ئابووریی سەرمایەداریدا. واقیعییەتی کارکردنی منداڵان، چیرۆکێکی دووبارە و بەردەوامی هەژاری و چەوسانەوەیە، کارەساتێکی کە لە وڵاتانێکی ژێر دەسەڵاتی سەرمایەداریی سەرەڕۆی وەک ئێران، ڕەهەندگەلێکی هاوشێوەی کۆیلایەتیی هاوچەرخی بەخۆیەوە گرتووە.

سەبارەت بە ژمارەی ڕاستەقینەی منداڵانی کار لە جیهاندا، هیچ کات ئامارێکی ورد و بێکەموکوڕی بوونی نەبووە، چونکە زۆربەی حکومەتەکان، بەتایبەت لە وڵاتانی لەحاڵی گەشەسەندندا، خۆیان لە خستنەڕووی ئاماری ڕاستەقینە دەدزنەوە تا ڕووی دزێوی هەژاری و بێتوانایی خۆیان لە دابینکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بشارنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕاپۆرتە هەژێنەرەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، دیمەنێکی گشتی لەم بەڵا مرۆییە دەخەنە ڕوو:

بەگوێرەی ڕاپۆرتی سندوقی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونیسێف): لانیکەم ٢١٥ ملیۆن منداڵی تەمەن ٥ تا ١٧ ساڵ بە شێوەی کرێگرتە یان بێکرێ، زیاتر لە ٤٠ کاتژمێر لە هەفتەیەکدا لە پیشە سەختەکاندا کار دەکەن. لە نێوان ئەم ئامارە لانیکەمەدا، زیاتر لە ١١٥ ملیۆن منداڵ لەو کارانەدا چالاکن کە ڕاستەوخۆ هەڕەشە لە تەندروستیی جەستەیی، دەروونی و ڕەوشتییان دەکات.

هەژێنەرترین ئامار، ئاماری ڕێکخراوی جیهانیی کارە کە ئاشکرای دەکات ساڵانە ٢٢ هەزار منداڵ لە کاتی کارکردندا گیانیان لەدەست دەدەن.

مەودای چەوسانەوەی منداڵان بەقەد بازاڕی کاری گەورەساڵان بەربڵاوە، لە کرێکاریی کشتوکاڵ و کێڵگەکانی تەمباکۆوە بگرە تا پیشەسازیی ڕستن و چنین، کانە قووڵ و تاریکەکان، کاری ناوماڵ و کارە خزمەتگوزارییەکان. بەڵام کارەساتبارترین لایەنەکانی ئەم چەوسانەوەیە، بریتییە لە بەکارهێنانی منداڵان لە ململانێ سەربازییەکان، تۆڕەکانی تاوانکاری، قاچاخی مادده هۆشبەرەکان، پۆرنۆگرافیی منداڵان و گەشتیاریی سێکسی. شایانی باسە کە ئەمڕۆ تەنانەت تەکنەلۆژیا دیجیتاڵییەکانیش بە هانای چەوسێنەرانەوە هاتوون و منداڵان لە دروستکردنی کایە کامپیۆتەرییەکان یان فیلمەکانی کاتبەسەربەردن، بەمەبەستی سوود و تیجارەت بەکاردەهێنرێن.

ڕێژەی باوی کارکردنی منداڵان، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هێز و توانای چینی کرێکار و پێکهاتەی سیاسیی وڵاتەکانەوە هەیە. لە وڵاتە پێشکەوتووە پیشەسازییەکاندا، خەباتە مێژووییەکانی کرێکاران و خەڵکی پێشکەوتنخوازانە توانیویەتی هەندێک یاسای پارێزەر و مرۆیی بەسەر خاوەن سەرمایە و حکومەتەکانیاندا بسەپێنێت، ئەگەرچی لەو وڵاتانەش لەوانە لە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) منداڵانی کار زیاتر لە نێوان منداڵانی کۆچبەرانی بێبەڵگە و کرێکارانی بێناسنامەی فەرمیدا سەر هەڵدەدەنەوە کە لە ترسی دەرکردنیان لە وڵات، ناچارن دژوارترین کار قبووڵ بکەن بە حەقدەستێکی زۆر کەم.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، لە کاتێکدا دامەزراوە حکومییەکانی ئێران بە نهێنیکاری بەردەوام و شاردنەوەی ڕاستییەکان، باس لە بوونی نزیکەی ٣ ملیۆن منداڵی کار دەکەن، ڕێکخراوە سەربەخۆ پیشەییەکان و ئامارە نافەرمییەکان ژمارەی ڕاستەقینەی ئەم منداڵانە تا ٧ ملیۆن کەس دەخەملێنن. جیاوازیی ئەم ژمارانە نیشانەی ڕەهەندە بەربڵاوەکانی دیاردەیەکە کە دەسەڵات نایەوێت بەرپرسیارێتییەکەی بگرێتە ئەستۆ.

بەشێکی زۆری ئەم منداڵانە کە لە تەمەنی ٥ تا ١٥ ساڵیدان، منداڵانی بنەماڵە کرێکارییەکان، زەحمەتکێشان و پەراوێزنشینانی شارەکانن. دابەزینی لەڕادەبەدەری بەهای ڕیاڵ، هەڵاوسانی سەرووی ٥٠ لەسەد، بێکاریی پێکهاتەیی و لەخوارەوەبوونی حەقدەستی کرێکاران بووەتە هۆی ئەوەی کە سەرپەرشتی بنەماڵەکان توانای دابینکردنی بژێوی و تێرکردنی سکی منداڵەکانیان نەبێت. بەو هۆیەوە، منداڵان لە جیاتی ئامادەبوون لە پۆلەکانی خوێندن، یاری لەگەڵ هاوتەمەنەکانیان و ئەزموونکردنی قۆناغی گەشەی سروشتی، ناچارن بچنە ناو بازاڕی بێبەزەیی کارەوە تا پارووە نانێک بۆ تێرکردنی سکی بنەماڵەکانیان پەیدا بکەن.

منداڵانی کار لە ئێران، شەو و ڕۆژی خۆیان لە بارودۆخێکی کۆیلەئاسادا بەسەر دەبەن لەوانە لە: ناوەندە شێدارەکانی فەرشچنین، کورەخانەکانی خشت و کارگە ژێرزەمینییەکانی بەرهەمهێنانی پێڵاو و پۆشاک، خاوێنکردنەوەی شووشەی ئۆتۆمبێلەکان لەسەر چوارڕێکان، کۆڵبەری و باربەری لەناو بازاڕەکان، سواڵکردن، فرۆشتنی فاڵ، بنێشت و دەسماڵ کاغەزی. یەکێک لە شەرمەزارانەترین دیمەنەکانی شارە گەورەکانی ئێران، بریتییە لە کارکردنی منداڵان (لەوانە ژمارەیەکی زۆر لە منداڵانی کۆچبەری ئەفغانستانی) لەناوەندەکانی کۆکردنەوەی زبڵ وخاشاک. ئەم منداڵانە لەلایەن بەڵێندەرانی شارەوانی و مافیای دووبارە بەکارهێنانەوەی زبڵ و خاشاکەوە، بە حەقدەستێکی زۆر کەم و بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ چەشنە ڕێکارێکی تەندروستی، لە خراپترین بارودۆخی ژیاندا بەکاردەهێنرێن.

بەڵام کاری پیشەیی تەنیا ستەمێک نییە کە دەرهەق بە منداڵانی ئێران دەکرێت. سیستەمی دەسەڵاتدار کۆمەڵێک زیان و ئازاری بەسەر شانی ئەم نەوەیەدا سەپاندووە، لەوانە: ئەو یاسا و ڕێسا کۆنەپەرستانەی کە ڕێگە بۆ هاوسەرگیریی کچانی کەم تەمەن خۆش دەکەن و ئەوان بەرەو ڕەوتی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی هەژاریی و بێبەشی، پەلکێش دەکەن. پەرەسەندنی لەڕادەبەدەری ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان لە نێو منداڵانی کار وەک ئامرازێک بۆ هێورکردنەوەی ئازاری کارە سەخت و تاقەتپڕووکێنەکان یان بەهۆی کێشە و زیانەکانی بنەماڵەوە، لە لێدانی جەستەیی لە هەندێک لە قوتابخاکانەوە بگرە تا ڕەفتاری توندوتیژی گەشتەکانی شارەوانی لەگەڵ منداڵانی سەر شەقام، سەپاندنی حیجابی زۆرەملێ بەسەر کچانی منداڵ لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییدا، پەلکێشکردنی زۆرەملێی منداڵان بۆ ڕێوڕەسمە حکومییەکان و خراپبەکارهێنانیان لەژێر ناوی «منداڵانی بەسیج» بۆ پڕوپاگەندە یان بەکارهێنانیان لە سەرکوتکردنی خەڵکی نارازیدا.

کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی ڕواڵەتی زۆرێک لە پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی لەوانە «کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵانی» ئیمزا کردووە. بەڵام ئەم قبووڵکردنە تەنیا لایەنێکی ڕواڵەتی، نمایشکاری و ئامرازیی هەیە بۆ خستنەڕوو لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا. ئەگینا لە مەیدانی کردەودا، نەک هەر هیچ هەنگاوێکی جیدی و کاریگەر هەڵناگیرێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی کاری منداڵان، بەڵکوو بودجە پاڵپشتییەکان بۆ ڕێکخراوەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی و دامەزراوە مەدەنییەکان ساڵ بە ساڵ کەمتر دەکرێنەوە تا گیرفانی کەمینەیەکی دەسەڵاتدار و بودجە سەربازی-ئەمنییەکان پڕتر بێت.

کارکردن، بژاردەیەکی وشیارانە و ئارەزوومەندانەی هیچ منداڵێک نییە. ئەمە بازاڕی بێبەزەیی سەرمایە و هەژاریی سەپێندراوە کە نەمامی تەمەنی ئەم منداڵانە پێش چرۆکردن، سیس و ژاکاو دەکات. خاوەن سەرمایەکان لەم هێزی کارە هەرزان، بێبیمە، گوێڕایەڵ و بێ دیفاعە، ئەوپەڕی سوود وەردەگرن.

کەواتە، بۆ کۆتاییهێنان بەم کارەساتە بەردەوامە، نابێت دڵ بە بەڵێنە پووچ و بێ بنەماکانی حکومەت یان کارە خێرخوازی و کاتییەکان خۆش بکرێت. ڕێگای ڕزگاربوونی منداڵانی کار لەم کۆیلایەتییە هاوچەرخە، بریتییە لە گرێدانی بزووتنەوەی هەڵوەشاندنەوەی کاری منداڵان بە خەباتی سەراسەری و چینایەتی لەدژی پێوەندیی چەوسێنەرانە و ئەو ڕژێمەی کە پاڵپشتی لێدەکات. تەنیا بە لەناوبردنی ئەو پێکهاتەیەی کە قازانجی بەلاوە گرنگترە لە گیانی مرۆڤەکان و بە یەکگرتوویی و هاوخەباتی کرێکاران، موعەلیمان، ژنان و کۆمەڵانی خەڵکی بێبەش و ستەملێکراو، دەکرێت کۆمەڵگایەکی دادپەروەر بنیاد بنرێت کە تێیدا هەر منداڵێک بەبێ لەبەرچاوگرتنی، ڕەگەز و نەتەوە و ئەوەی کە سەر بە چ چین و توێژێکی کۆمەڵایەتییە، خۆی لەپشت مێزەکانی قوتابخانە، لەناو پارکەکانی یاریکردن و لە ئامێزی پڕ لە میهرەبانیی ئاسایش و خۆشگوزەرانیدا ببینێتەوە.

ئەم خەباتە هاوبەشە، وەفاداریی ڕاستەقینەی ئێمەیە بە ویژدانی وەخەبەر هاتووی مرۆڤایەتی لە ڕۆژی جیهانیی خەبات لەدژی کارکردنی منداڵاندا.

********

# پرۆژەی سنوردارکردنی چەکداری!



ن: عوسمانی حاجی مارف

عەلی زەیدی جەخت لەسەر پابەندبونی خۆی بە پرۆژەی بەرتەسکردنەوەی چەک لە دەرەوی پێکهاتەی حکۆمەتدا دەکات، بەو مانایەی دەیەوێت بڵێت هەنگاوێکە و ڕەنگدانەوەی ئیرادەی حکومەتە بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی دامەزراوە ئەمنی و یاسایەکان، بەڵام ئاشکرایە لە دۆخی سیاسی ئێستای عێراق و دەخالەتی ئێران لە عێراقدا، ئەم ئاراستەیە بۆ سنوردارکردنی چەکداری ڕوبەڕوی ئاستەنگی و تەحەدای جدی و بەرچاو دەبێتەوە، هەرئەوەی کە دەبینین بەشێکی زۆری میلیشیاکانی لایەنگری ئێران ڕەتی دەکەنەوە دەستبەرداری چەکەکانیان بن، تەنانەت هەندێک لە فراکسیۆنەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی هەڕەشەیان کردووە کە ئەگەر ئەم ڕێبازە جێبەجێ بکرێت، لە هاوپەیمانی شیعە دەکشێنەوە.

گوتاری زەیدی لەبارەی چەکداماڵینی هێزە میلیشیاکانەوە گوایە ئەولەییەتێکە ناتوانرێت دوابخرێت، بەمەش دەرگای بەڕووی شەڕێکدا کردۆتەوە، کە لە جێبەجێکردنیدا ئەگەری هەیە ببێتە دۆخێکی نالەبارتر. هەر دوای چەند ڕۆژێک، لەلایەن کەتایبی حزبوڵڵا وە لە عێراق وەڵام بەزەیدی درایەوە، کە دەڵێن ئەو چەکداریە ئەرکێکی بە کۆمەڵ و جیهادیە، ئەو کەسانەی هەڵیانبژاردوە و خۆیان ڕێکخستووە، وازی لێناهێنن. ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ڕەتکردنەوەی هەوڵەکانی حکومەتی زەیدی لە هەوڵیدا بۆ کۆنترۆڵکردنی بڵاوبونەوەی چەک. لەکاتێکدا کەتایبی حزبوڵڵا دەوڵەتێکیان دەوێت هێزی چەکداری سەربەخۆ قەبوڵ بکات.

ئەو هێزانەی لە چوارچێوەی هەماهەنگیدا عەلی زەیدیان گەیاندە سەرۆکایەتی، هەندێک پشتیوانی بۆ پرۆژەکانی قەبوڵ دەکەن. بەڵام ئەم پشتگیریە مەرجدارە و پڕە لە ڕەخنەی نەوتراو، چونکە هەندێک لە گروپەکان خاوەنی باڵی چەکدارین کە سەرچاوەی دەسەڵاتی موزایەدەکردنیان پێکدەهێنێت، واتە لەگەڵ هەر ڕاگەیاندنی پشتیوانیەکیان بۆ پرۆژەکە، تەنها لەبەر ئەوەیە نایانەوێت ببێتە ململانێ و کێشەیەک کە پێشوەختە دەزانن ئاکامەکەی دۆڕاندنە، بۆیە هەوڵئەدەن ژێربەژێر بەر بەخودی پرۆژەکە بگرن.

لەلایەکی دیکەوە لیواکانی سەید شوهەدا هەڵوێستێک دەپارێزن کە هەر جۆرە گفتوگۆیەک لەسەر ئەو پرسە ڕەتدەکەنەوە، ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە کە هەڵوێستیان سەبارەت بە تەسلیم نەکردنی چەکەکان پتەو و نەگۆڕە. کەتایبی حزبوڵڵا لەوە زیاتر دەڕوات و پرسی چەک بە نیگەرانیەکانی ئەمنی ناوچەکە دەبەستێتەوە، پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە تا ئەوکاتەی هێزە بیانیەکان لە هەرێمی کوردستان جێگیرکراون وەک بەشێک لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، ئامادەنین گفتوگۆ لەسەر چەکەکانیان بکەن.

هەرچەندە پرۆژەی سنووردارکردنی چەک پاڵپشتیەکی سیاسیشی هەیە لەنێو خودی هێزە میلیشیاکانیشدا وەک موقتەدا سەدر، بەڵام جێبەجێکردنی کردەیی و ئاسان نیە و زیاتر بە سیناریۆ دەچێت تا جدی بون بێت لە جێبەجێکردنی پرۆژەکە، چونکە هێشتا بەربەستەکانی پەیوەست بە هەڵوێستی هەندێک کوتلە چەکدارەکان ڕەتی دەکەنەوە چەکەکانیان ڕادەست بکەن و نایانەوێت تێکەڵ بە دامەزراوە فەرمیەکانی حکومەت بکرێن.

لەنێو ئەو میلیشیایانەدا لیواکانی حزبولّای عێراق و بزووتنەوەی نوجەبا لە بۆنە جیاوازەکاندا بەئاشکرا دووپاتی دەکەنەوە کە چەکەکانیان چەکی «بەرگریە» دەڵێن تا بونی سەربازی ئەمریکی لەسەر خاکی عێراق دەمێننەوە، چەکەکانیان ڕادەست ناکەن، هەڵبەتە ئاشکرایە کە دوای ئەوەش هەر ڕادەستی ناکەن!، ئەم هەڵوێستە جیاوازیەکی بنەڕەتی لەبەرامبەر هەوڵی عەلی زەیدیدا ئاشکرا دەکات، کە سنووردارکردنی چەک بە ئەرک و پێداویستیەک دەخاتەروو کە گوایە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتە، بەڵام دیدگا و ئاراستەی هەندێک لایەن، ئایندەی چەکەکانیان بە ڕەچاوکردنی ناوچەیی و ئەمنیەوە دەبەستنەوە کە سنوورەکانی عێراق تێدەپەڕێنن.

پێدەچێت پرسی کۆنترۆڵکردنی چەک بووبێتە تاقیکردنەوەی ڕاستەقینەی توانای حکومەت بۆ بەرجەستەکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی، بەتایبەتی کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا دروشمی هاوشێوەیان بەرزکردۆتەوە، بەڵام ڕوبەڕوی ئاستەنگی سیاسی و ئەمنی بونەتەوە، کە ڕێگری لە جێبەجێکرنی ئەو ئاراستەیە کردوە. هەڵبەتە ئێستا تارادەیەک دۆخەکە بەجۆرێک جیاوارە، بەتایبەتی کە دۆخی دوای شەری چل ڕۆژەی ئەمریکا و ئێرانە، فرسەتی داوە بەزەیدی مراوەغەیەک لەوبارەیەوە بکات.

گومانی تیا نیە سەرنەکەوتنی پرۆژەی کۆنترۆڵکردنی چەک پەیوەستە بە دۆخی سیاسی عێراق و پێکاهاتەی حکومەت لەسەرەتاوە بەتایبەتی باڵادەستی ئێران بەسەر عێراقدا و دەخالەتی بەردەوامی لە پێکهێنانی حکومەتەکاندا، لە هەمانکاتدا چۆنیەتی پەیوەندی نێوان دەوڵەت و کوتلە چەکدارەکان و هاوسەنگی سیاسی لەناو خودی گروپە شیعەکاندا.

لەکاتێکدا حکومەتەکان وەهایان نیشانداوە بەو ڕێگایەدا دەڕۆن کۆنترۆڵی چەکداری دەکەن و نەیانتوانیوە جێبەجێی بکەن، کێشەکە ئەوەیە کە خودی ئەو هێزە میلیشیایانە هەمیشە بەشێک بون لە پێکهێنانی حکومەتەکان، لەلایەکی تریشەوە کۆماری ئیسلامی لەرێگەی هێزەکانی پاشکۆی خۆی وەک هێزی میلیشیا دەوری سەرەکیان دیوە لە ڕەواجدان بە بونی هێزی چەکداری لەدەرەوەی دەزگاکانی حکومەتی عێراقدا، بەتایبەتی لە پێکهێنانی هێزەکانی حەشدی شەعبیدا کە بۆتە وزەی دەسەڵاتی شیعە، ئیستاش جگە لە دۆخێ دوای ڕاگرتنی شەری ئەمریکا و ئێران، چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتی عێراق ئاڵوگۆری بەسەردا نەهاتووە، بەو مانایەی هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگێ کە ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا دەبینین و ئێران هاوپەیمان و پشتیوانیانە، دوای ئەو شەرەش لە شوێنی خۆیاندا ماون. حکومەتێک لە عێراقدا لەسەر بنەمای بەشبەشێنە و ڕێکەوتنی نێوان هێزە تائیفی و ئیسلامی و نەتەوەپەرستی پێکدەهێنرێت و جەختی لەسەرکراوەتەوە، ئاشکرایە کە حەشدی شەعبی پایەیەکە بۆ هێزە شیعەکان و ئێران، ڕۆشنە کە دەستبەرداری نابن، بۆیە عەلی زەیدەیش بە هەمان پرۆسەی بنبەستی حکومەتەکانی پێش خۆی هەنگاو دەنێت و لە هاوسەنگی نێوان پێداویستییەکانی ئاسایش و سەقامگیری و ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا دەرگیردەبێت، لە هەمانکاتدا لە دۆخێکی ئاڵۆزتری ناوچەکە و عێراقدا مامەڵە دەکات.

پرسی کۆنترۆڵکردنی چەک تاقیکردنەوەی پێشوەختەیە بۆ حکومەتەکەی ئەلزەیدی، ئەمەش لەبەر ئەوە نیە کە تاکە پرس یان زەقترین پرسە لە کارنامەی عێراقدا، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئەو پرسەیە کە بە ڕوونی ئاشکرای دەکات کە ئایا دەوڵەت بە پرەنسیپی دامەزراوەیی و دەزگا فەرمیەکان بەڕێوەدەچێت یان بەپێی لۆژیکی بەردەوامی بەشبەشینە و هێزی میلیشیا و دابەشکردنی دەسەڵات بەردەوام دەبێت لە کارکردندا.

پرۆسەی شکستهێنانی زەیدی لەسەر ئەم پرسە نەک هەر خەسارەیەکی سیاسیە بۆ حکومەتەکەی، بەڵکو بازنەی ئەو قەیرانانە بەرهەم دەهێنێتەوە کە عێراقی گرتۆتەوە، هەروەها ئەو هاوکێشەیە لاوازتر دەردەکەوێت کە بانگەشەی زاڵبونی یاسا و دەستور دەکات!.

ساڵانێکە عێراق لە ناوچەیەکی خۆڵەمێشیدا ماوەتەوە لەنێوان دوو وەڵامدا، هەر سەرۆکوەزیرانێک بەڵێنی ئەوە دەدات کە ئەم بوارە دیاری بکات و چارەسەری بکات بەڵام کە پۆستەکەی بەجێدەهێڵێت هێشتا ئەو پرسە لە شوێنی خۆیدایە. هاوکات ئەلزەیدی بەردەوامە لە هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسە ئاڵۆزە بە ئامادەکاری بۆ کۆبونەوەیەکی فراوان لەگەڵ سەرکردە ئەمنیەکان و نوێنەرانی ئەو میلیشیایانە کە ئامادەیی خۆیان بۆ ڕادەستکردنی چەکەکانیان بە دەوڵەت ڕاگەیاندوو.

لەلایەکی تریشەوە ئەوەی سەرنجراکێشە، ئەو هێزانەی کە بڕیارە پشتگیری سیاسی لەم پرۆژەیەدا پێشکەش بە حکومەت بکەن، هەمان ئەو هێزانەن کە خاوەنی هێزی میلیشیان و حکومەت داوایان لێدەکات دەستبەرداری چەکەکانیان بن، ئەمەش ناکۆکی جێبەجێکردنی پرۆژەکە نیشان ئەدات، چونکە گەر لەباری عەملی و واقعیەوە کارێکی لەو چەشنە ئەنجام بدرێت، مانای کۆتایی دەسەڵاتی چوارچێوەی هەماهەنگی و دەخالەتی ئێرانە، بۆیە هەوڵەکانی چونە ناو پرۆسەی ئەم پرۆژەیە زیاتر بە سیناریۆ دەچێت، تا ئەوەی پێشبینی بکرێت لەسەرەوە ئاڵوگۆر لە حکومەتی عێراقدا بکرێت، یان هەوڵێکی بێهودەیە وناکرێت.

ئاڵوگر لە حکومەتی عێراقدا پێش هەموو شتی دەبێت راماڵین و پاکردنەوەی ئەو هێزانە بێت کەلەسەر بنەمای تائیفی و ئیسلامی و نەتەوە پەرستێ و حکومەتی بەشبەشێنە و هاوسەنگی هێزەکانیان و بە ڕێکەوتن حکومەت پێکدەهێنن، تاڵانی دەکەن و دەستکەوتەکان دابەش دەکەن.

گەر بگەڕێینەوە بۆ ڕێڕەوی حکومەتەکانی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە، هەموو سەرۆک وەزیرانێک نیازی خۆی ڕاگەیاندووە لەبەرمبەر ڕێکخستنی بڵاوبونەوەی چەک لە دەرەوەی دامەزراوە فەرمییەکاندا، لە کۆتاییدا بەناچاری خۆیان دیوەتەوە کە لە پەراوێزی پرسەکەدا دانوستان دەکەن. مالیکی وەک ئامرازێکی تایبەت دەزگای بەرەنگاربونەوەی تیرۆری دامەزراند، عەبادی دوای شکستی داعش هەوڵیدا هێزەکانی حەشدی شەعبی ڕێکبخاتەوە، کازمی بە ڕوونی پڕۆژەیەکی بۆ سنووردارکردنی چەک ڕاگەیاند، تەنها لەبەر ئەوەی ڕوبەڕوی هێرشی موشەکی دەبێتەوە.

داینامیکی دەسەڵات لەناو دامەزراوەی سیاسی شیعەدا، کە دەسەڵات و ڕکابەری لە بەرژەوەندیدا پێش عەلی زەیدی و دوای ئەلزەیدی بوونیان هەیە، جگە لەوەش پەیوەندی لەگەڵ ئێران کە پەیوەندیی دامەزراوەیی نزیک لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە گروپە چەکدارەکاندا دەپارێزێت، ڕەهەندێکی ناوچەییە کە بەردەوام دۆخی ناوخۆی عێراق ئاڵۆز دەکات.

ئەوەی شایانی باسە، لە ماددەی نۆی دەستووری عێراقدا بەڕاشکاوی باس لەوە دەکات کە پێکهێنانی میلیشیای چەکدار لە دەرەوەی چوارچێوەی دەزگا حکومیەکان قەدەغەیە. زەیدی دوای کاریگەری جەنگی ئەمریکا و ئێران لەسەر عێراق و ناوچەکە، دەیەوێت هاوسەنگیەک لە ململانێی ئەمریکا و ئێران لەسەر عێراق ڕابگرێت، بۆ ئەمەش هەوڵئەدات بەو مادە دەستوریە پرۆژەکەی جێبەجێ بکات، بەڵام واقیعی عێراق جیاوازە لە چوارچێوەیەکی تردا بەڕێوەدەچێت و بە شێوەیەکی جیاواز کاردەکات، دەستور کاری پێناکرێت، بۆیە ڕێرەوەی زەیدی لەوانەی پێش خۆی باشتر نابێت.

********

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٤ - جۆزەردانی ١٤٠٥ - ژوون ٢٠٢٦

# بنبەستی سیاسی لە تورکیا و ڕەنگدانەوە ناوچەییەکانی

تورکیا لە حەفتەکانی ڕابردوودا واتە لە(ئایار و ژوئەنی ٢٠٢٦) لەگەڵ یەکێک لە بێوێنەترین دەخالەتە دادوەرییەکان لە مێژووی هاوچەرخی خۆیدا بەرەوڕوو بووەتەوە و گەیشتووەتە لێواری دارمانی بەتەواوەتی نەزمی سیاسی. دوای چەندین ساڵ لە داخوران و لاوازبوونی بەشێنەیی دامەزراوە مەدەنییەکان، ئێستا سنوورەکانی نێوان سەروەریی یاسا و ویستی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بەتەواوی لەناو چوون. پارتی داد و گەشەپێدان (ئاکەپە) بە ڕێبەرایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، بە کۆنترۆڵکردنی بەشێکی گەورەی دەزگای دادوەری و کارگێڕیی دەوڵەت، چیتر وەک تاکە سەرچاوەی مەشروعییەت سەیری سندووقەکانی دەنگدان ناکات، بەڵکوو بە پەنابردنە بەر بڕیارە دادوەرییە داواکراو و سفارشییەکان، بەکردەوە خەریکی سڕینەوەی فیزیکی و ڕێکخراوەیی دوایین بەدیلە هەڵبژێردراوەکانە لە گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتدا.

بڕیاری ئەم دواییەی دادگایەک لە ئانکارا سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ناوخۆیی «پارتی کۆماریی گەل» (جەهەپە) کە گەورەترین پارتی ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتەیە، وەک خاڵێکی وەرچەرخان لەم قەیرانەدا دێتە ئەژمار. بەپێی ئەم بڕیارە پڕ لە مشتومڕە، «ئۆزگور ئۆزێل» ڕێبەری یاسایی و هەڵبژێردراوی پارتەکە لە پۆستەکەی دوورخراوەتەوە و «کەمال قلیچدارئۆغڵو» (سەرۆکی پێشووی پارتەکە) سەرلەنوێ بۆ ئەم پۆستە دەستنیشان کراوەتەوە.

ئەم دەستتێوەردانە ئاشکرایە، شۆکێکی گەورەی بە کۆمەڵگەی سیاسیی تورکیا گەیاند. ئامانجی سەرەکی لەم گۆڕانکارییە دەستووری و ئەندازیاریکراوە، تەنیا لاوازکردنی پێکهاتەیی و دروستکردنی لێکترازان و دووبەرەکییە لە ناو جەستەی ئۆپۆزسیۆندا. ئەم شاڵاوە هێرشکارانەیە بەتایبەت لە دوای هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی ساڵی ٢٠٢٤کە تێیدا «پارتی کۆماریی گەل» سەرکەوتنێکی مێژوویی بەدەست هێنا و بۆ یەکەم جار لە چەند دەیەی ڕابردوودا، وەک بەهێزترین هێزی سیاسیی وڵات دەرکەوت، خێراتر بوو.

دیارترین ئامانجی ئەم ستراتیژیی پەراوێزدروستکردنە، «ئەکرەم ئیمامئۆغڵو» سەرۆکی شارەوانیی ئیستانبوڵ و جیددیترین بەربژێری گونجاوی سەرۆکایەتیی کۆمارە. دەستبەسەرکردنی ئیمامئۆغڵو و زیاتر لە ١٠٠ کەسایەتیی دیاری ئۆپۆزسیۆن، ئەوە نیشان دەدات کە دەوڵەت لە جیاتی کێبڕکێ لەسەر سندووقی دەنگدان، یاسای وەک چەکێک بەکار هێناوە.

ئەم قەیرانە قووڵە سیاسییە لەسەر بنەمای وێرانکارییەکی ئابووری، خەریکە شکڵ دەگرێت. ئەمڕۆ تورکیا لەگەڵ هەڵاوسانی هەوسارپچڕاو و دابەزینی بەردەوامی بەهای دراوی نیشتمانی واتە (لیرە) دەستەویەخەیە، قەیرانێکی بژێوی کە دابینکردنی کاڵا سەرەکییەکانی بۆ کۆمەڵانی خەڵک کردووەتە کارێکی دژوار و لە هەندێک حاڵەتدا مەحاڵ.

کۆمەڵگەی تورکیا زیاتر لە هەمیشە لە بێهیوایی کۆمەڵایەتی، ڕەشبینی بەرامبەر بە داهاتوو و دابەزینی توندی متمانە بە دامەزراوە گشتییەکاندا نوقم بووە. لە ئاوا دۆخێکدا، سەرکوتکاریی سیاسی نیشانەی دەسەڵاتداری نییە، بەڵکوو سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ترسی دام و دەزگای دەسەڵات لە پۆتاسێلی تووڕەیی گشتی. بڕیاری ئەم دواییەی دادگا وەک بەنزین ئاگری ئەم ناڕەزایەتییانەی خۆشتر کرد. ئەو خۆپێشاندانە بەربڵاوانەی کە لە ساڵی ٢٠٢٥ەوە لە دوای دەستبەسەرکردنی ئیمامئۆغڵو شکڵی گرتبوو، لە ڕۆژانی ڕابردوودا بە توندوتیژییەکی زیاترەوە دەستیان پێکردووەتەوە. هێرشی هێزە ئەمنییەکان بۆ سەر بارەگای سەرەکیی پارتی ئۆپۆزسیۆن بەمەبەستی بڵاوەپێکردنی ناڕەزایان و پێکدادانە خوێناوییەکانی سەر شەقامەکان، نیشانەی جەمسەرگیرییەکی توند و گرژیی و ئاڵۆزی کۆمەڵگەیە، دۆخێکی کە پێداگریی لایەنەکان لەسەر هەڵوێستەکانی خۆیان دەتوانێت بیگۆڕێت بۆ تەقینەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بە تەواو مانا.

بەشێکی دانەبڕاو لەم چەقبەستووییە سیاسییە، بریتییە لە چارەنووسی «پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ پەکەکە». لەم بوارەشدا دەرگاکان بە ڕووی هەر جۆرە چارەسەرێکی ئاشتییانەی پرسی کورد بەتەواوی داخراون. ئەردۆغان، هۆکاری سەرەکیی ئەم بنبەستەیە. ئەو بە ڕوانگەیەکی فریوکارانە، «پرۆسەی ئاشتی» تا ئەو ئاستە بەرەوپێشبرد کە زۆرترین دەستکەوتی سیاسی و ئەمنیی دڵخوازی خۆی بۆ جێگیرکردنی بەرەی ناوخۆیی بەدەست بهێنێت، بەڵام ئێستا کە کاتی پێدانی مافە سەرەکی و مەدەنییەکانە، ئامادە نییە بچووکترین باج بدات. ئەم فریوکاریی و بەڵێنشکێنییە لە هەمبەر پرسی خەڵکی کورددا، ڕێک هاوتەریب و تەواوکەری ئەو سیاسەتەیە کە ئەمڕۆ لە دژی پارتە ئۆپۆزسیۆنە یاساییەکان لە ئانکارا و ئیستانبوڵ پێڕەو دەکرێت، واتە کپکردنی هەر دەنگێکی کە خوازیاری سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی دابەشکردنی دەسەڵات بێت لە تورکیادا.

بەڵام تورکیا بەهۆی ئەو پێگە ستراتیژی، ژیۆپۆلەتیکی و سەربازییە بێوێنەی خۆی، وڵاتێک نییە کە ناسەقامگیرییە ناوخۆییەکان لە چوارچێوەی سنوورەکانیدا قەتیس بمێنێتەوە. قەیرانی ئێستای دیموکراسی چیتر ئاڵەنگارییەکی یاسایی ناوخۆیی نییە، ئەم قەیرانە خەریکە دەبێتە «قەیرانێکی ئەمنیی ناوچەیی و نێودەوڵەتی».

دەوڵەتانی ڕۆژاوا بەهۆی پێویستییەکی زۆر بە هێز و توانای سەربازیی تورکیا لە ناتۆدا، ڕۆڵی ئەم وڵاتە لە کۆنترۆڵکردنی قەیرانی پەنابەران و پێگە ژیۆپۆلەتیکە جیاوازەکەی، هەمیشە پێیان باش بووە چاو لە سەرکوتکارییە ناوخۆییەکان، دەستبەسەرکردنی نەیاران و ئەندازیاریی دادوەریی پارتەکان دابخەن. ئەم بێدەنگییە بەرژەوەندیخوازانەیە ئەو پەیامەی گەیاند بە ئەردۆغان کە تا ئەو کاتەی ڕۆڵی خۆی لە شەترەنجی ئەمنییەتی ڕۆژاوادا بگێڕێت، دەستی بۆ ئەنجامدانی هەر جۆرە سەرکوتێکی ناوخۆیی کراوە دەبێت. ئێستا ئەم مۆدێلە لە تاکڕەوی کە بە پاڵپشتی و چاوپۆشی ناڕاستەوخۆی نێودەوڵەتی گەشەی کردووە، خۆی بووەتە مۆدێلێکی هەناردەکردن بۆ ئەو ڕژێمەکانەی دیکەی کە بەرەو تاکڕەوی هەنگاو دەنێن.

ئەمڕۆ تورکیا گەیشتووەتە خاڵێکی بێگەڕانەوە. پێداگریی ئۆپۆزسیۆن لەسەر قبووڵنەکردنی «کودەتای دادوەری» و پێداگریی بازنەی بەرتەسکی دەسەڵات لەسەر سڕینەوەی تەواوی ڕکابەرەکان، کەشێکی تەواو دوو جەمسەری، ئاڵۆز و پێشبینی نەکراوی دروست کردووە. بێگومان، لە ڕۆژانی داهاتوودا شاهیدی پەرەسەندنی گرژییەکانی سەر شەقام، ئاڵەنگارییەکی قووڵتر لە نێوان دامەزراوە مەدەنی و ئەمنییەکان و هەروەها خراپتربوونی هەرچی زیاتری دۆخی بژێویی خەڵک دەبێت. ئەوەی ئەمڕۆ لە تورکیادا ڕوو دەدات، لە چارەنووسی پارتێک یان سەرۆک شارەوانییەک تێدەپەڕێت، ئەمە شەڕێکە کە لە درێژەی خۆیدا بە چالاکبوونی ڕۆڵی چینی کرێکار و ڕەوتە چەپە خاوەن جێگە و پێگە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتە، دەتوانێت نەک هەر چارەنووسی ئوردۆغان، بەڵکوو تەواوی داهاتووی سیاسیی ئەم وڵاتە دیاری بکات.

********



# لەسێدارەدانی ئەفسانە زەندئابادی، ڕووی ڕاستەقینەی «عەداڵەت» لە کۆماری ئیسلامیدا



سیستمی دادوەریی کۆماری ئیسلامی یەکێکە لە گەندەڵترین و دژەخەڵکیترین سیستمە دادوەرییەکانی جیهانی هاوچەرخ. ئەم ڕاستییە، پوختە و دەرەنجامی چەندین دەیە سەرکوت، لەسێدارەدان، هەڵاواردن، دزیی و تاڵان و بڕۆی ڕێکخراو و بێڕێزیی موتڵەقە بە کەرامەتی مرۆڤ لەم سیستمە دادوەرییەدا.

لەسێدارەدانی ئەفسانە زەندئابادی لە بەندیخانەی تەورێز، ڕێک لە ناوەڕاستی هەراوهوریای شەڕی دژەخەڵکیی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، نموونەیەکی هەژێنەر و ئاشکرای ئەم گەندەڵی و دژایەتییەیە لەگەڵ مرۆڤ، نموونەیەکی کە لەژێر داروپەردووی شەڕ و تەبلیغاتی حکومەتدا، وەک پێویست نەبینرا و دەرکی پێنەکرا.

ئەفسانە زەندئابادی، قوربانییەک بوو کە لە جیاتی تاوانبارەکە سزا درا. ئەفسانە کچێکی گەنجی ٢٢ ساڵان بوو کە ڕۆژی ٢٨ی گوڵانی ١٤٠٥ لە بەندیخانەی ناوەندیی تەورێز لەسێدارە درا. تۆمەتی فەرمی ئەو بریتی بوو لە «تاوانەکانی پێوەندیدار بە ماددەی هۆشبەر»، بەڵام چیرۆکی ژیانی، چیرۆکی قوربانییەکی کلاسیکی توندوتیژیی بنەماڵەیی، دەستدرێژیی سێکسی و چەوساندنەوەی ئابووری بوو.

ئەفسانە ساڵانێک لەمەوبەر باوکی لەدەستدابوو. لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا، دایکی لەگەڵ پیاوێک بە ناوی ئەسەدوڵڵا خانبەگی، کە پیشەی تایەفرۆشی بوو، هاوسەرگیری کرد و ئەفسانە بە ناچاری چووە ماڵی ئەو. هەر لە سەرەتاوە، زڕباوکی ڕێگەی پێ نەدا درێژە بە خوێندنەکەی بدات، پچڕانی ڕێگەی خوێندن و سەربەخۆیی، یەکەم هەنگاوە بەمەبەستی ئامادەکردنی قوربانی بە مەبەستی باڵادەستی و خراپ بەکارهێنان.

لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا، زڕباوکی ئۆتۆمبێلێکی پژۆ ٢٠٦ی بۆ کڕی، نەک وەک دیاریی ڕۆژی لەدایکبوون، بەڵکوو وەک ئامرازێک بۆ قاچاخکردنی ماددەی هۆشبەر. ئەو ئەم ئۆتۆمبێلەی بۆ ڕاگرتن و گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر بەکاردەهێنا و لە هەمان کاتدا، بە بەڵێنی دەوڵەمەندبوون و ژیانێکی تێروتەسەل، ئەفسانەی بە شێنەیی بردە ناو ئەم گێژاوەوە. ئەم «ئامادەکردنە هەنگاو بە هەنگاوە» ڕێک ئەو پرۆسەیەیە کە لە ئەدەبیاتی یاساییدا بە «گرووmینگ» دەناسرێت، واتە ئامادەکردنی سیستماتیکی قوربانی بۆ خراپ بەکارهێنان.

بەڵام تاوانەکە تەنیا ئابووری نەبوو. ئەفسانە لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییدا بە ڕاشکاوی ووتی کە زڕباوکی چەندین جار دەستدرێژیی سێکسی کردووەتە سەری و بە هەڕەشەی گیانی و دەروونی، ناچاری کردووە بێدەنگ بێت و هاوکاریی بکات، بە ڕادەیەکی کە ئەو تەنانەت توانای گێڕانەوەی ڕاستییەکانی بۆ دایکیشی نەبوو. ئەم بابەتەی لە بەندیخانەشدا بۆ هاوبەندییەکانی گێڕابووەوە.

سەرەنجام، پۆلیس ٢٥ کیلۆگرام ماددەی هۆشبەری لە ئۆتۆمبێلەکەی ئەفسانەدا دۆزییەوە، ئەو دەستبەسەر کرا و لە دادگای ڕژێمدا سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا. زڕباوکیشی بۆ ماوەیەک دەستبەسەر کرا، بەڵام لەبەر ئەوەی لە کاتی دەستگیرکردنیدا «بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ» ماددەی هۆشبەری پێ نەبوو، ئازاد کرا و تەواوی قورسایی یاسایی و دۆسیەکە کەوتە ئەستۆی کچێکی گەنج، هەژار، بێپەنا و ئازارچێشتوو. لێرەدا یەکەم سیمای ڕاستەقینەی گەندەڵیی سیستمی دادوەری بە ڕوونی دەردەکەوێت: قوربانی سزا دەدرێت و هۆکار و سەبەبکاری سەرەکیی توندوتیژی و چەوساندنەوە، خۆی لە هەر دەرەنجامێکی یاسایی جددی دەرباز دەکات.

ئەو سیستمە دادوەرییەی کە ئەفسانەی لەسێدارەدا، لەسەر بنەمای دژەمرۆڤانەترین و کۆنەپەرستانەترین خوێندنەوەی فیقهیی سەردەمی «جاهیلییەت» لە نیمچەدوورگەی عەرەبی و لۆژیکی دادگاکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئوورووپا دامەزراوە. ئەم دەزگایە، بەشێکە لە ئامێری ئایدۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی پاراستنی دەسەڵات و سەرکوتی کۆمەڵگە.

لەم سیستمەدا، ژن بە فەرمی مافی دادوەریی نییە. واتە نیوەی کۆمەڵگە، تەنیا بەهۆی ڕەگەزەکەیانەوە لە ئەگەری دانیشتن لەسەر کورسیی دادوەری بێبەشکراون. یاساکانی بنەماڵە، قەساس، دییە، میرات و زۆربەی حوکمەکانی سزا، لەسەر بنەمای هەڵاواردن لەدژی ژن بونیاد نراون. لە ئاوا پێکهاتەیەکدا، سروشتییە کە توندوتیژیی لەسەر بنەمای ڕەگەز نە بە جددی وەربگیرێت و نە وەک هۆکارێک بۆ سووککردنی سزا سەیر بکرێت.

قەساس، شەللاق لێدان لەپێشچاوی خەڵک و جۆرەکانی سزادان لەم نیزامەدا، ڕاستەوخۆ ئامرازێکن بۆ زاڵکردنی کەشی ترس و تۆقاندن لە ناو خەڵکدا و جێگیرکردنی باڵادەستیی ئایدۆلۆژی. ئەشکەنجەدانی زیندانی لەژێر ناوی سزا، واتە «تەعزیر» لە گوتاری ئاینیی فەرمیدا، پاداشتی ئەو دونیاشی هەیەم! بابەتی دەستدرێژی بۆ سەر کچانی پاکیزە پێش لەسێدارەدان، کە لە ساڵانی ڕابردوودا چەندین جار لەلایەن شایەتحاڵان و زیندانیانی سیاسییەوە بڵاوکراوەتەوە، لەم لۆژیکە نەخۆشەدا، بە «سەواب» و «پاداشت» ئەژمار کراوە. سیستمێکی لەم شێوەیە لە بنەڕەتدا گەندەڵکارە» چونکە خودی یاسا مەشروعییەت و ڕەوایی ئاینی و سیاسی دەدات بە ئەشکەنجەدەر و دەستدرێژیکار.

هەمان ئەو دەزگایەی کە گەنجانی وەک ئەفسانە بە تاوانی گواستنەوەی ماددەی هۆشبەر، کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەژاری، توندوتیژیی بنەماڵەیی و چەوساندنەوە، مەحکووم بە مەرگ دەکات، لە هەمبەر دزینی ملیار دۆلاری و ڕانتخۆریی ڕێکخراوی سەر بە دەسەڵاتداران، بێدەنگ دەبێت، یاخود بە چەند حوکمێکی ڕواڵەتی و نمایشی، کێشەکە دادەپۆشێت.

بەراوردی نێوان شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ «تاوانی هەژاران» و نەرمیوانواندن لەگەڵ «تاوانی دەسەڵاتداران»، یەکێکە لە ئاشکراترین پێوەرەکانی گەندەڵیی دام و دەزگای دادوەری لە هەر وڵاتێکدا و لە ئێران، ئەم ڕێژەیە بە شێوەیەکی هەژێنەر نادادپەروەرانەیە.

دۆسیەی ئەفسانە زەندئابادی تەنیا تراژیدیایەکی تاکەکەسی نییە، بەڵکوو هێمای مۆدێلێکی دووبارەبووەوەیە. لە دادگاکانی کۆماری ئیسلامیدا بە شێوەیەکی سیستماتیک هۆکارە گرنگەکانی سووککردنی سزا لەبارەی ژنانەوە پشتگوێ دەخرێن، تێگەیشتن و گرنگیپێدانی جدییان بۆ بابەتی توندوتیژیی لەسەر بنەمای ڕەگەز نییە و نایانەوێت ببینن کە چۆن هەژاری و دەستدرێژیی سێکسی، ژنانی ئازارچێشتوو دەخاتە سەر ڕێگەی «تاوانکاریی زۆرەملێ». ئەم نابینایییە بەئەنقەستە، لە ئامارەکانیشدا خۆی نیشان دەدات: کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرزترین ڕێژەی تۆمارکراوی لەسێدارەدانی ژنانی لە جیهاندا هەیە. ئەفسانە زەندئابادی حەوتەمین ژنی تۆمارکراو بوو لە ساڵی ٢٠٢٦دا کە لەسێدارە درا. لە ساڵی ٢٠٢٥دا، لانی کەم ٤٨ ژن لە ئێران لەسێدارە دراون، ژمارەیەکی کە بەرزترین ئاماری تۆمارکراوی لەسێدارەدانی ژنانە لە ماوەی زیاتر لە دوو دەیەی ڕابردوودا.

سیستمێکی کە ئیدیعای «پشتیوانیکردنی بنەماڵە» دەکات، بەکردەوە ژنانێک لەسێدارە دەدات کە زۆربەیان بەرهەمی ئاوێتەک لە هەژاری، توندوتیژیی بنەماڵەیی، هەڵاواردنی ڕەگەزی و بێپەناییین.

سیستمی دادوەریی کۆماری ئیسلامی هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە بە شێوەیەکی بێبەزەییانە لەگەڵ نارازیانی سیاسی، چالاکانی مەدەنی، ڕۆژنامەنووسان، کەمینەکان و ژنان مامەڵە دەکات، بەردەوام لە هەمبەر بڕیادەران و ئەنجامدەرانی گەندەڵیی گەورە، سەرکوتی خوێناوی، ئەشکەنجە و دەستدرێژی لەناو گرتوخانەکاندا، پارێزبەندیی دادوەری دابین دەکات. لە ئاوا پێکهاتەیەکدا، گەندەڵی ڕووداوێکی بەڕێکەوت نییە، بەڵکوو خودی سیستەمەکەیە.

دۆسیەی ئەفسانە زەندئابادی ئەگەر لە ناو هەواڵەکانی شەڕ و پڕوپاگەندەی فەرمی دەربهێنین و بە وردی سەیری بکەین، وێنەیەکی ڕوونمان پێدەدات. ڕژێمێکی کە قوربانیی توندوتیژیی ڕەگەزی و چەوساندنەوەی ئابووری، بە پەتی سێدارە دەسپێرێت و هاوکات، دەرفەتی ژیان، دەسەڵات و سەروەت دەبەخشێت بە دەستدرێژیکار و چەوسێنەر.

ئەفسانە زەندئابادی دەیتوانی ببێتە هێمای بەرگریی لە دژی توندوتیژی، هێمای هەوڵدان بۆ مانەوە، و دەستپێکی گفتوگۆیەک لەسەر توندوتیژیی بنەماڵەیی، دەستدرێژی، هەژاری و چەوساندنەوەی ژنانی گەنج لە ئێران. بەڵام کۆماری ئیسلامی پێی باشتر بوو ناوبراو لە پەراوێزی شەڕ و پڕوپاگەندەدا، بە بێدەنگی لەسێدارە بدات.

تا ئەو کاتەی ئەم ڕژێمە و ئەم «عەداڵەتخانەی ئیسلامییە» بەم لۆژیک و پێکهاتەیەوە لەسەرکارە، هەر دۆسیەیەکی وەک ئەفسانە زەندئابادی، نەک ڕووداوێکی دەگمەن، بەڵکوو درێژەی لۆژیکی و سروشتیی سیستمێک دەبێت کە دادپەروەریی پێچەوانە کردووەتەوە، واتە: قوربانی دەکوژێت، تاوانبار دەشارێتەوە و ناوی ئەم جینایەتە ئاشکرایەش دەنێت «جێبەجێکردنی حوکمی ئیلاهی».

********

# زەوی لە چنگی قازانجپەرستیی سەرمایەداران و بێتوانایی دەسەڵاتداراندا

گۆی زەوی، وەک تاکە پەناگەی ناسراوی ئێمە لە پانتاییی بێپایانی گەردووندا، ئەمڕۆ تووشی قەیرانێکی بێوێنە و قووڵ بووەتەوە. بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی، توانەوەی سەهۆڵبەندانی جەمسەرەکان، وشکەساڵییە کارەساتبارەکان، پیسبوونی بەربڵاوی ئاو و خاک و لەناوچوونی فرەچەشنیژینگەیی، هەموویان نیشانەی نەخۆشینێکی درێژخایەنن کە ژیانیان لەسەر ئەم هەسارەیە خستووەتە مەترسییەوە. لە ئاوا دۆخێکدا، پێنجی ژوئەن بەرامبەر بە ١٥ی جۆزەردان، ڕۆژی جیهانیی ژینگە، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە گرنگیی خۆی نیشان دەدات. ئەم ڕۆژە یادکردنەوەیەکی ساڵانەیە بۆ هەڵسەنگاندنی کارکردی مرۆڤ بەرامبەر بە ماڵەی هاوبەشمان و بانگەوازێکی جیهانییە بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی بەپەلە.

لە ساڵی ١٩٧٢دا، کاتێک کاریگەرییە تێکدەرەکانی پیشەسازیبوون لەسەر سیمای سروشت هەرچی زیاتر خۆی نیشاندا، نوێنەرانی وڵاتانی جیهان لە کۆنفرانسێکی مێژووییدا لەژێر ناوی «مرۆڤ و ژینگە» لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید کۆبوونەوە. دەرەنجامی ئەم کۆنفرانسە، بریتی بوو لە پەسەندکردنی بڕیارنامەیەک، کە پێنجی ژوئەنی وەک «ڕۆژی جیهانیی ژینگە» دیاری کرد. ئامانجی سەرەکی لە دیاریکردنی ئەم ڕۆژە، بریتی بوو لە بەرزکردنەوەی وشیاریی گشتی سەبارەت بە گرنگیی پاراستنی سروشت، هاندانی کۆمەڵگەکان بۆ بەشداریی چالاک،ل و هاندانی حکومەتەکان بۆ گرتنەبەری سیاستگەلێکی بەردەوام و هاوتەریب لەگەڵ تەندروستیی هەسارەکە. بەهرەمەندبوون لە ژینگەیەکی تەندروست، مافێکی بنەڕەتیی مرۆڤە، مافێکی کە ئەمڕۆ، دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە پێنج دەیە، هێشتا لەلایەن زلهێزە ئابووری و سیاسییەکانەوە پێشێل دەکرێت.

ڕۆژی جیهانیی ژینگە دەرفەتێکە بۆ ئەوەی وەبیر خۆمانی بهێنینەوە کە سروشت تەنیا سەرچاوەی دابینکردنی هەوا، ئاو و خۆراکی ئێمە نییە، بەڵکوو سیستەمێکی ئاڵۆز و لێکگرێدراوە کە بەردەوامبوونی، زامنی مانەوەی خۆمانە. ئەم ڕۆژە، هاواری نارەزایەتییە دژی تێکدانی بێبەزەییانەی دارستانەکان، پیسبوونی ئۆقیانووسەکان، و ژەهراویکردنی ئەو هەوایەی کە هەڵیدەمژین، نارەزایەتییەکی کە بە تێپەڕبوونی کات و توندبوونی قەیرانەکان، بەرزتر و ڕوونتر بووەتەوە.

دەرک کردن بە سەرچاوەکانی ئەو قەیرانە ژینگەییەی ئێستا، بەبێ شیکردنەوەی پێوەندییە بەرهەمهێنەرە باوەکانی جیهان، مەحاڵە. سیستەمی سەرمایەداری، بەپێی لۆژیکی زاتیی خۆی واتە «بەرزکردنەوەی قازانج لە کورتترین کاتدا»، سروشت نە وەک بەستێنێکی گرینگ بۆ مانەوە، بەڵکوو وەک سەرچاوەیەکی بێپایان و خۆڕایی بۆ دەرهێنان و بەدەستهێنانی قازانج دەبینێت. ئەم تێڕوانینە ئامرازییە، دەرەنجامی وێرانکەری بەدوای خۆیدا هێناوە: کۆمپانیا زەبەلاحەکان بۆ بەردەوامبوونی ڕەوڕەوەی قازانجی خۆیان، پێویستیی درۆینە دەخوڵقێنن و بە ڕیکلامی بەربڵاو، بەکاربەران هان دەدەن بۆ کڕینی زیاتر لە پێویستی ئەو کاڵایانەی کە زۆربەی کات تەمەنێکی بەکارهێنانی کورتیان هەیە. ئەو کۆگا زبڵ و خاشاکانەی، بەتایبەت پلاستیک، کە ئۆقیانووسەکان و وشکانییان پیس کردووە، هێمای دیاری ئەم ڕەوتە ناتەندروستەن.

دارستانەکانی ئامازۆن، کە بە «سییەکانی زەوی» بەناوبانگن، لەژێر تیغی مشاری کۆمپانیاکانی داربڕین و ئاگرکەوتنەوەی بەئەنقەست بەمەبەستی دروستکردنی زەوی کشتوکاڵیی پیشەسازیی، ڕۆژ بە ڕۆژ بچووکتر دەبنەوە. دەرهێنانی زیاتر لە پێویستی ماددە کانزاییەکان، پیسبوونی ئاوەکان بەهۆی پاشماوە پیشەسازییەکان و بڵاوبوونەوەی قەبارەیەکی گەورە لە گازە گوڵخانەییەکان لەلایەن کارگەکانەوە، سەرجەمیان لە پێناو قازانجی کۆمپانیا زەبەلاحەکاندایە.

ئەگەرچی ڕێککەوتننامەکانی وەک «ڕێککەوتننامەی پاریس» بۆ کەمکردنەوەی گازە گوڵخانەییەکان لەلایەن حکومەتەکانەوە واژۆ دەکرێت، بەڵام لە بەکردەوە، ململانێی زاتیی سیستەمی سەرمایەداری و لۆبیی بەهێزی پیشەسازیی سووتەمەنییە بەردینەکان واتە (فۆسیلی)، ئەم بەڵێنانەیان کردووەتە پارچە کاغەزێکی بێبایەخ و ڕێگرن لە هەر جۆرە هەنگاوێکی جیدی و هەماهەنگی جیهانی.

بەپێی ئامارەکان، ساڵانە زیاتر لە حەوت ملیۆن کەس لە جیهاندا بەهۆی پیسبوونی هەواوە گیان لەدەست دەدەن و لە هەر ١٠ کەس، ٩ کەس لە هەوای پیسدا هەناسە دەدەن. ئەم ئامارە ترسناکە، بەرهەمی ڕاستەوخۆی تەماح و چاوچنۆکیی بێپایانی سیستەمێکە کە تەندروستیی مرۆڤ و سروشت دەکاتە قوربانیی کەڵەکەکردنی سەرمایە.

کارەساتی ژینگە لە ئێران ڕەهەندی جۆراوجۆر و بە گەلێک قووڵتری هەیە. لێرەدا، جیا لە لۆژیکی قازانجپەرستی، بێتوانایی، گەندەڵیی سیستماتیک و تێڕوانینی ئەمنییەتی دەسەڵات، دەستیان داوەتە دەستی یەک بۆ ئەوەی ئێران بخەنە سەرووی ڕیزبەندییە جیهانییەکانی تێکدانی ژینگە.

جێبەجێکردنی گەڵاڵەکانی گەشەپێدانی پێنج ساڵە بەبێ لێکۆڵینەوەی زانستی، دروستکردنی زیاتر لە پێویست و نازانستیانەی بەنداو لەلایەن دامەزراوە سەربازییەکانی وەک سپای پاسداران و گۆڕینی ڕێڕەوی ڕووبارەکان، زیانێکی گەورە و لە قەرەبوونەهاتووی بە جەستەی سەرچاوە ئاوییەکانی وڵات گەیاندووە. دەریاچەی ورمێ کە ڕۆژێک بە گەوهەری شینی ئێران دەناسرا، ئەمڕۆ بووەتە هێمای مەرگی لەسەرخۆی زۆنگاوەکانی وڵات. ڕۆچوونی زەویی دەشتەکان بەهۆی دەرهێنانی بێبەزەییانەی ئاوە ژێرزەوییەکان، ئێرانی لەگەڵ قەیرانێکی گەورەی ئاو بەرەوڕوو کردووەتەوە.

ئاگرکەوتنەوەی بەربڵاو لە دارستانەکانی زاگرۆس و باکووری وڵات، کە زۆربەی کات لەگەڵ بێدەربەستی و کەمتەرخەمی ناوەندە بەرپرسەکان ڕووبەڕوو دەبنەوە، پۆششی ڕووەکییان بەرەو لەناوچوون بردووە. ئێران گەیشتووەتە پلەی یەکەم لە بواری سووان و تێکچوونی خاک لە جیهاندا و ساڵانە ملیاردها تۆن لە خاکی بەپیتی خۆی لەدەست دەدات کە دەرەنجامەکەی بریتییە لە بە بیابانبوونی بەربڵاو، بە شێوەیەکی کە دەوترێت لە هەر خولەکێکدا، ٣٠ مەتری چوارگۆشەی دیکە لە خاکی ئێران دەبێتە بیابان.

بەگوێرەی دانپێدانی خودی بەرپرسانی ڕژێم، پیشەسازیی ئۆتۆمبێلی قۆرغکراو و بێ کوالێتی، سەرچاوەی بەشێکی گەورە لە پیسکەرە کوشندەکانە لە شارە گەورەکان، کە ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو خانەکانی لەشی هاووڵاتیانەوە. زیانی ئابووریی سەرچاوەگرتوو لە بێباخی بە ژینگە، ساڵانە بە ملیاران دۆلار دەخەمڵێندرێت، کە لە گیرفانی خەڵک دەدرێت.

تراژیدیای گەورەتر ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لە جیاتی بەرەنگاربوونەوەی قەیرانەکە، دەست دەکات بە سەرکوتی ئەو کەسانەی کە هەوڵی پاراستنی ئەم ئاو و خاکە دەدەن. دەیان چالاکی ژینگەپارێز بە تۆمەتی بێبنەمای وەک «سیخوڕی» و «هەوڵدان لەدژی ئاسایشی نیشتمانی» دەستگیر، ئەشکەنجە و تەنانەت کوژراون. مەرگی دڵتەزێنی کاوس سەیدئیمامی لە زینداندا و گیانلەدەستدانی شەریف باجوەر و هاوڕێکانی لە کاتی هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگری دارستانەکانی مەریوان، نیشاندەری تێڕوانینی ئەمنییەتی ڕژێمە بۆ دڵسۆزانی سروشت. لە ئاوا دۆخێکدا، دیاریکردنی «هەفتەی پاراستنی ژینگە» لەلایەن ئەم ڕژێمەوە، تەنزێکی تاڵ و ڕیاکارانەیە.

لە بەرامبەر ئەم تێکدانە بەربڵاوە حکومی و سیستماتیکەدا، ڕەنگە ڕۆڵی تاکەکەسی بچووک بێتە بەرچاو، بەڵام نابێت هێزی هەوڵ و تێکۆشانە بە کۆمەڵەکان بە کەم سەیر بکرێت. پاراستنی ژینگە تەنیا ئەرکی حکومەتەکان یان ڕێکخراوەکان نییە، بەڵکوو بەرپرسیارێتییەکی گشتییە. هەر یەک لە ئێمە دەتوانین بە گۆڕانکاریی هۆشمندانە لە شێوازی ژیانی خۆماندا، ببینە بەشێک لە چەسەرەسەر:

کەمکردنەوەی بەکارهێنانی پلاستیکی یەکجاربەکارهاتوو، دەستپێوەگرتن لە بەکارهێنانی ئاو و کارەبا، و خۆبواردن لە کڕینی کاڵای ناپێویست، یەکەم و گرنگترین هەنگاوە.

بەکارهێنانی ئامرازەکانی گواستنەوەی گشتی، دووچەرخە و جیاکردنەوەی زبڵ خاشاک لە سەرچاوەکانەوە، کاریگەریی بەرچاوی هەیە لە کەمکردنەوەی شوێنپێی ئیکۆلۆژیی ئێمە.

نەمامچاندن، بەشداری لە بەرنامەکانی پاککردنەوەی سروشت و لە هەمووی گرنگتر، پەروەردەکردنی منداڵان و نەوەکانی داهاتوو لەسەر گرنگیدان بە سروشت، کولتوورێکی بەردەوام بۆ پاراستنی زەوی دەخوڵقێنێت.

هاوکات لەگەڵ هەوڵە تاکەکەسییەکاندا، ئەرکی ئێمە وەک هاووڵاتی، بریتییە لە خستنەژێر پرسیاری سیاسەتە دژە ژینگەیییەکان و پشتگیریکردن لەو چالاکوان و ڕێکخراوە مەدەنیانەی کە بوێرانە لەپێناو پاراستنی ئەم میراتە هاوبەشەدا خەبات دەکەن.

********

## کۆنفرانسی جیهانیی کار، ئامرازێک بۆ پەردەپۆشکردنی هێرشی جیهانی بۆسەر چینی کرێکار



سەدوچواردیەمین کۆبوونەوەی ساڵانەی «ڕێکخراوی جیهانیی کار» (ئای ئێلّ ئۆ) جارێکی تر لە شاری ژنێڤ لە وڵاتی سوئیس، پایەتختی دیپلۆماسیی جیهانی، بەڕێوە دەچێت. ئەم کۆبوونەوەیە، وەک ساڵانی ڕابردوو، شوێنێکە کە تێیدا نوێنەرانی دەوڵەتەکان، خاوەنکاران و «نوێنەرانی کرێکاران» کۆدەبنەوە تا بە ڕواڵەت بۆ باشترکردنی دۆخی کار لە جیهاندا چارەسەرێک بدۆزنەوە. بەڵام لە پشت ئەم ڕواڵەتە فریوکارانە و پێکهاتە بەناو «سێقۆڵییەدا»، ڕاستییەکی تر شاردراوەتەوە: ئەم کۆنفرانسانە نەک هەر گرێیەک لە کێشە بێکۆتاییەکانی چینی کرێکار ناکەنەوە، بەڵکوو خۆیان بوونەتە ئامرازێک بۆ ڕەواییدان بە هێرشی سیستماتیکی سەرمایە لەدژی هێزی کار.

پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی جیهانیی کار لەسەر بنەمایەکی سەرەکی بە ناوی «سێ لایەنەگەرایی» دارێژراوە، بنەمایەک کە بەپێی ئەو، نوێنەرانی کرێکاران شانبەشانی نوێنەرانی دەوڵەتەکان و خاوەنکاران دادەنیشن. ئەم پێکهاتەیە، هەر لە سەرەتاوە، نایەکسانییەکی یاسایی نیشان دەدات. لەم هاوکێشەیەدا، نوێنەرانی کرێکاران هەمیشە لە کەمینەی ڕەهادان و لە بەرامبەر بەرەی یەکگرتووی دەوڵەتەکان (وەک پارێزەرانی نەزمی سەرمایەداری) و خاوەنکاران (وەک خاوەنانی سەرمایە)، هیچ هێزێکیان نییە بۆ بەرەوپێشبردنی ویست و داواکارییە ڕاستەقینەکانی خۆیان. تەنانەت ئەگەر وایدابنێین کە ئەو نوێنەرانەی لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدارن، نوێنەری ڕاستەقینە و هەڵبژێردراوی ڕێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکارانیش بن (کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا وا نییە)، ئەم پێکهاتە لەپێشدا دیاریکراوە، هەر چەشنە هەوڵێک بۆ دروستکردنی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لەبار دەبات. لە باشترین دۆخدا، ئەم کۆبوونەوەیە دەبێتە هۆی دەرکردنی بڕیارنامە بێکاریگەر و پەیماننامەگەلێک کە جێبەجێکردنیان لە کۆتاییدا دەسپێردرێت بە ئیرادەی هەمان ئەو دەوڵەتانەی کە خۆیان هۆکاری سەرەکیی ئەو دۆخە دژەکرێکارییەن.

ئەم کۆبوونەوەیە لە بارودۆخێکدا بەڕێوە دەچێت کە چینی کرێکار لە سەرانسەری جیهان لەژێر توندترین گوشارەکاندایە. دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان، لە دێموکراتیکترینیان واتە لە ڕۆژاواوە بگرە تا دیکتاتۆرییە دڕندەکانی ڕۆژهەڵات، لە پێشبڕکێیەکی بێوچاندا بۆ بەدەستهێنانی قازانجی هەرچی زیاتری سەرمایە، یاساکانی کار بە شێوەیەکی بەردەوام بە زیانی هێزی کار سەرلەنوێ دەنووسنەوە. خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانی و کۆمەڵایەتییەکان، کە خۆیان بەرهەمی چەندین دەیە خەباتی خوێناوی کرێکاران بوون، بە بیانووی «سیاسەتی ڕیازەت» واتە هەمان سیاسەتی سک هەڵگوشین لەناو دەبرێن. تەمەنی خانەنشینی بەرزدەبێتەوە، مووچەی خانەنشینی کەم دەبێتەوە و ئەمنییەتی پیشەیی بووەتە خەونێکی وەدینەهاتوو. گرێبەستە کاتیی و سپیئیمزاکان، کرێکارانیان لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێبەش کردووە و لەشکری یەدەگی بێکارانی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرینتر کردووە. هەژاری، نەخۆشییەکانی سەرچاوەگرتوو لێی و زیانە کۆمەڵایەتییەکانی وەک گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکان و خۆکوژی، بەرهەمی ڕاستەوخۆی ئەم سیستەمە چەوسێنەرەیە. لە بارودۆخێکی ئاوادا، لە کۆبوونەوەیەکدا کە نوێنەرانی هەمان ئەو دەوڵەت و خاوەنکارانە دەستیان لەناو دەستی یەکتردایە، هیچی بۆ چینی کرێکار لێ سەوز نابێت.

بەڵام دۆخەکە بۆ کرێکارانی ئێران بە چەند قات لەوەش کارەساتبارترە. سەبارەت بە ئێران، بابەتەکە تەنیا کەمینەبوونی نوێنەرانی کرێکاران نییە، بەڵکوو بابەتەکە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی لەژێر ناوی «نوێنەری کرێکارانی ئێران» لەم کۆبوونەوەیەدا بەشدار دەبن، نەک هەر هیچ پێوەندییەکیان بە چینی کرێکارەوە نییە، بەڵکوو خۆیان بەشێکن لە دام و دەزگای سەرکوت و کۆنترۆڵکردنی کرێکاران. ئەم کەسانە، مۆرەی هەڵبژێردراوی دامەزراوە ئەمنیی و حکومەتییەکانن لە ناو دڵی ڕێکخراوە زەرد و حکومییەکانی وەک «خانەی کارگەر» و «شۆرا ئیسلامییەکانی کار».

لە پەروەندەی ئەم «نوێنەرانەدا» پێشینەیەکی زەق و بەرچاو لە مانگرتنشکێنی پیشەیی، پەروەندەسازی بۆ چالاکانی کرێکاریی سەربەخۆ و ڕۆڵی ئاژاوەگێڕانە بۆ بەلاڕێدابردنی نارەزایەتییە کرێکارییەکان تۆمار کراوە. ئەمانە هەمان ئەو کەسانەن کە لە کۆبوونەوەکانی «شۆرای باڵای کار»دا وەک شەریکی تاوانی دەوڵەت و خاوەنکارەکان، حەقدەستی چەندین هێندە لەژێر هێڵی هەژاری بەسەر ملیۆنان کرێکاری ئێرانیدا دەسەپێنن و بە ئیمزای خۆیان، گرێبەستە کۆیلە ئاسا و کاتییەکان، بە یاسایی دەکەن. ئەم کەسانە، هێمای خیانەت بە چینی کرێکار و هاوکاری لەگەڵ دوژمنی چینایەتین.

شەرمەزارانەتر لە بەشداری ئەم بەکرێگیراوانە لە کۆبوونەوەی ژنێڤدا، بریتییە لە شێوازی مامەڵەی ڕێکخراوی جیهانیی کار لە قبووڵکردنیاندا. لە کاتێکدا فێدراسیۆن و سەندیکا باوەڕپێکراوەکانی کرێکاران لە سەرانسەری جیهان چەندین جار کۆماری ئیسلامییان بەهۆی سەرکوتی دڕندانەی کرێکاران، زیندانیکردنی چالاکان و پێشێلکردنی سیستماتیکی پەیماننامە بنەڕەتییەکانی خودی «ئای ئێلّ ئۆ» مەحکوم کردووە، بەڵام ئەم ڕێکخراوە بەوپەڕی بێباکیی بەرامبەر بەم نارەزایەتییە نێودەوڵەتییانە، ساڵانە فەرشی سوور بۆ ئەم شاندە حکومییە ڕادەخات. ئەم کارە، هیچ شتێک نییە جگە لە هاودەستی لەگەڵ ڕژێمێکی کە دوژمنایەتییەکەی لەگەڵ مافە بنەڕەتییەکانی کرێکاران بۆ هەموان ئاشکرایە. ڕێکخراوی جیهانیی کار بەم کارەی، نەک هەر مەشروعییەت دەدات بە سەرکوت لە ئێران، بەڵکوو چەمکی «نوێنەرایەتیکردنی کرێکاران»یش دەخاتە بە گاڵتە دەگرێت.

ئەم کۆبوونەوانە، بۆ کرێکارانی خەباتگێڕی ئێران و هەڵسووڕاوانی سۆسیالیست، هیچ بایەخێکیان نییە. ڕێگەی ڕزگاریی چینی کرێکار نەک لە هۆڵە ڕازاوەکانی ژنێڤ و لۆبیکردن لەگەڵ بیرۆکراتە نێودەوڵەتییەکان، بەڵکوو لە ناو دڵی ڕێکخراوی سەربەخۆ، مانگرتنی سەرانسەری و خەباتی شێلگیرانە و بەردەوام لەناو کارگە و سەر شەقامەکانەوە تێدەپەڕێت. تەنیا بە پشتبەستن بە هێزی ڕێکخراوی خۆمان دەتوانین ئەم نەزمە ستەمکارانەیە تێکبشکێنین.

********

## ئەو گیانانەی کە فەرامۆش ناکرێن، ساڵیادی لەسێدارەدانی ٥٩ لاوی مەهاباد

دوازدەی جۆزەردانی ١٣٦٢. سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە، خەڵکی مەهاباد لەگەڵ ڕاگەیەندراوێک بەرەوڕوو بوونەوە کە لەلایەن فەرمانداریی شارەوە لە شەقامەکاندا بڵاو کرابووەوە. لیستێک لە ناوی پەنجاو و نۆ کەس. ناوی پەنجا و نۆ لاو و تازەلاوی کە لەسێدارە درابوون. هەمان ئەو کەسانەی کە چەند مانگ پێشتر لە سەر شەقامەکان ڕفێندرابوون. هەمان ئەو لاوانەی کە بنەماڵەکانیان نەیاندەزانی لە کوێن و ئێستاش نازانن لە کوێ بەخاکسپێردراون.

مەسەلەکە لە خاکەلێوە و گوڵانی ١٣٦٢ەوە دەستی پێکردبوو. هێزەکانی ڕژێم لە شەقامەکانی مەهاباددا بە دوای قوربانیدا دەگەڕان، هەڵبەت نە بەهۆی تاوانێکی دیاریکراو و نە لەسەر بنەمای مەلەفێکی یاسایی ڕێکخراو، بەڵکوو ئەو لاوانەی کە لە ماڵ دەهاتنە دەرەوە، لە سەر کۆڵانەکان، لە بازاڕ و لە ڕێگای قوتابخانەدا دەستبەسەر دەکران. زۆربەیان هێشتا تەمەنیان نەگەیشتبووە هەژدە ساڵ. چەند کەسێکیان قوتابیی ئامادەیی بوون، یەکێکیان قوتابیی پۆلی دووی ئامادەیی ئیبنسینای مەهاباد بوو. تۆمەت؟ وابەستەیی و لایەنگریی لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان. تۆمەتێکی کە نە لە دادگا سەلمێندرا و نە هیچ پارێزەرێکیش بۆ ڕەتکردنەوەی ئامادە بوو. دادگاییکردنێکی چەند خولەکی لە «دادگای شۆڕش»ی تەورێز و دواتریش دەرکردنی حوکمی مەرگ.

بۆ تێگەیشتن لەوەی کە لەو ڕۆژەدا ڕووی دا، دەبێ بگەڕێینەوە بۆ حەفتەکانی پێشووتر. محەممەد بروجێردی، فەرماندەی سەرەکیی ئۆپەراسیۆنەکانی سپای پاسداران و داڕێژەری گەڵاڵەی شەڕ لەدژی هێزی پێشمەرگە لە ڕۆژاوای وڵات، کوژرابوو. مەرگی ناوبراو گورزێکی قورس بوو بۆ ڕژێم. میرحسێن موسەوی سەرۆک وەزیری ئەوکات، هاشمی ڕەفسەنجانی و موحسین ڕەفیقدووست وەزیری ئەوکاتی سپا، یەک لە دوای یەک هێرشیان کردە سەر حیزبە کوردستانییەکان و داوای توندترین کاردانەوەیان کرد. ڕژێمێکی کە لە مەیدانی شەڕدا گورزی بەرکەوتبوو، بڕیاری دا ڕق و تووڕەیی خۆی بە سەر خەڵکێکی بێدیفاعدا بڕێژێت. پەنجا و نۆ لاوی مەهابادی بوونە قوربانیی ئەم تۆڵەسەندنەوەیە. لە نێوان ئەو کەسانەی کە ناویان بەم تاوانەوە گرێ دراوە، حەمیدڕەزا جەلاییپوور فەرمانداری ئەوکاتی مەهاباد کە لە ساڵەکانی دواتردا بەرگی ڕیفۆرمخوازیی پۆشی، محەممەد ئیبراهیم سەنجەقی فەرماندەی قەرارگای حەمزە، ناتق نووری وەزیری ناوخۆ، غوڵامڕەزا حەسەنی ئیمام جومعەی ورمێ و سەیاد شیرازی فەرماندەی هێزی زەمینیی ئەرتەش بوون.

دوای لەسێدارەدانیان، بنەماڵەکان تەنانەت لە شوێنی بەخاکسپاردنی ڕۆڵەکانیشیان ئاگادار نەکرانەوە. نە گۆڕێک، نە ناونیشانێک، نە بەردی گۆڕێک. پەنجا و نۆ ژیان کە لە چەند خولەکدا کۆتاییان پێهات و لە بێدەنگیدا چوونە ژێر خاک. ئەم بێدەنگییە سەپێندراوە، خۆی بەشێک بوو لە سزادانەکە، نەک تەنیا سزای ئەوانەی کە لەسێدارە دران، بەڵکوو سزادانی ئەو دایک و باوک و خوشک و براکانیانەش بوو کە دەبوو تەنانەت مافی ماتەمینی و شینگێڕییان لەسەر گڵکۆی ئازیزانیان لێ زەوت بکرێت.

بەڵام خەڵکی کوردستان بێدەنگ نەبوون. ڕۆژی ١٧ی جۆزەردانی ١٣٦٢، بە بانگەوازی هاوبەشی کۆمەڵە، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و مامۆستا شێخ عێزەدین حوسێنی، کوردستان بە گشتی مانی گرت و داخرا. مانگرتن لە مەهاباد چەند ڕۆژ درێژەی کێشا. ئەمە یەکەمین مانگرتنی گشتیی و هاوئاهەنگ بوو لە کوردستان، حەرەکەتێکی کە نیشانی دا خەڵک لە هەمبەر تاواندا، تەسلیمی ترس و تۆقاندن نابن.

لەسێدارەدانی ٥٩ لاوی مەهاباد، نە سەرەتای ئەم زنجیرەیە بوو و نە کۆتاییەکەی. بە درێژایی دەیەی شەستی هەتاوی، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی چەندین جار بەم شێوازە ڕەفتاری کرد، دەستبەسەرکردنی بەکۆمەڵ، دادگاییکردنی فەرمایشی و لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ. ئەم ڕەوتە لە هاوینی ١٣٦٧دا گەیشتە لووتکەی خۆی، ئەو کاتەی کە هەزاران بەندکراوی سیاسی لە سەرانسەری وڵات لە ماوەی کەمتر لە دوو مانگدا لەسێدارە دران. بەڵام ئەم تاوانەی مەهاباد پێگەیەکی تایبەتی هەیە، چونکە زۆرترین قوربانییەکانی زیاتر بریتی بوون لەو تازەلاوانەی کە لەناو شەقامەکاندا ڕفێندرابوون، بەبێ هیچ بەڵگەیەک و بەبێ هیچ بەرگرییەک.



ئەمرۆ، چل و سێ ساڵ دوای ئەو ڕۆژە، هێشتا زۆرێک لە ڕەهەندەکانی ئەم تاوانە لە تاریکیدا ماوەتەوە. هێشتا شوێنی وردی گۆڕەکان دیار نییە و هێشتا زۆرێک لە بنەماڵەکان هیچ شتێکیان جگە لە لیستی ئەو ناوانەی کە لەو ڕاگەیەندراوەی فەرمانداریدا هاتووە، بە دەستەوە نییە.
بەڵام ئەوان فەرامۆش نەکراون. ئەم پەنجا و نۆ ناوە، لە بیرەوەریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا زیندوون. ڕاگرتنی ئەم یادەوەرییە، نەک تەنیا ئەرکێکی مێژوویی، بەڵکوو سەرەتاییترین شێوازی خۆڕاگرییە لە هەمبەر ئەو کەسانەی کە دەیانویست بە شاردنەوەی گۆڕەکان، تەنانەت ناوی ئەم لاوانەش لە یادەکان بسڕنەوە. ئەو خوێنانەی لە خاکدا ون بوون، لە بیر و مێشکدا دێن و دەچن.

گیانبەختکردووانی جینایەتی ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢ بریتین لە:

غوڵامڕەزا بارزی، حەسەن جیهانیان، عەلی بانەییان، محەممەد عەلیالی، محەمەدئەمین سەفا، هومایۆن نیلووفەری، مەحموود ڕیازی، محەممەد حوسێنی، عەباس حوسێنپوور، کازم خاتوونی، عەلی مەزنە، عەبدوڵڵا تەحریریان، ڕەحمان ڕەحیمی، عەلی گوڵپەرەست، مستەفا عیسمەتی، خالق بارزانی، یۆسف ئەییازی، کەمال چاوشینی، حەسەن ڕەحمانیان، خالید ڕەحیمی ئازەر، خالید سەفایی، سەید ئیبراهیم ئەحمەدی، محەممەد مەسعوودی، محەممەد ئەبوبەکری، وەفا ئەلیاسی، مەنسوور جەناح، محەممەدئەمین ئەحمەدی، محەممەد سەلیمی، فەریدون شەنگە، عەلی بازیان، خزر ڕەنگین، ئەبوبەکر شوکری، ئینشاللە نادری، هەژار کەریمی، کەمال کەریمی، کەریم کەلهوڕی، یۆسف حەبیب پەنا، محەممەد فارووق بازیار، ئیبراهیم ئەمینی، ساڵح مامئیبراهیمی، شوکری نادری، مستەفا فەقری، عەلی غەوارە، عەلی سەلاحی، مەلا حەسەن لاجوردی، سولەیمان حەسەنزادە، یۆسف حەسەنزادە، کەریم کاوە، سەید مەحموود سەیدمەحموودی، حامید مەحموودکەندی، حوسێن کەلهوڕی، عەباس یۆسفی، سیامەک سەقزی، عەلی ئابادە، کامەران زاهیر حیجازی، ساڵح فەرهوودی، مەقسوود مەحموودی، ئەحمەد کەڕووبی و ڕەحمان خزرپوور.

چوار مانگ دوای لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی گەنجانی مەهاباد لە ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٢، ڕژێمی ئێران کە بە لەسێدارەدانی ئەو گەنجانە نەیتوانی بگاتە ئامانجە دزێوەکانی خۆی، جارێکی دیکە دەستی دایە جینایەت و ٣٣ گەنجی دیکەی ڕفاند و سەرلەنوێ لە تەورێز گەللەبارانی کردن.

**ئەحمەد بابا سووری**
**جەعفەر پوورسەڵتانی**
**عەبدولڕەحیم ماملی «نەجات»**
**محەممەد سەبزەچی**
**ناسر هیندۆش**
**مەحموود ئیبتیدا**
**قادر بایزیدی**
**ڕەسووڵ ڕەشیدی**
**سلێمان ئاهەنگەری**
**سلێمان پیرۆتزادە**
**سلێمان مەولانی**
**خەسرەو سازواری**
**قەدیر کاکامامی**
**کەریم پەغەمبەرنژاد**
**محەممەد جەننەتی**
**حەسەن جەننەتی**
**عەلی بامداد**
**یوونس پیرزادە**
**عەلی ئازەرگووتا**
**کەریم ئەحمەدی**
**ڕەحمان بانگین**
**سەید عەلائەدین حوسێنی**
**سوڵتان بەنایی**
**یۆسف عابد**
**جەعفەر حەسەنزادە**
**جەعفەر عیسمەتی**
**یۆسف محەممەدی**
**خۆشنەو قازیزادە**
**موحسین عالیە**
**فایەق کەریمی**
**جەعفەر پاکزاد**
**ئەحمەد ئەمینی**
**جەعفەر مام ڕەمەزانی**

هەڵبەت بەهۆی نەبوونی زانیاریی پێویست لەسەر ڕەوتی دادگاییکردن، دۆسیە و ڕێکەوتی لەسێدارەدانیان، تا ئێستا ڕوون نییە کە ئایا ئەم ناوانەی خوارەوە لەگەڵ ئەو ٥٩ کەسەدا بە کۆمەڵ لەسێدارەدراون یان بە جیاواز.

**عەلی تەکەمچی**
**یوونس پیردەخت**
**سەید ئیبراهیم سەید ئەحمەدی**
**نەسرین کاڵ**
**عوسمان باتوورک**
**عەلی سەلامی**
**مەعسوومە سەرهەنگی**
**ئەبوبەکر پەرتەویان**
**خالید میسماری**
**حەبیب خاتەمی**
**عەلی گوارا**
**مەسعوود میرمەحموودی**
**محەممەد مەسعوود زائیر حیجازی**
**سەید ئەنوەر شوکری**
**عەبدوڵڵا ئاهەنگەری**

لە ساڵی ١٣٦٢دا، زیاتر لە ٢٥٠ کەس لە کوردستان ڕفێندران و لە ماوەی چوار مانگدا لە تەورێز لەسێدارە دران.

لە ساڵیادی ئەم کردەوە جینایەتکارانەدا، ڕێز دەگرین لە یادی قوربانیانی ئەم ڕووداوە و سەبر و خۆڕاگریی بنەماڵە سەربەرزەکانیان.

********

## ماڵپەڕە حیزبیەکان

حیزبی کۆمۆنیست:

www.cpiran.net

کۆمەڵە:

www.komalah.org

پەیام ماڵپەڕی سیاسی هەواڵنێری:

www.payaam.net

یادی هاوڕێیانی گیانبەختکردوو:

www.yadihawrean.com

:Instagram

@Komalamedia

:Facebook

@Komalamedia

:Telegram

@Komalamedianetwork

کۆمەڵە
کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

# کوردستان دوێنێ و ئەمرۆ و سبەی

## پوختە و کورتکراوەی ووتەکانی هاوڕێ ئیبراهیم عەلیزادە لە کۆبونەوەی پێشمەرگە و ئەندامانی کۆمەڵە، ڕێکەوتی سێشەممە ١٢ ی جۆزەردان

**هاوڕێیانی ئازیز،**
خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ لێرە، لەم کۆبوونەوە گرنگەدا، پێکەوەین. کۆبوونەوەی ئەمڕۆی ئێمە لە کاتێکدایە کە ناوچەکە، ئێران و بزووتنەوەی ئێمەش قۆناغێکی هەستیار و پڕ لە گۆڕانکارییان تێپەڕاندووە و بەرەو ئایندەیەکی پڕ لە ئەرک و دەرفەت هەنگاو دەنێین. ئامانجم لەم کۆبوونەوەیەدا شیکردنەوەی دۆخی ئێستا، خستنەڕووی هەڵوێستەکانی کۆمەڵە، و دیاریکردنی ئەرکەکانی قۆناغی داهاتوومانە.

### دوای شەڕ؛ بارودۆخەکە بەرەو کوێ دەڕوات؟

هاوڕێیان، با لە خاڵێکی سەرەکییەوە دەست پێ بکەین: ئەو شەڕەی کە ناوچەکەی هەژاند، براوەی ڕەهای نەبوو. بەڵگەکان ئەوەمان پێ دەڵێن کە هەر سێ لایەنی سەرەکیی ململانێکە، واتە ئەمریکا، ئیسرائیل و کۆماری ئیسلامیی ئێران، سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێناوە کە چاوەڕێیان دەکرد. هەر بۆیەش خواستی ئەوەیان هەیە کە بچنە قۆناغێکی نوێی ململانێوە کە ڕەنگە زیاتر سیاسی بێت تا سەربازی.

**ئیسرائیل:** بانگەشەی لەناوبردنی حەماسی دەکرد، بەڵام لەمەدا سەرکەوتوو نەبوو و تەنها منداڵ و پیر و گەنجی کوشت و ڕق و نەفرەتێکی نێونەتەویی بێوێنەی بۆ خۆی کڕی. ڕەوتی دواکەوتووی حەماس هێشتا چالاکە. نەیتوانی حیزبوڵڵای لوبنان چەک بکات و لە گرنگتر لە هەمووی، نەیتوانی کۆماری ئیسلامی بڕوخێنێت.
**ئەمریکا:** وەک زلهێزێک، نەیتوانی سەرکەوتنێکی یەکلاکەرەوە بەدەست بهێنێت کە هەژموونی خۆی پێ نمایش بکات. گۆڕەپانەکە بۆ ئەمریکا هێشتا پڕە لە کێبڕکێ و نائارامی.
کۆماری ئیسلامی: گەورەترین ئامانجی کە هەڵگرتنی گەمارۆ ئابوورییەکان بوو، بەدی نەهات. سیاسەتی «فشاری زۆرینە»ی ئەمریکا هەر بەردەوامە. وێرانکارییەکانی شەڕ بە ئاسانی قەرەبوو ناکرێنەوە و پێشبینی دەکرێت گەشەی ئابووری بۆ ساڵی داهاتوو بگاتە نزمتر لە ٨ تاکە دەستکەوتی ڕژێم ئەوە بوو کە توانی ڕێگری لە ڕووخان و فروپاشی خۆی بکات.

ئەم دۆخە، هەموو لایەنەکان ناچار دەکات کە بەرەو جۆرێک لە سازان و ڕێککەوتن هەنگاو بنێن، لەگەڵ ئەوەی کەمێک قورسایی تەرازووەکە بە قازانجی ئەمریکا بشکێتەوە. ئەمە پێشبینیی ئێمەیە. بەڵام وەک دەزانن، لە سیاسەتدا دەبێت هەمیشە جێگەیەکیش بۆ ڕووداوە چاوەڕواننەکراوەکان دابنێین.

### بارودۆخی ناوخۆی ئێران؛ قەیرانێکی قوڵ و فرەڕەهەند

هاوڕێیان، ئەگەر لە پشت مێزی دانوستانەکانەوە ململانێکان بەرەو سازان بڕۆن، لە ناوخۆی وڵاتدا قەیرانەکان قوڵتر دەبنەوە. باری ئابووری و گوزەرانی خەڵک گەیشتووەتە ئاستێکی کارەساتبار کە ئەم خەڵکە چیتر بەرگە ناگرێت. سیستمی بەڕێوەبردن نەک هەر گەندەڵە، بەڵکو بە تەواوی ناکارامەیە.
با وەهممان نەبێت، تەنانەت ئەگەر پارەش بگاتە دەستی ڕژێم، چارەنووسی دیارە: یان دیسانەوە خەرجی دامەزراوە سەربازی و سەرکوتکەرەکانی دەکرێت، یان بیرۆکراسیی ئێران زیاتر لە گەندەڵیدا نوقم دەکات. لەم نێوەندەدا هیچ شتێک پشکی خەڵک و گوزەرانیان نابێت. ئەم دۆخە، بزوێنەری سەرەکیی ناڕەزایەتییەکانی داهاتوو دەبێت.

### دۆخی ئێمە لە هەرێمی کوردستان؛ قۆناغی هاوپشتی، زیرەکی و لێهاتوویی سیاسی

سەبارەت بە دۆخی کۆمەڵە لێرە لە هەرێمی کوردستان، کە بەشێکە لە تەشکیلاتی ئێمە، ڕاستە مەترسییەکان هێشتا هەر ماون، بەڵام دەتوانم بڵێم دۆخەکە لە ڕووی ئەمنییەوە مەترسیدارتر نەبووە، بەڵکو ئاڵۆزتر بووە. ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە. پێویستە ئێمە لەناو ئەم ئاڵۆزییەدا ڕێگای خۆمان بدۆزینەوە. ئێمە لە لێواری مەلەوانگەکەدا ڕانەوەستاوین، بەڵکو ئێستا لە قوڵاییی مەلەوانگەی سیاسەتداین. لەم قوڵاییەدا، تەنها مەلەوانە کارامە و لێهاتووەکان دەتوانن خۆیان ڕابگرن و بەرەو پێشەوە بڕۆن. چیتر سادەئەندێشی و دروشمی بێکردار جێگەی نابێتەوە. ئەم قۆناغە، قۆناغی زیرەکیی سیاسی، نەرمونیانیی تاکتیکی و خوێندنەوەی وردی هاوکێشەکانە.

### کۆمەڵە و دەرفەتە نوێیەکان؛ جیاوازیی نێوان ئێمە و ئەوان

**هاوڕێیانی ئازیز،**
مایەی شانازییە کە بڵێم ڕەوتی ئێمە بەهۆی هەڵوێستە سیاسییە واقیعبینانەکانییەوە، مەقبولیەتێکی کۆمەڵایەتیی بەرچاوی بەدەستهێناوە و ئەم مقبولییەتە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایە. لە کاتێکدا کە هەندێک گرووپ چاویان بڕیبووە شەڕ و یارمەتیی ئەمریکا و ئیسرائیل، ئێمە جەختمان لەسەر سیاسەتێکی سەربەخۆ دەکردەوە. ئێمە ئەزموونی وڵاتانی دەوروبەر و ئەو کارەساتانەی لێی کەوتبووەوە، بیر خەڵکمان هێنایەوە. ئێمە ئەزموونی خودی نەتەوەی کوردمان لە ئەنجامی سیاسەتە دەسەڵاتخواز و فراوانخوازەکاندا بیر هێنایەوە. ئێمە بە خەڵکمان وت کە نابێت چاوەڕوانی سەرکەوتنێکی ئاسان و خێرا بن، شتێکی وا ڕوونادات. تەنها ئەوەی بە هێزی هۆشیاری، ڕێکخستن و ڕابەرایەتیی خۆیان بەدەستی بهێنن، بەردەوام و بەرهەمدار دەبێت.
با بەراوردێکی خێرا بکەین: ئەوانەی هیوایان بە هێرشی دەرەکی بەستبوو، نەک هەر نەیانتوانی دەستکەوتێک بەدەست بهێنن، بەڵکو شەرعییەتی خۆشیان لەبەرچاوی خەڵکدا لەدەستدا. ئێستا کە شەڕ وەستاوە و گەرد و تۆزەکە نیشتووەتەوە، خەڵک دەپرسن: «کێ دەیوت دڵ بە ئەنجامی شەڕ مەبەستن، شەڕ خزمەت بە مانەوەی ڕژێم دەکات؟ کێ دژی وێرانکردنی ژێرخانەکان بوو کە دووکەڵەکەی ڕاستەوخۆ دەچووە چاوی خەڵکەوە و ئەنجامەکەی سەختترکردنی ژیانی خەڵکە؟» وەڵامەکە ڕوونە.
ئەم هەڵوێستە ڕاست و بنەماییەی ئێمە، دەرفەتی نوێی بۆ گەشەکردنمان لە نێو دڵی خەباتی کۆمەڵایەتیی ناوخۆی وڵاتدا ڕەخساندووە. ئێمە وەک هێزێک دەبینرێین کە چارەنووسی خۆی و خەڵکەکەی بە سیاسەتە فراوانخواز و دەسەڵاتخوازەکانی ئەم و ئەو گرێ نەداوە. ئەمە سەرمایەیەکی گەورەیە و دەبێت بیپارێزین و گەشەی پێ بدەین.

### ئایندەی ئۆپۆزیسیۆن؛ قەیران لە دەرەوە و هیوا لە ناوخۆ

بارودۆخی نوێ، زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات تووشی قەیرانێکی قووڵ دەکات. ئەو لایەنانەی کە هەموو ستراتیژی خۆیان لەسەر بنەمای «گۆڕانکاری لە ڕێگەی فشاری دەرەکییەوە» بنیات نابوو، ئێستا گەیشتوونەتە خاڵی سفر. ئەم ڕەوتە لە نێو طیفە جیاوازەکانی ئۆپۆزیسیۆندا، ئەوانەی ئاسۆی سیاسیی خۆیان ون کردووە، دەبێتە هۆی هەڵوەرینی پێشبینیکراو.
بەڵام لە ناوخۆی وڵاتدا، دۆخەکە جیاوازە. ڕەنگە بۆ ماوەیەک سستی و بێدەنگییەک هەبێت، بەڵام ئەمە کاتییە و تێدەپەڕێت. برینەکانی ئەم کۆمەڵگەیە ئەوەندە قووڵن کە ناتوانن بۆ هەمیشە سارێژ نەبن. بەڵام ئەمجارە، کاتێک برینەکان دەکولێنەوە، کۆمەڵگە وانەی لە ڕابردوو وەرگرتووە. خەڵک تێگەیشتوون کە ڕزگاری نە بە هیوابەستن بە شەڕی ١٢ ڕۆژە و ٤٠ ڕۆژە بەدەست دێت، و نە بە جووڵەی هەستبزوێن، خۆبەخۆ و بێ پلان. خەبات لەمەودوا ڕەوتێکی سروشتیتر، قووڵتر و پڕ دەستکەوتتر بەخۆیەوە دەبینێت. ئەرکی ئێمەیە کە لەم ڕەوتەدا پێشەنگ و ڕێکخەر بین.

### بنەماکانی سیاسەتی ئێمە لە هەرێمی کوردستان؛ نەخشەڕێگای تشکیلاتی

هاوڕێیان، بۆ ئەوەی بتوانین لەم قۆناغە ئاڵۆزەدا بە سەرکەوتوویی کار بکەین، دەبێت سیاسەتی تەشکیلاتی ئاشکرامان لێرە لە هەرێمی کوردستان، لەسەر چەند بنەمایەکی پتەو دابمەزرێنین. من پێشتریش لەم بارەیەوە قسەم کردووە. لێرەدا پێنج بنەمای سەرەکی دەخەمەڕوو کە وەک نەخشەڕێگایەک بۆ کارەکانمان دادەنرێن:

**بنەمای یەکەم:** هەرێمی کوردستان پشتە-بەرەی چەکداریی ئێمە نییە. دەبێت ئەمە بۆ هەموو لایەک ڕوون بێت. ئێمە هەرێمی کوردستان وەک پشتە-بەرەی خەباتی چەکداری لە دژی کۆماری ئیسلامی سەیر ناکەین. ئەمە بنەمای پەیوەندیی ئێمەیە لەگەڵ حکومەتی هەرێم و دەبێت بە وردی بیپارێزین. باسی پێگەی خەباتی چەکدارانە و مافی بەرگریی ڕەوا و ئەوەی کە لە چ کات و شوێن و هەلومەرجێکدا دەست بۆ چەک دەبەین یان نایبەین، یان چەک چ ڕۆڵێکی لە بەرگری لە دەستکەوتەکانی بزووتنەوەی جەماوەریدا هەیە، پەیوەندیی بە پێگەی تەشکیلاتی ئاشکرای ئێمەوە نییە لە هەرێمی کوردستاندا.
**بنەمای دووەم:** چالاکییە ئەساسیەکانمان سنووری جوگرافی ناناسن. ئەرکە بنەڕەتییەکانی ڕێکخراوی ئێمە نابێت بە هیچ سنوورێکی جوگرافییەوە ببەسترێنەوە. ئەگەر لە شوێنێکدا دەرگایەک داخرا، دەبێت دەیان پەنجەرەی تر بکەینەوە. توانای خۆگونجاندنی تشکیلاتی ئێمە دەبێت ئەوەندە بەهێز بێت کە بتوانین لە هەر بارودۆخێکدا درێژە بە ئەرکە سەرەکییەکانمان بدەین.
**بنەمای سێیەم:** خۆبەخشانە پێشوازی لە هیچ سنووردارکردنێک ناکەین. ئەمە بنەمایەکی زۆر گرنگە. ئێمە نە بە شێوازێکی سست و تەسلیمکارانە ملکەچی فشارەکان دەبین، و نە بە شێوازێکی سەرکێشانە خۆمان دەخەینە بەر گرژیی ناپێویست. هەوڵ دەدەین بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی حکومەتی هەرێم، زۆرترین کەڵک لە هەموو توانست و دەرفەتە بەردەستەکان وەربگرین.
**بنەمای چوارەم:** پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا، سەرەکیترین سەرمایەی ئێمەیە. ئێمە دەبێت پەیوەندیی خۆمان لەگەڵ خەڵکی هەرێمی کوردستان بەهێز بکەین. بەڵام لەوەش گرنگتر، دەبێت ئاگاداری ئەو ڕاستییە بین کە هەزاران کرێکاری کورد لە کوردستانی ئێرانەوە بۆ کار هاتوونەتە هەرێمی کوردستان. ئەم بەشە لە خەڵکی ئێمە، پردێکی زیندوون لە نێوان ئێمە و جەماوەری کرێکار لە کوردستانی ئێراندا. بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەم کرێکارانە، هەم ئەرکێکی ڕێکخراوەییە و هەم دەرفەتێکی لەڕادەبەدەر گرنگە کە نابێت لێی غافڵ بین.
**بنەمای پێنجەم:** ئاسایش و دابینکردنی ژیانی هاوڕێیان، لە پێشینەی هەموو شتێکدایە. با دووپاتی بکەمەوە: هیچ ئامانجێک گرنگتر نییە لە ئاسایش و دابینکردنی ژیانی هاوڕێیانی تشکیلاتی و ئەو کەسانەی کە لەژێر چاودێریی کۆمەڵەدان. ئەمە بەڵێنێکی نەگۆڕە. ئێمە پێداویستییەکانی ئەم ئاسایشە دابین دەکەین و ڕێگە نادەین هەلومەرجی نوێ هیچ جۆرە هەستێکی نائارامی و نیگەرانی لەم ڕووەوە لەناو هاوڕێکانماندا دروست بکات. بەڵام ڕوونە کە کارێکی وا گرنگ دەتوانین بە بەهێزکردنی هاوپشتیی هاوڕێیانە و هەستی بەرپرسیارێتیی بەکۆمەڵ بە سەربڵندییەوە بە ئەنجامی بگەینین.

هاوڕێیانی ئازیز،
قۆناغی داهاتوو، قۆناغی کاری ورد، ڕێکخستنی جەماوەری، و ووشیاری سیاسییە. ئێمە وەک حیزبێک کە لەناو دڵی گۆڕانکارییەکانەوە هەڵوێستی دروستی گرتەبەر، ئێستا لە پێگەیەکی باشداین بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی مێژوویی ببینین. با ئەم دەرفەتە بقۆزینەوە، با پەیوەندییەکانمان لەگەڵ خەڵکدا پتەوتر بکەین، با تەشکیلاتەکانمان فراوانتر بکەین، و با بە هیوایەکی شۆڕشگێڕانە و چاوێکی واقیعبینانەوە، خۆمان بۆ ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی کە بێ گومان لە ڕێگادایە، ئامادە بکەین.

هەر بژین و سەرکەوتوو بن.

# ئۆپۆزسیۆنی ئێران لە تاقیکردنەوەی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا

شەڕی ئەم دواییەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، بەدەر لە ئاکامە سەربازی و سیاسییەکەی، یەکێک بوو لە یەکلاکەرەوەترین تاقیکردنەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی. سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە ٩ی ڕەشەممەی ١٤٠٤، بە دەستپێکردنی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران کاردانەوەی کۆماری ئیسلامی، قەیرانێک هاتە ئاراوە کە نەک هەر پەیوەندییە ناوچەییەکانی گۆڕی، بەڵکوو هێزە سیاسییەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامیشی خستە بەردەم «ساتەوەختێکی بڕیاردان». لە ساتەوەختێکی ئاوادا، بێلایەنی مەحاڵ بوو. هەر ڕەوتێک، هەر تاکێک و هەر ڕێکخراوێک ناچار بوو هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە شەڕ، کۆماری ئیسلامی، هێزە دەرەکییەکان و داهاتووی ئێران ڕوون بکاتەوە.

شەڕ دیاردەیەکی تەنیا سەربازی نییە، بەڵکوو درێژەی سیاسەتە بە ئامرازێکی تر. لەمڕووەوە هەڵوێست و پەرچەکردار بەرامبەر بە شەڕ هەمیشە سیاسییە، تەنانەت ئەگەر بە زمانی سۆزداری، مرۆڤدۆستی، نیشتمانپەروەری و هتد دەربڕدرێت. هەندێک لە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان شەڕیان وەک «دەرفەتێکی مێژوویی» بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی دەبینی، هەندێکی دیکە بە «کارەساتێکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی»یان دەزانی، تاقمێکیش سیاسەتی «نا بۆ کۆماری ئیسلامی و دژایەتیکردن لەگەڵ هێرشی دەرەکی»یان گرتەبەر، بەشێکیش تووشی وەهەم دوودڵی و چاوەڕوانی بوون. ئەم شەڕە، زیاتر لەوەی ئۆپۆزسیۆن بگۆڕێت، ماهییەتی ڕاستەقینەی ئاراستە جیاوازەکانی ناو ئۆپۆزسیۆنی ئاشکرا کرد.

کوژرانی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، قەیرانەکەی گەیاندە ئاستێکی بێوێنە. لە لایەکەوە، هەرەسهێنان یان لاوازبوونی سەرەوەی دەسەڵات، هیوای بە ڕووخانی ڕژێمی لە نێوان بەشێک لە نەیاراندا زیاد کرد، لە لایەکی دیکەوە، هەر ئەم دۆخە لێڵ و تەمومژاوییە، سیناریۆکانی دارمانی کۆمەڵایەتی و ئەزموونی عێراق و لیبیای هێنایە ئاراوە. لە ئاوا دۆخێکدا، پرسیاری سەرەکی ئەمە بوو کە: ئایا دەبێ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بە دەستی خەڵکی ئێران و لە ڕێگەی بزووتنەوەیەکی جەماوەری، وشیارانە و ڕێکخراوەوە بێت، یان دەبێت وەک بەرهەمی بۆردوومان، گوشاری دەرەکی و پرۆژەی هێزە ئیمپریالیستییەکان سەیر بکرێت؟

ڕوونترین و پڕ هەراوهوریاترین هەڵوێست لە نێوان ئۆپۆزسیۆندا لەلایەن ڕەوتی سەڵتەنەتخوازی بە ڕێبەرایەتی ڕەزا پەهلەوییەوە گیراەبەر. ڕەزا پەهلەوی لە پەیامێکی ڤیدیۆییدا وتی: «ئەو یارمەتییەی کە سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان بەڵێنی بە خەڵکی بوێری ئێران دابووی، ئێستا گەیشتووە.» ئەو هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیلی وەک جۆرێک لە «دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە» ناوبرد و ئیدیعای ئەوەی کرد کە ئامانجی ئەم هێرشە نەک وڵات و جەماوەری خەڵکی ئێران، بەڵکوو کۆماری ئیسلامی، دەزگای سەرکوت و ئامێری کوشتاری ئەو ڕژێمەیە.

ئەم هەڵوێستە لە ڕاستیدا گوزارشتێکی چڕکراوە بوو لە ڕوانگەی سەڵتەنەتخوازەکان سەبارەت بە سیاسەت، واتە: شەڕ وەک دەرفەت. لەم تێڕوانینەدا، هێرشی دەرەکی نەک کارەساتێکی مرۆیی، بەڵکوو وەک درزێک لە دیواری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا سەیر دەکرێت، درزێکی کە دەکرێ بۆ گەڕانەوە بۆ سەر شانۆی دەسەڵات سوودی لێ وەربگیرێت. ڕەزا پەهلەوی لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ بی‌بی‌سیشدا وتبووی کە کۆماری ئیسلامی لە لاوازترین پێگەی خۆیدایە و ئەم دۆخە «دەرفەتێکی ناوازەیە بۆ ڕووخاندنی ڕژێم».

لە نێوان هەندێک لە ڕاوێژکاران و لایەنگرانی ئەم ڕەوتەدا تەنانەت هەڵوێستی ڕاشکاوانەتریش خرایە ڕوو، لەوانە ئەم تێگەیشتنەی کە ئەگەر ئێران لە ئاکامی ئەو شەڕەدا وێران بێت، ئاواکردنەوەی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی ئیمکانی دەبێت. تێڕوانینێکی لەم شێوەیە نیشان دەدات کە لە بەشێکی بەرەی سەڵتەنەتخوازاندا، پرسی سەرەکی نەک تێچووی کۆمەڵایەتی و مرۆیی شەڕ، بەڵکوو گواستنەوەی دەسەڵاتە. ئەوان هەوڵ دەدەن جیاوازی لە نێوان «ئێران» و کۆماری ئیسلامی»دا بکەن و بڵێن هێرشی دەرەکی ڕووی لە حکومەتە نەک خەڵک، بەڵام ئەزموونی هەموو شەڕە هاوچەرخەکان نیشانی داوە کە بۆمبەکان، گەمارۆکان، دارمانی ژێرخانەکان و نائەمنی، پێش هەموو شتێک بەسەر ژیانی خەڵکی ئاساییدا دەڕووخێت.

لەو ڕووەوە، هەڵوێستی سەڵتەنەتخوازەکان دیارترین نموونە بوو لە سیاسیبوونی پەرچەکردار بەرامبەر بە شەڕ. ئەوان شەڕیان وەک دەروازەیەک بینی، دەروازەیەک بۆ چوونەوە ناو دەسەڵات، ئەویش نەک لە ڕێگەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە ناوخۆدا، بەڵکوو لە ڕێگەی گوشاری دەرەکی و گۆڕینی هاوسەنگیی هێز لە سەرەوە.

ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵکیش لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕ، هەوڵی دا خۆی وەک ئەڵتەرناتیڤێکی ئامادە نیشان بدات. ڕاگەیاندنی حکومەتی کاتیی بۆ دامەزراندنی «کۆماری دیموکراتیک» لەم چوارچێوەیەدا واتا پەیدا دەکات. بۆ موجاهیدین، ئەم شەڕە تەنیا ڕووداوێکی سەربازی نەبوو، بەڵکوو جۆرێک بوو لە پشتڕاستکردنەوەی ستراتیژی دێرینی ئەوان لە پشتبەستن بە گوشاری دەرەکی، لۆبیکردنی نێودەوڵەتی و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی.

موجاهیدینی خەڵک ساڵانێکە هەوڵ دەدەن لە ئەمریکا، ئوروپا و ناوەندە نزیکەکان لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، خۆیان وەک هێزێکی ڕێکخراو، خاوەن دیسپلین و ئامادە بۆ قۆناغی دوای کۆماری ئیسلامی بناسێنن. لەبەر ئەوە، هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر ئێران مانایەکی دوولایەنەی هەبوو بۆ ئەوان، واتە: هەم گورزێک بوو لە دوژمنە دێرینەکەیان و هەم دەرفەتێک بوو بۆ سەلماندنی ئەوەی کە «ئەڵتەرناتیڤ» لە پێشدا ئامادەیە.

لە ڕووی سیاسییەوە، هەڵوێستی موجاهیدین لە هەڵوێستی سەڵتەنەتخوازەکانەوە نزیک بوو: هەر دوو ڕەوتەکە گورزی سەربازیی دەرەکییان وەک پێشەکییەک بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەبینی. جیاوازییەکە لەوەدا بوو کە سەڵتەنەتخوازەکان زیاتر پشتیان بە سەرمایەیەکەی ڕەمزیی وەک ناوی پەهلەوی و بیرەوەریی حکومەتی ناوەندیی پێشوو دەبەست، لە کاتێکدا موجاهیدین جەختیان لەسەر ڕێکخراوبوونی تەشکیلاتی و مێژووی «خۆڕاگریی» خۆیان دەکردەوە. بەڵام هەردووکیان لە یەک خاڵدا هاوبەش بوون کە بریتی بوو لە: هێنانەناوەوەی فاکتەری دەرەکی بۆ ناو چەقی هاوکێشەی گۆڕانکاری سیاسی لە ئێران.

ڕەوتە نەتەوەخوازە ئێرانییەکان و بەشێک لە ڕیفۆرمخوازە دوورخراوەکانیش لە دۆخێکی ئاڵۆزتردا بوون. ئەوان لە لایەکەوە دژی کۆماری ئیسلامی بوون و ڕووخان یان لاوازبوونیان بە پێویست دەزانی، لە لایەکی دیکەوە، پشتگیریی ئاشکرا لە هێرشی دەرەکی لەگەڵ ناسنامەی نیشتمانپەروەری ئەواندا ناتەبا بوو. لە ئاکامدا، هەڵوێستی ئەم ڕەوتە زۆرجار دووفاقی، بەپارێز و هەندێک جار دژبەیەک بوو. ئەم دژوازییە لە ناخی دۆخی سیاسی ئەوانەوە سەرچاوەی دەگرت. نەتەوەخوازیی ئێرانی، بەتایبەت لە شێوازە کلاسیکەکەیدا، ناتوانێت بەرامبەر بە بۆردوومانکردنی خاکی وڵاتەکەی بێدەنگ بێت. بەڵام هەمان نەتەوەخوازی کاتێک لەگەڵ حکومەتێکدا ڕووبەڕو دەبێتەوە کە خۆی بە خاوەنی وڵات دەزانێت و خەڵک سەرکوت دەکات، تووشی لەبەریەک ترازان و دابەشبوون دەبێت. هەربۆیە هەڵوێستی ئەم ڕەوتە نە پشتگیریی ڕاشکاوانە بوو لە شەڕ و نە ئیدانەکردنی بێ شەرت و مەرج، بەڵکوو هەوڵێک بوو بۆ پاراستنی مەودا لەگەڵ هەردوو لا، بەبێ ئەوەی بتوانێت وەڵامێکی ڕوون بە قەیرانەکە بداتەوە.

لە لایەکی ترەوە، ڕەوتە چەپەکان بەگشتی بە ڕاشکاوانەتر شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیلیان لەدژی ئێران ئیدانە کرد. بۆ زۆرێک لە هێزە چەپەکان، شەڕ نەک ئامرازی ڕزگاریی خەڵک، بەڵکوو درێژەی سیاسەتە ئیمپریالیستییەکان، نیزامیگەری ناوچەیی و ململانێی هێزە جیهانییەکانە. ئەوان جەختیان کردەوە کە بۆردوومانکردنی ژێرخانەکان، کوشتنی خەڵکی مەدەنی، تێکدانی ژینگە و دارمانی ئابووری، هەرگیز ناتوانێت ئازادیی بۆ خەڵکی ئێران بە دیاری بهێنێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەوتی چەپیش لە دژوازی و ناکۆکی ناوخۆیی بێبەری نەبوو. بەشێک لە چەپەکان بە پشتبەستن بە نەریتی مارکسیستی و ئاماژەکردن بە هەڵوێستەکانی مارکس و لێنین سەبارەت بە شەڕی نێوان دەوڵەتەکان، هەوڵیان دا هەڵوێستێکی ئوسوولی پێناسە بکەن. هەندێکیان شەڕیان تەنیا وەک ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئیمپریالیزم و کۆماری ئیسلامی دەبینی و مەترسیی کەوتنە ناو هەڵوێستی بەرگریی ناڕاستەوخۆ لە حکومەتیان لەبەرچاو نەگرت. بەشێکی دیکەیان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە دژایەتیکردن لەگەڵ هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل نابێت بە هیچ شێوەیەک ببێتە هۆی پشتگیریی سیاسی لە کۆماری ئیسلامی.

لە ڕاستیدا، سەختیی هەڵوێستی چەپ لەوەدا بوو کە دەبوو هاوکات دوو ڕاستی بەیان بکات: یەکەم ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی حکومەتێکی سەرکوتگەر، دژەکرێکار، دژەژن و دژەئازادییە و دووەم ئەوەی کە هێرشی سەربازیی دەرەکی نەک هەر ڕێگای ڕزگاری نییە، بەڵکوو دەکرێ ببێتە هۆی سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ستەمکاری، بەهێزبوونی نیزامیگەری، لەناوچوونی ژێرخانەکان و لاوازبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو چەپەی کە یەکێک لەم دوو ڕاستییە بنێتەلاوە، یان دەکەوێتە داوی ناسیۆنالیزمی حکومەتیی یان دەکەوێتە داوی دەستێوەردانی دەرەکی.

لە نێوان ڕەوتە چەپەکاندا، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەڵوێستی خۆی لەسەر سێ بنەمای سەرەکی دانا. یەکەم ئەوەی کە ئەم شەڕە نەک هەر دەرفەتێکی ڕاستەقینە نییە بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، بەڵکوو دەکرێ مانەوەی ڕژێم بۆ ماوەیەک مسۆگەر بکات. ئەزموونی مێژوویی نیشانی داوە کە حکومەتە قەیران لێدراوەکان لە دۆخی شەڕدا دەتوانن بە پشتبەستن بە کەشی ئەمنی، سەرکوتی ناوخۆیی توندتر بکەن، کۆمەڵگە لەژێر ئاڵای «بەرگریی نیشتمانی»دا کۆبکەنەوە و دەنگی نەیاران کپ بکەن. لەم ڕوانگەیەوە، هێرشی ئەمریکا و ئیسرائیل مەرج نییە لە بەرژەوەندیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکدا بێت. تەنیا لە حاڵەتێکدا کە هێزە دەرەکییەکان مەبەستیان داگیرکاری ڕاستەوخۆ و دانانی بەدیلی دڵخوازی خۆیان بێت، ڕەنگە ڕژێم بە شێوازی سەربازی لابرێت، بەڵام سیناریۆیەکی لەو شێوەیە، تەنانەت ئەگەر مومکینیش بێت، بە واتای ڕزگاریی خەڵک نییە، بەڵکوو دووبارەبوونەوەی ئەزموونەکانی وەک عێراق و لیبیا دەبێت: لەناوچوونی ژێرخانەکان، پەرەسەندنی نائەمنی، مەیدانداریی هێزە چەکدارەکان و هیتر...

بنەمای دووەمی هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، بریتی بوو لە جەختکردنەوە لەسەر لێکەوتە وێرانکەرەکانی شەڕ بۆ سەر ژێرخانەکان. ئەو ژێرخانانەی لە شەڕدا لەناو دەچن، دارایی حکومەت نین، بەڵکوو حاسڵی کار و ڕەنجی جەماوەرن. وێستگەی کارەبا، نەخۆشخانە، ڕێگاوبان، قوتابخانە، تۆڕەکانی ئاو، پەیوەندییەکان، پاڵاوگە و کارگەکان بە ئارەقەی نێوچاوان و ڕەنجی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرهەم هاتوون. هەربۆیە لەناوچوونیان، پێش ئەوەی دەسەڵاتداران سزا بدات، ژیانی خەڵک وێران دەکات.

بنەمای سێیەم، بریتییە لە پرسی ئەخلاقی و مرۆیی شەڕ. زیانە مرۆییەکان بە هیچ حیساباتێکی سیاسی ناتوانرێت پشتگوێ بخرێن. مێژووی بۆردوومانکردنی هیرۆشیما و ناکازاکی لە مانگەکانی کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانیدا، هێشتا ویژدانی مرۆڤە شەریفەکان ئازار دەدات. شەڕە هاوچەرخەکانیش نیشانیان داوە کە قوربانیانی سەرەکی، هەمیشە خەڵکی ئاسایین، لەوانە منداڵ، کرێکار، ژن، بەساڵاچوو، نەخۆش و ئاوارە. سەرەڕای ئەوەش، گەلێک جار تێکدانی ژینگە، پیسبوونی شیمیایی و لەناوچوونی سەرچاوە سروشتییەکان ئاسەوارێکی ئەوتۆ بەجێدەهێڵن کە بۆ چەندین نەوە دەمێننەوە.

لەمڕووەوە، هەڵوێستی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دەکرێ لە فۆرمۆلێکدا کورت بکرێتەوە بە واتای نا بۆ کۆماری ئیسلامی، نا بۆ شەڕی ئیمپریالیستی، بەڵێ بۆ ڕووخانی شۆڕشگێڕانە بە دەستی جەماوەر.

بەڵام پرسی کوردستان لەم شەڕەدا گرنگییەکی تایبەتی هەبوو، چونکە هەندێک لە هێزە نەتەوەخوازەکانی کورد، بەهۆی پێگەی ژیۆپۆلەتیکی کوردستان و پەیوەندیی مێژوویی بەشێک لە ڕەوتە کوردییەکان بە هاوکێشە ناوچەییەکانەوە، هەوڵیان دا هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بە شەڕ لەسەر بنەمای ئەگەری دەرفەتەکان دیاری بکەن. لە سەرەتای شەڕەکەدا، بەشێک لە هێزە نەتەوەخوازەکانی کورد بە کردەوە کەوتنە ڕێڕەوێکەوە کە لەگەڵ نەخشەی شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیلدا هاوئاهەنگ و هاوتەریب دەهاتە بەرچاو. ئەوان پێیانوابوو کە لاوازبوونی خێرای کۆماری ئیسلامی دەتوانێت فەزایەک بۆ بەرەوپێشچوونی ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کورد یان بەدەستهێنانی پێگەیەکی سیاسی نوێ لە داهاتووی ئێراندا بۆ خۆیان فەراهەم بکات.

بەڵام لەگەڵ گۆڕانی حیساباتی ئەمریکا، گۆڕانی هەڵوێستی ترامپ و دژایەتیکردنی دەوڵەتی تورکیا لەگەڵ پەرەسەندنی ناسەقامگیری لە سەر سنوورەکانی خۆی، ئەم هێزانە کەوتنە دۆخێکی پاسیڤ و ئینفعالییەوە. لەو کاتەوە، هەڵوێستەکانی ئەوان زیاتر ڕەنگی وەهەم، بەپارێزبوون و فرەچەشنی بەخۆیەوە گرت. نە توانیان بە ئاشکرا داکۆکی لە شەڕ بکەن، چونکە هەڵوێستێکی لەو شێوەیە لە ناو خەڵکی کوردستاندا دەیخستنە پەراوێزەوە و هەروەها نە توانیان بە بێ شەرت و مەرج ئیدانەی بکەن، چونکە بەشێک لە هیوای سیاسییان بە گۆڕانی هاوسەنگیی هێز لە دەرەوە گرێ درابوو.

لەم بەرامبەرەدا، کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران شەڕیان لە گۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار، خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخوازیی سەرانسەرییەوە لێکدایەوە. لەم تێڕوانینەدا، پرسی کوردستان لە خەباتی گشتی لەدژی کۆماری ئیسلامی و لەدژی دەستێوەردانی ئیمپریالیستی جیا نییە. ئازادیی خەڵکی کوردستان نەک لە ناخی بۆردوومانی دەرەکییەوە، بەڵکوو لە هەناوی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە، ڕێکخراوبوونی جەماوەری، یەکگرتوویی کرێکاران و زەحمەتکێشان و گرێدانی خەباتی کوردستان بە خەباتی سەرانسەریی خەڵکی ئێرانەوە دەستەبەر دەبێت.

********

پێشڕەو

دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٤ - جۆزەردانی ١٤٠٥ - ژوئن ٢٠٢٦

## منداڵیی، مافێکی کە دەبێت ڕێزی لێبگیرێت
## وتەیەک بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان



ڕۆژی جیهانیی منداڵان، ڕۆژێکە کە جیهان بۆ ڕێزلێنان لە منداڵان و وەبیرهێنانەوەی پێگەی مرۆیی و کۆمەڵایەتیی ئەوان دیاریی کردووە. ئەم ڕۆژە لە وڵاتانی جیاواز و لە ڕێکەوتی جیاوازدا بەڕێوە دەچێت، لە هەندێک وڵات یەکی ژوئەن و لە هەندێکی تریان بیستی نوامبر، بەڵام جیا لە جیاوازیی ڕۆژژمێرەکان، پەیامەکە هەر یەکە، ئەویش ئەوەیە کە: منداڵان بنیاتنەری داهاتووی مرۆڤایەتین و دەبێت لە هەموو مافە مرۆییەکانی خۆیان بەهرەمەند بن.

لە کۆمەڵگەیەکی مرۆییدا، قۆناغی منداڵیی دەبێت سەردەمی دۆزینەوە، یاری، خەیاڵکردن و شکڵگرتنی کەسایەتی بێت، قۆناغێکی کە تێیدا منداڵ فێر دەبێت جیهان دەتوانێت شوێنێکی ئارام و سەرسوڕهێنەر بێت. بەڵام بۆ ملیۆنان منداڵ لە سەرانسەری جیهان، واقیعی ڕۆژانە شتێک نییە جیا لە شەڕ، هەژاریی، هەڵاواردن، چەوسانەوە و سەرکوتی سیاسی، ئەو هێزانەی کە منداڵیی لە ڕیشەوە وشک دەکەن و نەوەیەکی بریندار ڕەوانەی تەمەنی گەورەیی دەکەن.

لە دوو شەڕی ئەم دواییەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێراندا، وەک زۆربەی ململانێ ناوچەییەکان، منداڵان لە زومرەی بێ دیفاعترین قوربانییەکان بوون. کارەساتی «میناب» نموونەیەکی دڵتەزێنی ئەم واقیعەیە: ١٦٠ منداڵی قوتابخانە لە کاتێکدا لە یەکەم شەپۆلی بۆردومانەکاندا کرانە ئامانج، کە لەسەر کورسییەکانی پۆلی وانەوتنەوە دانیشتبوون.

هاوکات لەودیو سنوورەکانی ئێرانیشەوە، منداڵانی ئیسرائیلی و لوبنانی لەژێر ئاگری موشەکەکاندا بریندار بوون یان گیانیان لەدەستدا. بۆ ئەو منداڵەی کە زیندوو دەمێنێتەوە، شەڕ واتە ترسی بەردەوام، شەوانی بێخەوی، قوتابخانەیەکی کە چیتر بوونی نییە، ماڵێک کە وێران بووە و پێکەنینێک کە بووەتە گریان یان بێدەنگی. لە چرکەیەکدا، ماڵ، قوتابخانە، یاری، خەوی ئارام و هەستنەکردن بە ئەمنییەت و سەرجەم پێکهاتەکانی منداڵیی، دەکرێت لەناو بچن.

یەکێک لە قووڵترین و بەئازارترین برینەکانی شەڕ، ئەو برینەیە کە لەسەر دەروونی منداڵان دروست دەبێت، برینێکی کە لە ئامارە فەرمیی و وێنەکانی هەواڵدا نابینرێت، بەڵام تا ساڵانێکی زۆر لەگەڵیاندا دەمێنێتەوە. منداڵان لە تاران، تەلئەبیب، بەیرووت و شارە شەڕلێدراوەکانی تر، لەوانەیە شەوانە کابوس ببینن، لە دەنگی بەرز بترسن، گۆشەگیر بن یان ڕەفتاری توندوتیژانە لەخۆیان نیشان بدەن. شەڕ، تەنانەت کاتێک تەقە لە جەستەی منداڵەکەش ناکات، دەروونی ئەو دەپێکێت. لە هەمووشیان تاڵتر ئەوەیە کە توندوتیژی دەکرێت بۆ ئەم منداڵانە ببێتە شتێکی «ئاسایی»، نەوەیەکی کە بە ترس و نەفرەتەوە گەورە بێت، ئەم ترس و نەفرەتە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەروەها لە کولتوور و سیاسەتدا بەرهەم دەهێنێتەوە.

لە غەززە، سپای ئیسرائیل لە ماوەی دوو ساڵ شەڕدا، دەیان هەزار منداڵی کوشتووە، کارەساتێکی خۆفناک و فرەڕەهەند کە تاوانێکی ڕێکخراو و بەتەواو مانایە لەدژی منداڵان. ئەم کۆمەڵکوژییە لەپێش چاوی جیهان و بە چاوپۆشیی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی حکومەتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕوویداوە. لە جیهانێکی ئاوادا، قسەکردن لەسەر «مافەکانی منداڵ» بەبێ ڕەخنەی جددی لە پێکهاتەکانی دەسەڵات، زیاتر لە دووڕوویی و ڕیاکاری دەچێت تا خەمخۆرییەکی ئینسانی.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، دۆخی منداڵان لاپەڕەیەکی ڕەشە لە دەفتەری پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤدا. لە کاتی بزووتنەوەی «ژن، ژیان، ئازادی»دا، زیاتر لە ٧٠ منداڵ و تازەلاوی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ، لە کەمتر لە ساڵێکدا گیانیان لەدەستدا. هاوکات، سەدان قوتابخانەی کچان لە ناوچە جیاجیاکانی وڵات بە گازی ژەهراوی هێرشیان کرایە سەر و هەزاران قوتابی ژەهراوی بوون، کارێکی کە ئامانجەکەی بریتی بوو لە چاوترسێنکردنی نەوەی گەنج و کۆمەڵگە بەگشتی.

ئێران تاقە وڵاتە کە هێشتا منداڵانی ژێر ١٨ ساڵی تێدا لەسێدارە دەدرێت. بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی پڕن لەو تازە لاوانەی کە بەهۆی هەژاری، گیرۆدەبوونی دایک و باوکیان بە مادە هۆشبەرەکان، تاوانی بچووک، شەڕی سەر شەقام یان نارەزایەتی سیاسی دەستبەسەرکراون. لە زۆرێک لە قوتابخانەکان، سزای جەستەیی هێشتا باوە و ملیۆنان منداڵ لە بنەماڵە کرێکار و کەمداهاتەکان لە خوێندن بێبەشن و ناچار دەکرێن بچنە ژێرباری کارە سەخت و سووکایەتی ئامێزەکان، لە گەڕان بەناو زبڵدان و دەستفرۆشییەوە بگرە تا کارکردن لە کارگە ژێرزەمینییەکاندا.

سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە منداڵان مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا، بەکارهێنانی ڕێکخراوی منداڵان لە بەرەکانی شەڕدا، ناردنی تازەلاوان بۆ ناو کێڵگەکانی مین و پیرۆزکردنی «شەهادەتی منداڵان» بەشێک بوو لە سیاسەتی فەرمی. دۆخی ئەمڕۆش لە بەکارهێنانی منداڵان لە پێکهاتەی بەسیج، لە خۆپیشاندانەکان، لە شیوەن و ماتەمینییە خوێناوییەکان و تەنانەت لە سەرکوتی سەر شەقامەکان، درێژەی هەمان لۆژیکە. بەکارهێنانی جەستە و مێشکی منداڵ وەک ئامرازێک لەپێناو ئامانجی سیاسی و ئایدۆلۆژیدا، ئەمانە هەموویان لە چوارچێوەی چەمکی تاوان لەدژی مرۆڤایەتیدا دەگونجێن.

قوتابخانە دەبێت ژینگەیەکی ئارام بێت بۆ فێربوون، هاوڕێیەتی، داهێنان و پرسیارکردن، بەڵام لە زۆرێک لە قوتابخانەکانی ئێران، منداڵیی، هەر لە دەرگای چوونەژوورەی قوتابخانەکەوە زەوت دەکرێت. منداڵان هەر لە ساڵەکانی سەرەتاییەوە لەسەر بنەمای ڕەگەز لەیەک جیا دەکرێنەوە. کچانی منداڵ لە ڕۆژی یەکەمی قوتابخانەوە ناچار دەکرێن حیجابی زۆرەملێ بپۆشن و جەستەیان لەجیاتی ئەوەی تەنیا بەشێک بێت لە ناسنامەی مرۆییان، دەبێتە بابەتی کۆنترۆڵ و چاودێری. لە ژینگەیەکی ئاوادا، لە کوڕاندا ڕۆحیەتی باڵادەستی و پیاوسالاری و لە کچاندا ڕۆحیەتی تەسلیمبوون و گوێڕایەڵی بەهێز دەکرێت.

کتێبە دەرسییەکان پڕن لە پەروەردەی ئایینی و ئایدۆلۆژی. مەلا و ئاخووندی ئایینی، خوێندکارانی بواری ئایین و هێزە شێوە نیزامییەکان دەنێردرێن بۆ قوتابخانەکان تا کولتووری سیخوڕی، چاودێریکردنی یەکتر لەنێوان منداڵاندا بڵاو بکەنەوە. بۆ کچانی ٩ ساڵان «جەژنی تەکلیف» بەڕێوە دەچێت، حیجاب و عیبادەتی زۆرەملێ وەک جەژنی «باڵغبوون» دەناسرێن و ئەوان هان دەدرێن بۆ قبوڵکردنی پێشوەختەی ڕۆڵە نەریتییەکان، لەوانە هاوسەرگیریی پێشوەختە.

منداڵێکی کە لە ژینگەیەکی ئاوادا گەورە بێت، ژینگەیەکی کە پڕ بێت لە ترس، سووکایەتی، هەڵاواردنی ڕەگەزی و خورافات، نە دەرفەتی ئەوەی هەیە کە بەشادی بژی و نە بواری گەشەکردنی ئازادانە. لێکەوتەکانی ئەم سەرکوتە بە درێژایی تەواوی تەمەنی لەگەڵیدا دەمێنێتەوە، لە دڵەڕاوکێی درێژخایەن و کەمبوونەوەی متمانە بەخۆبوونەوە بگرە تا کێشەی دروستکردنی پەیوەندییەکی تەندروست لەگەڵ خۆی و کەسانی تردا.

ئەگەر ڕۆژی جیهانیی منداڵان تەنیا لە چوارچێوەی ئاهەنگ گێڕان، بەرنامە تەلەویزیۆنییەکان، شیعرخوێندنەوە و ڕازاندنەوەی قوتابخانەکاندا سنووردار بمێنێتەوە، بەبێ ئەوەی ئاوڕ لەو پێکهاتانە بدرێتەوە کە منداڵان دەکوژن، دەچەوسێننەوە، تووشی ترس و دڵەڕاوکێیان دەکەن و دەیانشکێنن، ئەوا دەبێتە نمایشێکی پووچ و بێ ناوەڕۆک. ڕێزلێنانی ڕاستەقینە لە منداڵیی واتە خەبات لەپێناو گۆڕانکاریدا.

بۆ گۆڕینی دۆخی ئێستا، دەبێت ئامانجەگەلێکی دیاریکراو بخرێنە چەق و ناوەندی خەباتی کۆمەڵایەتییەوە، لەوانە:

قەدەغەکردنی کاری منداڵان و دەستەبەرکردنی پەروەردەی بێبەرامبەر، خاوەن کوالێتی بەرز و گشتگیر بۆ هەمووان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی چین، نەتەوە، ڕەگەز و ئایین.

قەدەغەکردنی تەواوەتیی سزای جەستەی لەناو ماڵ، قوتابخانە و سەرجەم ناوەندە پەروەردەیی و فێرکارییەکان.

هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، بەتایبەت بۆ منداڵان و تازەلاوان و هەروەها چاکسازی و پێداچوونەوە بە یاساکانی سزادان لەسەر بنەمای کەرامەتی مرۆیی.

قەدەغەکردنی بێ ئەملاو ئەولای چەکدارکردنی منداڵان و بەکارهێنانیان لە هێزە نیمچە سەربازییەکان، خۆپێشاندانە حکومییەکان و ململانێ سیاسییەکاندا.

کۆتایهێنان بە دەستتێوەردانی ئایین و ئایدۆلۆژیای فەرمی لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا و هەروەها گۆڕینی بە پەروەردەیەکی زانستی و ڕەخنەگری.

پەرەپێدان و پشتگیریی جددی لە ڕێکخراوە سەربەخۆکانی داکۆکیکار لە مافەکانی منداڵان، لەجیاتی سەرکوتکردن و ئەمنییەتیکردنی چالاکییەکانیان.

جێبەجێکردنی تەواوەتیی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی منداڵان و گۆڕینیان بۆ پێوەری هەڵسەنگاندنی سیاسەتە پەروەردەیی، دادوەری و کۆمەڵایەتییەکان.

ڕۆژی جیهانیی منداڵان ئەگەر مانایەکی هەبێت، ئەوەیە کە وەبیر خۆمان و جیهانی بهێنینەوە کە هیچ پاساوێکی ئایدۆلۆژی، ئایینی، ئەمنی یان ئابووری ناتوانێت مەشروعییەت بدات بە پێشێلکردنی منداڵیی. بەرگریکردن لە منداڵان، بەرگریکردنە لە داهاتوو و هەر کۆمەڵگەیەکی کە منداڵانی خۆی بکاتە قوربانی، داهاتووی خۆی بە دەستی خۆی لەناو بردووە.

********

## لەسێدارەدان، تیرۆری دەوڵەتیی، لە پێناو سەپاندنی دەسەڵاتێکی ناڕەوادا

لەسێدارەدان، بە هەر شێوازێک و لەژێر هەر پاساوێکدا بێت، هیچ شتێک نییە جگە لە کوشتنی بەئەنقەستی ڕێکخراو بە دەستی دەوڵەت. کاتێک ئەم سزایە دەکەوێتە دەست حکوومەتێکی کە نە مەشروعییەتی جەماوەری هەیە و نە سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ بە فەرمی دەناسێت، لەسێدارەدان دەبێتە ئامرازێکی ئاشکرا بۆ تیرۆری دەوڵەتیی، ئامرازێک بۆ سەپاندنی بێدەنگی بەسەر کۆمەڵگادا. کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێکە لە دیارترین نموونەکانی دۆخێکی لەم شێوەیە، حکومەتێکی کە لە تەواوی تەمەنی خۆیدا، پەتی سێدارەی کردووە بە یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی مانەوەی سیاسیی خۆی.

لە سەرەتای ئاگربەستی شەڕی چل ڕۆژەوە، کۆماری ئیسلامی هەموو ڕۆژێک لانیکەم بەندکراوێکی سیاسیی لەسێدارە داوە. ئەم پرۆسەیە بەڕێکەوت نییە. هەر کاتێک قەیرانی سیاسی، کۆمەڵایەتی یان ئەمنی پەرەدەسێنێت، دام و دەزگای لەسێدارەدانیش بە خێراییەکی زیاترەوە دەکەوێتە گەڕ. دەسەڵاتێکی کە لەگەڵ نارەزایەتییەکی بەربڵاوی جەماوەریی، نەبوونی پێگەی کۆمەڵایەتی و قەیرانە ئاڵۆز و یەک لەدوای یەکە سیاسی و ئابوورییەکان بەرەوڕووە، بۆ نیشاندانی هێز پەنا دەباتە بەر سادەترین و دڕندانەترین ئامرازی خۆی، کە ئەویش بریتییە لە سەندنەوەی گیانی مرۆڤەکانە.

بەڵام لەسێدارەدانی بەندکراوانی سیاسی تەنیا بەشێکە لەم سیاسەتی چاوترسێنکردنە. کۆماری ئیسلامی هاوتەریب لەگەڵ سەرکوتکردنی ڕاستەوخۆی نەیارانی سیاسی، جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانی لەو پەروەندانەشدا کە بە «تاوانە ئاساییەکان» ناسراون، چڕتر کردووەتەوە. ئامانج لەم سیاسەتە دووفاقییە، ئاساییکردنەوەی مەرگ، پەرەپێدانی کەشی ترس و تۆقاندن و سڕکردنی کۆمەڵگایە لە ئاست توندوتیژیی دەوڵەتیدا. کاتێک هەموو ڕۆژێک هەواڵی لەسێدارەدانی چەند مرۆڤێک بڵاودەبێتەوە، حکومەت هەوڵ دەدات مەرگ بکاتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانە و ڕووداوێکی بەردەوام ئاسایی کە هەستیاریی گشتی لەناو ببات.

بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران، لە ساڵی ٢٠٢٥دا لانیکەم ٧٤٧ کەس لە ئێران لەسێدارەدراون، ئەمە بەرزترین ڕێژەیە لە ساڵی ٢٠١٠وە تا ئێستا.

نموونەی بەئازاری لەسێدارەدانی چەند ڕۆژ لەمەوبەری ئەسما زارعی، تەمەن ٢٨ ساڵ، لە بەندیخانەی ناوەندیی ئەردەبیل، قووڵایی ئەم دڵڕەقی و وەحشیگەرییە نیشان دەدات. ئەو لە کاتی دەستبەسەرکردنیدا دووگیان بوو و منداڵەکەی لە ناو چواردیواری بەندیخانەدا لەدایکبوو. ئەم منداڵە ئێستا لە تەمەنی دوو ساڵیدا بۆ هەمیشە لە سۆزی دایکی بێبەش کراوە. لەسێدارەدانی ژنێکی گەنج تەنیا مردنی تاکێک نییە، بەڵکوو مەحکوومکردنی منداڵێکە بە بێدایکی، بنەماڵەیەک بە داغداربوونی هەمیشەیی و کۆمەڵگایەک بە تەحەمولی زامێکی ئەخلاقی. لە هەمان بەندی ژنانی بەندیخانەی ئەردەبیل دا، نزیکەی ٨٠ بەندکراو ڕاگیراون و لانیکەم حەوت ژنی دیکە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە، ژنانێکی کە هەموو ڕۆژ و شەوێک لەگەڵ کابووسی بیستنی ناوی خۆیان بۆ گواستنەوەیان بۆ پای پەتی سێدارە دەژین.

ئێران لە ساڵی ٢٠٢٥دا بەرزترین ڕێژەی لەسێدارەدانی ژنانی لە جیهاندا تۆمار کردووە. لەم ساڵەدا لانیکەم ٤٨ ژن لەسێدارەدراون. ئەمەش واتە زیادبوونی پەنجاو پێنج لەسەد بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پێشووتردا. ئەم ئامارە تەنیا نیشاندەری ئاستی سەرکوتکردنەکان نییە، بەڵکوو نیشاندەری پێگەی ژنانە لە سیستمێکدا کە ژنکوژی و دژەنبوون، کۆنترۆڵکردنی جەستە و ژیانی ژنان و سەرکوتکردنی دەنگی ئەوان بەشێکی دانەبڕاوە لە سروشتی ئەو شێوازە سەرکوتە. زۆربەی ئەو ژنانەی کە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا دەسەپێت، خۆیان قوربانیی ساڵانێکی زۆر لە هەژاری، توندوتیژیی خێزانی، بێ مافی، هەڵاواردن و بێپەنایی کۆمەڵایەتی بوون. سیستەمێکی کە نەک هەر پشتگیریی لێ نەکردوون، بەڵکوو لە کۆتاییدا لەلایەن هەر ئەو سیستەمەوە دەبردرێنە پای سێدارە.

کۆماری ئیسلامی نەک هەر یەکێکەل لە پڕ ئەژمارەترین، بەڵکوو یەکێک لە دڕندەترین سیستەمەکانی لەسێدارەدان لە جیهاندا بەڕێوە دەبات. ئەم ڕژێمە لەو دەگمەن حکوومەتانەیە کە هێشتاش ئەو کەسانەی لە کاتی ئەنجامدانی تاواندا لەژێر تەمەنی یاساییدان، لەسێدارە دەدات. هەروەها بە جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدان لەبەرچاوی جەماوەر، جەستەی مرۆڤ دەکاتە شانۆی نیشاندانی هێز، مرۆڤەکان لە مەیدان و کۆڵاندا بە دەکەلی جەرسەقیلەکانەوە هەڵدەواسێت تا مەرگ بخاتە بەر چاوی هەموان و تۆی ترس و خۆف لە مێشک و زێهنی هاووڵاتیاندا بچەسپێنێت. دیمەنی لەم شێوەیە، ڕێوڕەسمی ئاشکرای سووکایەتیکردنن بە مرۆڤ.

⬅

دام و دەزگای تەبلیغاتی حکومەت هەوڵ دەدات لەسێدارەدان وەک ئامرازێک بۆ کەمکردنەوەی تاوان، دابینکردنی ئاسایش و جێبەجێکردنی دادپەروەری بناسێنێت. بەڵام ئەزموونی جیهانی و توێژینەوە باوەڕپێکراوەکان گەلێک جار نیشانیانداوە کە سزای لەسێدارەدان کاریگەرییەکی ڕێگریکارانەی کاریگەرتری لە سزا جێگرەوەکانی تر نییە. هیچ کۆمەڵگایەک بە کوشتنی کەسانێکی کە گومانی تاوانباربوونیان لەسەرە، ئەمن و ئارامتر نەبووە. ئاسایشی کۆمەڵایەتی نە لە پەتی سێدارەوە، بەڵکوو لە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، پەروەردە، خۆشگوزەرانی، یەکسانی، پشتگیریی دەروونی و کۆمەڵایەتی، ڕەخساندنی هەلی کار، کەمکردنەوەی هەژاری و بوونی سیستمێکی دادوەریی دادپەروەرانەوە سەرچاوە دەگرێت.

واقیعییەت ئەوەیە کە مرۆڤەکان هەر لەسەرەتاوە بە بکوژ، سەرپێچیکار یان تاوانبار لەدایک نابن. زۆربەی تاوانەکان لە بەستێنی پڕ لە هەژاریی پێکهاتەیی، بێکاری، بێبەشی، ئالودەبوون بە مادەهۆشبەرەکان، توندوتیژی، ناعەداڵەتی، هەڵاواردن و داڕمانی پشتگیرییە کۆمەڵایەتییەکاندا شکڵ دەگرن. حکومەتێکی کە بە سیاسەتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی، هەژاری، بێهیوایی و توندوتیژی بەرهەم دەهێنێتەوە، دواتر قوربانیانی هەر ئەم بارودۆخە بە ناوی عەداڵەتەوە لەسێدارە دەدات. ئەمە ئەوپەڕی دووڕوویی نەزمێکی ناعادڵانەیە. سەرەتا مرۆڤەکان لە دۆخێکی بێبەشی و پڕ لە توندوتیژیدا بەجێدەهێڵێت، پاشان بەهۆی لێکەوتەکانی هەمان بارودۆخ، لەناویاندا دەبات.

لە دۆسیە سیاسییەکاندا، بابەتەکە زۆر لەوەش ڕوونترە. لەسێدارەدانی بەندکراوانی سیاسی، هەوڵێکە بۆ لەناوبردنی نەیاران و دروستکردنی ترس لە ناو کۆمەڵگای ناڕازیدا. کۆماری ئیسلامی لە یەکەم ساڵەکانی دامەزراندنییەوە، هەر لە ئێعدامە بەربڵاوەکانی ڕۆژانی سەرەتای دوای ڕووخانی ڕژێمی شاوە بگرە تا دەیەی شەست و تا لەسێدارەدانی خۆپیشاندەران و هەڵسووڕاوانی سیاسی، نیشانی داوە کە بۆ سڕینەوەی نەیارەکانی، لە هیچ چەشنە توندوتیژییەک دەست ناپارێزێت. دادگاییکردنە چەند خولەکییەکان،وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملێ، ئەشکەنجە، بێبەشکردن لە پارێزەر، پەروەندەسازی ئەمنییەتی و دەرکردنی سزای مەرگ، لە زومرەی پێکهاتە ناسراوەکانی ئەم دەزگای سەرکوتەیە.

بەڵام هەرچەندە حکومەت زیاتر لەسێدارە بدات، زیاتر ئەوە نیشان دەدات کە لە کۆمەڵگا دەترسێت. لەسێدارەدان نیشانەی هێز نییە، نیشانەی قەیرانی مەشروعییەتە. حکومەتێکی کە بتوانێت بە ڕەزامەندیی جەماوەر حوکمڕانی بکات، پێویستی بەوە نییە هەموو ڕۆژێک پەتی سێدارە هەڵواسێت. هەرچەندە سزاکان دڕندانەتر و بێ بەزییانەتر دەبن، ئەو ڕاستییە پتر دەسەلمێنن کە دەسەڵات تا چ ڕادەیەک لە ئاستی پاراستنی دەسەڵاتی خۆیدا بێتوانا و سەرلێشێواوە. کۆماری ئیسلامی کە لە ٤٧ ساڵی ڕابردوودا نەیتوانیوە ئازادی، خۆشگوزەرانی، ئەمنییەتی ئینسانی یان دادپەروەری بۆ خەڵک دابین بکات، ئێستا بە چڕکردنەوەی لەسێدارەدانەکان هەوڵ دەدات نەبوونی مەشروعیەت بە زاڵکردنی ترس و تۆقاندن قەرەبوو بکاتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ترس هەمیشە بەردەوام نابێت. هەر لەسێدارەدانێک، بنەماڵەیەک داغدار دەکات، بەڵام هاوکات تۆوی تووڕەییەکی نوێ لە کۆمەڵگادا دەچێنێت. هەر پەتێکی سێدارە، ڕەنگە بۆ ساتێک بێدەنگی بسەپێنێت، بەڵام لە یادەوەریی کۆمەڵانی خەڵکدا دەبێتە بەڵگەیەک لەدژی دەسەڵات. مێژوو نیشانی داوە کە توندوتیژیی دەوڵەتی دەتوانێت بزووتنەوەکان سەرکوت بکات، بەڵام ناتوانێت ئاواتی ئازادی و دادپەروەری لەناو ببات.

لەمڕووەوە، دەبێت خەبات لەدژی لەسێدارەدان، خەباتێکی بنەڕەتی، گشتگیر و بێ جیاوازی بێت. ئیدانەکردنی لەسێدارەدانە سیاسییەکان پێویستە، بەڵام بەس نییە. ئەگەر تەنیا لەدژی لەسێدارەدانی نەیارانی سیاسی بوەستینەوە و لەسێدارەدانی بەندکراوانی تاوانە ئاساییەکان قبووڵ بکەین، ئەوا ئەسڵی مافی ژیانمان مەرجدار کردووە. مافی ژیان مافێکی گشتییە، نە پاداشتێکە بۆ بێتاوانیی سیاسی و نە ئیمتیازێکە کە دەوڵەت بتوانێت وەریبگرێتەوە. دژایەتیکردنی لەسێدارەدان دەبێت هەموو مرۆڤەکان بگرێتەوە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی تاوانێکی کە دراوەتە پاڵی، پێگەی کۆمەڵایەتی، بیروباوەڕ، ڕەگەز، نەتەوە یان ئایین.

ئەمڕۆ بەرگریکردنی بێ شەرت و مەرج لە هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، بەشێکی دانەبڕاوە لە خەبات لەپێناو کۆمەڵگایەکی ئازاد، یەکسان و ئینسانیدا. ناتوانرێت داوای ڕزگاربوون لە ستەمکاری بکرێت و لە ئاست دام و دەزگای مەرگدا بێدەنگ بیت. ناتوانرێت باسی کەرامەتی مرۆڤ بکرێت و گیانی مرۆڤ بە پەتی سێدارە بسپێردرێت. خەبات لەدژی لەسێدارەدان، خەباتە لەپێناو مافی ژیان، لەپێناو کەرامەتی ئینسانی و کۆتاییهێنان بە یەکێک لە دڕندانەترین شێوازەکانی توندوتیژیی دەوڵەتیی. ئەم خەباتە دەبێت ببێتە داواکارییەکی گشتی، کۆمەڵایەتی و سیاسی: نا بۆ لەسێدارەدان، لە هەر کاتێکدا، لە هەر شوێنێک و لەدژی هەر مرۆڤێک.

********

# دەستێوەردانی ناڕەوای حکومەتی ئەمریکا لە کوبادا



پەیوەندییە گرژ و مێژووییەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کوبا سەرلەنوێ پێی ناوەتە قۆناغێکی قەیراناوییەوە. حکومەتی ئەمریکا بە گرتنەبەری کەمپەینی «گوشاری بێ ئەوپەڕ»، توندترین سزا و گەمارۆی نەوتیی بەسەر ئەم دوورگە بچووکەی دەریای کارائیبدا سەپاندووە. ئەم گوشارانە بوونەتە هۆی کەمبوونی ئێجگار زۆری سووتەمەنی و خۆراک و پچڕانی درێژخایەنی کارەبا لە کوبا و ئەم وڵاتەیان خستووەتە لێواری داڕمانی ئابوورییەوە. بەڵام بۆ تێگەیشتن لە بنەڕەتی ئەم قەیرانە، پێویستە چاوێک بە مێژووی درێژخایەنی دەستێوەردانی ئەمریکا لە کاروباری ئەم دوورگەیەدا بخشێندرێت، مێژوویەکی کە پتر لە سەدەیەک پێشینەی هەیە.

دەستێوەردانی ئەمریکا لە کوبا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەستی پێکرد. دوای شەڕی ئیسپانیا و ئەمریکا لە ساڵی ١٨٩٨دا، حکومەتی ئەمریکا بە کردەوە کۆنترۆڵی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی کوبای گرتە دەست و مافی دەستێوەردانی سەربازیی لەو وڵاتەدا بە خۆی دا. بەدرێژایی دەیەکانی ڕابردوو، کۆمپانیا ئەمریکییەکان بەشێکی زۆری زەوییە کشتوکاڵییەکان، کانەکان و پیشەسازییەکانی کوبایان کۆنترۆڵ کرد، لە کاتێکدا زۆربەی خەڵکی کوبا لە هەژاریدا دەژیان.

دوای شۆڕشی ١٩٥٩ و هاتنەسەرکاری فیدل کاسترۆ، ئەمریکا هەموو ئامرازە بەردەستەکانی بۆ ڕووخاندنی حکومەتی شۆڕشگێڕ بەکارهێنا. شەرمەزارانەترین نموونەی ئەم هەوڵانە، بریتی بوو لە ئۆپەراسیۆنی کەنداوی بەرازەکان لە ساڵی ١٩٦١دا، هێرشێکی کە بە شکستی ئەمریکا کۆتایی هات. هەروەها ڕێکخراوی سیخوڕیی «سی ئای ئەی» دەیان پلانی بە مەبەستی تیرۆرکردنی فیدل کاسترۆ داڕشت کە هەموویان شکستیان هێنا. گەمارۆی ئابووری کە لە ساڵی ١٩٦٢ەوە دەستی پێکردووە، پتر لە شەش دەیەیە بەردەوامە و بووەتە یەکێک لە درێژخایەنترین سزا ئابوورییەکان لە مێژوودا.

ئەم سزایانە تەنیا یەک ئامانجیان هەبووە، ئەویش بریتی بووە لە خنکاندنی ئابووریی کوبا و سەپاندنی گۆڕینی ڕژێم لە ڕێگەی گوشارخستنە سەر خەڵکەوە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵانێکە بە زۆرینەیەکی ڕەها ئەم سزایانە سەرکۆنە دەکات، بەڵام ئەمریکا هێشتاش بەردەوامە لەم گەمارۆ ستەمکارانەیە.

ئەمڕۆش هەمان لۆژیک دووبارە دەبێتەوە. یەکێک لە بژاردە ڕادیکاڵەکانی سەر مێزی ترامپ، بریتییە لە هێرشی سەربازیی ڕاستەوخۆی ئەمریکا بۆسەر ئەو وڵاتە بەمەبەستی لابردنی کەسایەتییە سەرەکییەکانی حکومەتی کوبا. دوای ئەوەی وەزارەتی دادی ئەمریکا ڕاوول کاسترۆی بە خستنەخوارەوەی دوو فڕۆکەی مەدەنی لە ساڵی ١٩٩٦دا تۆمەتبار کرد، ئەگەری ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ دەستگیرکردنی ئەو پەرەی سەندووە.

کارێکی لەم شێوەیە بێپێشینە نییە. لە مانگی ژانویەی ڕابردوودا، هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا لە ئۆپەراسیۆنێکی هاوشێوەدا لە ڤێنزوێلا، نیکۆلاس مادۆرۆیان دەستگیر کرد. لە ساڵی ١٩٨٩یشدا، هێرشی هەزاران سەربازی ئەمریکا بۆ سەر پانەما بووە هۆی دەستگیرکردنی مانوێل نۆریگا. ئەم نەریتە دووباتبۆوە، نیشانی دەدات کە ئەمریکا هێشتا خۆی بە خاوەن مافی تاکلایەنە دەزانێت بۆ دەستێوەردانی سەربازی لە وڵاتە سەربەخۆکانی ئەمریکای لاتیندا، ڕوانگەیەکی کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ «دکتۆرینی مۆنرۆ»، کە ئەمریکای لاتین بە حەوشەی پشتەوەی خۆی دەزانێت.

حکومەتی ئەمریکا هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی گوشارەکان، دەرگاکانی دیپلۆماسیشی بە کراوەیی هێشتووەتەوە. دۆناڵد ترامپ ڕایگەیاندووە کە لەگەڵ کەسانێک لە ناوخۆی کوبادا لە پەیوەندیدایە و مارکۆ ڕووبیۆ، وەزیری دەرەوەش، جەختی لەسەر خواستی حکومەتەکەی کردووەتەوە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک کە لە ئاکامی گفتوگۆدا بەدی بێت. ئەمریکا بەدوای گۆڕانکارییەکانی وەک کردنەوەی ئابووریی کوبا، ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی و کۆتاییهێنان بە هەژموونی ڕووسیا و چین لەو دوورگەیەوەیە.

ترامپ وێڕای ئاماژە بە دۆخی ئابووریی کوبا وتوویەتی: پێویست بە توندکردنەوەی گرژییەکان ناکات... ئەوێ خۆی لە حاڵی داڕماندایە. بەڵام ئەم داڕمانە دەرەنجامی ڕاستەوخۆی ئەو سزایانەیە کە خودی ئەمریکا سەپاندوونی، ڕاستییەکی کە ترامپ نایەوێت باسی بکات.

لە هەمانکاتدا، کوبا لە هەندێک بواردا دەستکەوت گەلێکی ئەوتۆی بەدەستهێناوە کە زۆرێک لە وڵاتە دەوڵەمەندەکانیش نەیانتوانیوە پێی بگەن. سیستەمی تەندروستیی خۆڕایی و گشتگیری کوبا وەک یەکێک لە باشترین سیستەمەکانی چارەسەری پزیشکی لە جیهانی گەشەسەندوودا دەناسرێت. ڕێژەی خوێندەواریی سەد لە سەد، خوێندنی خۆڕایی لە هەموو قۆناغەکاندا لە سەرەتاییەوە تا زانکۆ و بەرنامە بەربڵاوەکانی واکسیناسیۆن کە ڕێژەی مردنی منداڵانی گەیاندووەتە نزمترین ئاست لە ناوچەکەدا، لە زومرەی ئەم دەستکەوتانەن. هەروەها کوبا پزیشک و پەرستارەکانی خۆی ڕەوانەی دەیان وڵاتی هەژار لە ئەفریقا، ئەمریکای لاتین و ئاسیا کردووە، جۆرێک لە دیپلۆماسیی مرۆڤدۆستانە کە لەگەڵ بەها مرۆییەکاندا زۆر گونجاو و کاریگەرترە لە ناردنی هێزی سەربازی. ئەم دەستکەوتانە نیشانی دەدەن کە خەڵکی کوبا شایستەی ڕێز و هاوکارین، نەک گەمارۆ و سزا.

ئەم دەستکەوتانە بەو مانایە نین کە کوبا کۆمەڵگایەکی بێکەموکوڕییە. ناکارامەیی بیرۆکراتی، لاوازبوون لە بواری هاندان بۆ داهێنان، گەندەڵی کارگێڕی و وابەستەیی زۆر بە حکومەت وەک خاوەنکاری سەرەکی، کێشە گەلێکی حاشاهەڵنەگرن. پچڕانی ڕۆژانەی کارەبا، ڕیزە دوور و درێژەکان و کەمیی ماددە خۆراکییەکان، بەشێکی بەئازارن لە واقیعی ئەمڕۆی کوبا. بەڵام خاڵی سەرەکی ئەوەیە کە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە دەبێت لە ناخی خودی کۆمەڵگای کوبا و ئیرادەی خەڵکەکەیەوە سەرچاوە بگرێت، نەک لە ڕێگەی گەمارۆ، هەڕەشەی سەربازی یان سەپاندنی جۆرێک لە نیۆلیبراڵی لە دەرەوە.


کوبا دوورگەیەکی بچووکە لەگەڵ جەماوەرێکی خۆڕاگر کە پتر لە شەش دەیەیە لەژێر گوشاری گەمارۆدا دەژین. ئەوان نە «هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا و نە شایستەی سزای بەکۆمەڵن، بەڵکوو شایانی ڕێز، هاوکاری و دەرفەتێکی ڕاستەقینەن بۆ ئەوەی خۆیان داهاتووی خۆیان دروست بکەن.

بەرگریکردن لە کوبا لە بەرامبەر سیاسەتی شەڕانگێزانەی ئەمریکادا، بە مانای چاوپۆشیکردن لە کێشە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە نییە، بەڵکوو بەو مانایەیە کە نابێت هیچ جەماوەرێک لەبەر هەڵبژاردنی ڕێگایەکی جیاواز، سزا بدرێن.

********

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٤ - جۆزەردانی ١٤٠٥ - ژون ٢٠٢٦

# دام و دەزگای سەرکوت و کۆمەڵگەیەکی کە تەسلیم نابێت



نوێترین هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە دانوستانەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا، باس لە دەرکەوتنی ئاسۆیەک دەکەن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن. ئەوەی کە ئایا ئەم ڕێککەوتنە لە کۆتاییدا واژۆ دەکرێت یان نا، هێشتا ڕوون نییە و دەبێت چاوەڕوان بین. بەڵام جیا لە چارەنووسی ئەم دانوستانانە، ڕاستییەک لە ئێستاوە حاشانەهەڵگرە، ئەویش ئەوەیە کە ڕێککەوتنەکە نە سروشتی ئەم ڕژێمە دەگۆڕێت و نە گۆڕانکارییەک لە ژیانی خەڵکدا دروست دەکات، مەگەر ئەوەی لە خوارەوە و لە ناو قووڵایی کۆمەڵگەوە هێزێکی کۆمەڵایەتی سەر هەڵبدات بۆ گۆڕینی هاوسەنگییەکە.

واقیعییەت ئەوەیە کە شەڕی چل ڕۆژە نەک هەر نەبووە هۆی لاوازبوونی دەزگای سەرکوت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بوو بە هۆکارێک بۆ چڕکردنەوەی هەرچی زیاتری دەسەڵات لە دەستی دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکاندا. نیشانەکانی ئەم ڕاستییە ئەمڕۆ لە هەموو شوێنێک بەرچاو دەکەوێت، پەرەسەندنی دەستبەسەرکردنەکان، بەرزبوونەوەی ژمارەی لەسێدارەدانەکان، زاڵبوونی کەشوهەوای پۆلیسی و ئامادەیی بەرچاوتری دەزگا ئەمنییەکان لە هەموو کایەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، لە زومرەی نیشانەکانی ئەم دۆخەن.

تەنانەت ئەگەر ڕێککەوتنێکیش لە نێوان کۆماری ئیسلامی و ئەمریکادا بێتەئاراوە، ئەم ڕەوتە نەک هەر ناوەستێت، بەڵکوو بە ئەگەرێکی زۆر بە متمانەبەخۆبوونێکی زیاترەوە بەردەوام دەبێت. بۆچی؟ چونکە بۆ ئەم حکوومەتە، سەرکوت پێویستییەکە بۆ مانەوە. کۆماری ئیسلامی نە بە ڕەزامەندیی خەڵک، نە بە کارامەیی ئابووری و نە بە مەشروعییەتی سیاسی حوکمرانی دەکات، بەڵکوو کۆڵەکەی سەرەکیی مانەوەی، بریتییە لە زاڵکردن و پەرەپێدانی ترس و تۆقاندن و سەپاندنی بێدەنگیی. ڕژێمێکی کە لە بواری ئابووریدا شکستی هێناوە، لە سیاسەتدا گۆشەگیر بووە و لە کۆمەڵگەدا لەگەڵ قەیرانی قووڵی مەشروعییەت بەرەوڕووە، ناچارە بۆ درێژەدان بە ژیان و مانەوەی خۆی، پەنا بباتە بەر سەرکوتی هەرچی زیاتر.

بەڵام ئەمە هەموو چیرۆکەکە نییە. ڕاستییەکی دیکە ئەوەیە کە ترس، ئەگەرچی دەتوانێت کۆمەڵگە بۆ ماوەیەکی کاتیی ناچار بە پاشەکشە بکات، بەڵام ناتوانێت بۆ هەمیشە کپ و بێدەنگی بکات. ویست و داواکارییە کەڵەکەبووەکانی خەڵک، بەرهەمی ساڵێک یان دوو ساڵ نین، بەڵکوو بەرهەمی دەیان ساڵ هەژاری، سووکایەتی، بێمافی، گەندەڵی، هەڵاواردن، دژایەتیی ژنان، سەرکوتی سیاسی و تاڵانکردنی سیستماتیکی ژیانی زۆرینەی کۆمەڵگەیە. ئەم داواکارییانە بە دەستبەسەرکردن و لەسێدارەدان کۆتاییان نایەت. بە پێچەوانەوە، لە زۆر حاڵەتدا سەرکوت دەبێتە هۆکارێک بۆ پەرەسەندنی هەرچی زیاتری نەفرەت و بێزاریی کۆمەڵایەتی، ڕادیکاڵتربوونی ویست و داواکارییەکان و بەرفراوانتربوونی بازنەی نەڕەزایەتییەکان.

کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات بە ترس حوکمڕانی بکات. زیندان، ئەشکەنجە، لەسێدارەدان، کەشوهەوای پۆلیسی و هەڕەشەی بەردەوام، لە زومرەی ئامرازە سەرەکییەکانی ئەم حوکوومەتەن بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. بەڵام کۆمەڵگەش لەم ساڵانەدا دەستەوستان دانەنیشتووە. لە ناو جەرگەی ئەم گوشار و سەرکوتەوە، ڕەوتی فێربوون، کەڵەکەبوونی ئەزموون و سەرلەنوێ دارشتنەوەی شێوازەکانی خەبات لە خوارەوە لە حاڵی شکڵگرتندایە. ئەزموونی ناڕەزایەتییە کرێکارییەکان، خەباتی ژنان، خۆڕاگریی گەنجان، بزووتنەوەی خانەنشینان، موعەلیمان و پەرستاران و هەروەها ئاخێزە سەرتاسەرییەکان، سەرجەم سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە کۆمەڵگەی ئێران بە ئاسانی تەسلیمی ئەم نەزم و دیسپلینە سەپێنراوە نابێت.

هەر شەپۆلێکی سەرکوت، ئەگەرچی تێچووی قورسی بەسەر خەڵکدا سەپاندووە، بەڵام هاوکات بووەتە هۆی بەدەستهێنانی ئەزموونی زیاتر. کۆمەڵگە فێربووە کە چۆن لە ناو دڵی شکستە کاتییەکانەوە دەرفەتی نوێ بخوڵقێنێت، چۆن شێوازی نوێی دەربڕینی ناسنامەی بەکۆمەڵ تاقی بکاتەوە و چۆن لە نێوان پێویستیی خەبات و پێویستیی پاراستنی هێزەکاندا هاوسەنگی ڕابگرێت. ئەمە ڕێک ئەو شتەیە کە ڕژێم لێی دەترسێت، کۆمەڵگەیەکی کە تەنیا توورە و بێزار نییە، بەڵکوو لە حاڵی فێربوون و خۆڕێکخستنیشدایە.

کرێکاران، زەحمەتکێشان، ژنان، گەنجان و سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی ستەملێکراوی ئێران بە ئەزموون بۆیان دەرکەوتووە کە ئەم ڕژێمە نە توانای چارەسەرکردنی قەیرانەکانی کۆمەڵگەی هەیە و نە ئیرادەیەکی تێدایە بۆ وەڵامدانەوە بە ویست و داواکارییەکانی خەڵک. پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای سەرکوت، گەندەڵی، ڕانت، دزیی ڕێکخراو، نیزامیگەری و تاڵانکردنی سەرچاوە گشتییەکان بونیاد نراوە.

سەرەڕای هەموو ئەمانەش، ئەمە بە واتای وەلانانی خەبات لەپێناو ویست و داواکارییە دەستبەجێ و هەنووکەییەکان نییە. بە پێچەوانەوە، ڕێک لەم مەیدانەدایە کە کۆمەڵگە خۆی سەرلەنوێ بونیاد دەنێتەوە. خەبات لەپێناو حەقدەست، ئەمنییەتی پیشەیی، مافی ڕێکخراوبوون، نەهێشتنی هەڵاواردن، مافی خوێندن، مافی ژیان، ئازادیی زیندانیانی سیاسی، بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ لەسێدارەدان و هیتر...، بەشێکی دانەبڕاون لە ڕێڕەوێکی گەورەتر کە بریتییە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ تەواوەتی ئەم سیستەمە. کۆمەڵگە لە ڕەوتی ئەم خەباتە بەردەوامەیاندا فێر دەبێت کە چۆن پێشڕەویی بکات، چۆن پاشەکشەی تاکتیکی بکات، چۆن تێچووەکان کەم بکاتەوە و چۆن شێوازی کاریگەرتر و کەمتێچووتر لە خۆڕاگریی و گوشاری کۆمەڵایەتی بدۆزێتەوە. ئەم فێربوونە بەکۆمەڵە، لەسەرەخۆ و پڕتێچووە، بەڵام یەکێک دەبێت لە دیاریکەرترین هۆکارەکان لە داهاتووی گۆڕانکارییەکانی ئێراندا.

ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانێکی گەورەی ناوخۆیی ئامادە دەکات. ئەم قەیرانە لە دەرەوە بەسەریدا نەسەپێنراوە، بەڵکوو لە ناو ناخی کۆمەڵگەوە، لە ناو دڵی ناڕەزایەتییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانەوە، لە ناو دڵی درز و کەلێنی نێوان خەڵک و دەسەڵات و هەروەها لە ناو دڵی بنبەستی مێژوویی ئەم ڕژێمەوە سەر هەڵدەدات. هەڵاوسان، بێکاری، دارمانی ئاستی بژێوی، لەناوچوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، هەڵاواردنی دامەزراوەیی، بێ ئاسۆیی نەوەی گەنج و بنبەستی سیاسی بەتەواو مانا، هەموویان دەستەچیلەی ئاگری ئەم قەیرانەن. لە بەرامبەر ئەم دۆخەدا، وەڵامی ڕژێم تەنیا سەرکوتی زیاترە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە، کۆمەڵگەیەک وەستاوە کە نەک هەر ئەزموونی بەدەستهێناوە، بەڵکوو لە حاڵی دۆزینەوەی ڕێگای نوێدایە بۆ بەردەوامبوونی خەبات. ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە، ململانێی نێوان حکوومەتێکی لاواز و کۆمەڵگەیەکی زیندووە.

لە بەرامبەر دۆخێکی لەو شێوەیەدا، بەرپرسیارێتیی سەرجەم هەڵسووڕاوانی سۆسیالیست و هەموو ئەو مرۆڤانەی کە خەمخۆر و نیگەرانی چارەنووسی ئەم کۆمەڵگەیەن، ڕوون و ئاشکرایە. دەبێت وێنەیەکی ڕوونتر لە ڕەوتە ڕاستەقینەکان بخرێتە ڕوو. دەبێت ئەزموونی خەباتەکانی ڕابردوو کۆبەندی بکرێت و بگوازرێتەوە، بۆ ئەوەی کۆمەڵگە هەموو جارێک ناچار نەبێت بە تێچوویەکی نوێ، وانەکانی ڕابردوو سەرلەنوێ فێربێتەوە. دەبێت بیر لە شێوازی داهێنەرانە، گونجاو و ڕیشەداری خۆڕێکخستن و هاوپشتی بکرێتەوە، بەو شێوازانەی کە هەم لە ژیانی ڕاستەقینەی خەڵکدا ڕیشەیان هەبێت و هەم لە بەرامبەر گورزە ئەمنییەکاندا خۆڕاگرتر بن. هەروەها پێویستە تا ئەو جێگایەی کە ئیمکانی هەیە، بە دەستپێشخەریی کۆمەڵایەتی، هاوپشتی و یەکگرتوویی لە خوارەوە و ماندووکردنی دام و دەزگای سەرکوت، تێچووی گۆڕانکاری بۆ کۆمەڵگە کەمتر و تێچووی سەرکوت بۆ حکوومەت بەرز بکرێتەوە.

ئەوەی هیچ گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە سیاسەتی ترس و تۆقاندن و کوشتار، ئەگەرچی لەوانەیە بۆ ماوەیەک کات بەدەست بهێنێت، بەڵام ناتوانێت چارەنووسی حەتمی و مسۆگەری کۆماری ئیسلامی بگۆڕێت. ئەم ڕژێمە لەوانەیە بە لەسێدارەدان و زیندان، بۆ ماوەیەک تەمەنی خۆی درێژ بکاتەوە، بەڵام ناتوانێت بەسەر ئەو کێشە و دژوازییە قووڵانەدا زاڵ بێت کە خۆی خوڵقاندوونی.

********

## چیرۆکی ژیان و گوزەرانی کەمئەندامان و نەخۆشە فەرامۆشکراوەکان

لەو ڕۆژانەی کە سەرلەنوێ تەمومژ و سێبەری شەڕ بەسەر ئاسمانی ئێراندا دەسووڕێتەوە، هەندێک لە چین و توێژەکانی خەڵک زیاتر لە هەمووان دەکەونە بەر مەترسی فەرامۆشبوون. کەمئەندامان، نەخۆشە تایبەتەکان، نەخۆشە درێژخایەنەکان و سەرجەم ئەوانەی کە ژیانیان بەستراوەتەوە بە دەوا و دەرمان، ڕاهێنانەوە، دیالیز، خوێن، دەرمانەکانی مەینی خوێن، کورسیی کەمئەندامی، پەرستار و چاودێریی بەردەوام، لە زومرەی ئەو کەسانەن. لە وڵاتێکدا کە بودجەکەی زیاتر لەوەی خەرجی چەرخی ویلچەر، دەرمانی نەخۆشەکان و ئامێری دیالیز بکرێت، خەرجی مووشەک، دامەزراوەکانی سەرکوت و سەرکێشییە سەربازییەکان دەکرێت، ملیۆنان کەس بە سەختی شەو و ڕۆژ تێپەڕ دەکەن.

ئێرانی ئەمڕۆ لەگەڵ نزیکەی ٩ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەسی خاوەن پێداویستی تایبەت و کەمئەندام بەرەوڕووە. ئەم ئامارە فەرمییە خۆی سەلمێنەری کارەساتێکی مرۆییە. لەم ژمارەیە، تەنیا نزیکەی ٣ ملیۆن کەسیان لەژێر چاودێریی ڕێکخراوی بێهزیستی یان (خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی)دان. واتا زیاتر لە ٦٠٪ی کەمئەندامانی وڵات بە کردەوە لە هەر چەشنە پاڵپشتییەکی فەرمی بێبەشن، وەک بڵێی هەر لە بنەڕەتدا لە پلان و بەرماکانی حکومەتدا هیچ حیسابێکیان بۆ ناکرێت.

بەڵام تەنانەت ئەو کەسانەش کە لەژێر چاودێریی بێهزیستیدان، لە پاڵپشتییەکی ڕاستەقینە بەهرەمەند نین. لە ناو ئەم کۆمەڵە خەڵکەدا، نزیکەی یەک ملیۆن و ٦٠٠ هەزار کەس مووچەخۆرن، ئەویش بە هاوکارییەکی دارایی لە نێوان ١٠ بۆ ٣٠ دۆلار لە مانگێکدا. ئەم بڕە پارە کەمە نەک هەر هیچ گرێیەک لە ژیان ناکاتەوە، بەڵکوو تەنانەت بەشی کرینی یەک جۆرە دەرمانی تایبەت، یەک جار فۆتۆگرافی یان فیزیۆتراپی، یان چاککردنەوەیەکی سەرەتایی ویلچەرێکیش ناکات. لە وڵاتێکدا کە هێڵی هەژاری بە خێراییەکی بێ وێنە بەرز دەبێتەوە، کۆمەکێکی لەو شێوەیە زیاتر لە سووکایەتی پێکردن دەچێت نەک پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی.

لە نێوان کەمئەنداماندا، نزیکەی ٥٣٠ هەزار کەسیان کەمئەندامی توند و زۆر توندن، ئەو کەسانەی کە زۆر جار تەنانەت توانای کارکردنیان نییە، پێویستیان بە چاودێریی بەردەوامە و بنەماڵەکانیان لەژێر باری قورسی تێچووە داراییەکاندا پشتیان چەماوەتەوە. لە زۆربەی ئەم بنەماڵانەدا، کەمئەندامان و نەخۆشە تایبەتەکان نە پەرستاریان هەیە، نە ئامێری گونجاو، نە ماڵێکی گونجاو، نە بیمەیەکی کارامە و نە داهاتوویەکی ڕوون. بۆ زۆرێک لە کەمئەندامانی جەستەیی، چوونەدەرەوە لە ماڵ، خۆی بووەتە کارێکی دژوار و سووکایەتی ئامێز. پیادەڕەوە پڕ لە چاڵ و چۆڵ و ناستانداردەکان، پاسە نەشیاوەکان بۆ بەکارهێنان، بینا حکومییەکانی بێ ئەسانسۆر و بێ تەوالێتی گونجاو و ئەو شەقامانەی کە بۆ ویلچەرنشینان لە مەیدانی ڕاکردنی بەربەستدار دەچن، هەموویان نیشانی دەدەن کە شارەکانی ئێران بۆ هەموو هاووڵاتیان دروست نەکراون. لە ڕاستیدا، زۆرێک لە کەمئەندامان نەک بەهۆی بێتوانایی جەستەیی، بەڵکوو بەهۆی بێتوانایی و نابەرپرسیارییەتی ڕژێمی دەسەڵاتدارەوە، لە ماڵەوە ماونەتەوە.

کەمئەندامانی زێهنی و دەروونی لەگەڵ دیوارێکی بەرزتر ڕووبەڕوون، دیواری نیگای سووکایەتی ئامێز و نەبوونی پەروەردە و وشیاریی گشتی. لە زۆربەی بنەماڵەکاندا، ئەو کەسەی کەمئەندامیی زێهنی یان دەروونی هەیە لە چاوی کۆمەڵگە دەشاردرێتەوە. ئەم شاردنەوەیە نەک لەبەر ناخۆشەویستیی بنەماڵەکەی، بەڵکوو زۆرجار لە ترسی قەزاوەت، سووکایەتی و گوشاری کۆمەڵایەتییە. کۆمەڵگەیەکی کە سەبارەت بە کەمئەندامی پەروەردە نەکراوە، لەبری پاڵپشتی، شەرمەزاری بەرهەم دەهێنێت. ئاکامەکەی دەبێتە ئەوەی کە کەسی کەمئەندام، هەم لە لایەن حکومەتەوە پشتگوێ دەخرێت و هەم لە لایەن کۆمەڵگەوە پەراوێز دەخرێت.

هەڵاوسانی هەوسارپچڕاوی ساڵانی ڕابردوو، قەیرانی کەمئەندامان و نەخۆشە تایبەتەکانی چەند قات کردووە. بنەماڵەکان لە لەگەڵ بژاردەیەکی نامرۆڤانە و نادروست بەرەوڕوو دەبنەوە، وەک ئەوەی کە تێچووی چارەسەری بدەن یان کرێی خانوو؟ دەرمان بکرن یان خۆراک؟ فیزیۆتراپی بەردەوام بکەن یان پووڵی کارەبا و گاز بدەن؟ لە زۆر حاڵەتدا، بنەماڵەکە ناچارە دەرمان وەلا بنێت، ئەڵبەتە نەک لەبەر بێباکی و هەستنەکردن بە پێویستییەکەی، بەڵکوو لەبەر ئەوەی مانەوە لە ژیاندا بووەتە یەکەم ئەولەوییەت. بەم شێوەیە، کەمئەندامان و نەخۆشە تایبەتەکان بەرەبەرە لە پرۆسەی چارەسەری دەسڕێنەوە و بەمجۆرە مەرگ و ڕەنجەکەیان لە هیچ ئامارێکی فەرمیدا نابینرێت.

خزمەتگوزارییەکانی ڕاهێنانەوەی تایبەت (ئەهلی) زۆر گرانن و بیمەکان تێچووی ڕاستەقینەی ئەو کارانە لە ئەستۆ ناگرن.

⬅

پێشڕەو
دەورەی دووەهەم - ژمارە ٤٧٤ - جۆزەردانی ١٤٠٥ - ژون ٢٠٢٦

گوتاردەرمانی، فیزیۆتراپی، ڕاوێژکاریی دەروونی، ئامرازەکانی یارمەتیدەری ڕاهێنانەوە، ویلچەر، ئامێری بیستن، چاویلکە و پڕۆتێز بۆ زۆرێک لە بنەماڵەکان بوونەتە کاڵایەکی لۆکس. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەمانە بۆ کەسی کەمئەندام، ئامرازی ژیانن. کاتێک منداڵێکی کەمئەندام لە گوتاردەرمانی بێبەش دەکرێت، داهاتووی پەیوەندییکردنی زیانی پێدەگات. کاتێک کەسێکی کە توانای ڕێگە ڕۆیشتنی نییە ویلچەری گونجاوی بۆ دابین ناکرێت، لە کۆمەڵگە وەلا دەنرێت. کاتێک کەسێکی نابینا ئامرازی پەروەردەیی نییە، مافی خوێندنی بە کردەوە پێشێل دەکرێت.

لە پاڵ کەمئەندامانـدا، نەخۆشە تایبەت و درێژخایەنەکانیش لە بارودۆخێکی دژوارتردان، بەتایبەت لە هەلومەرجێکدا کە نە شەڕی فەرمی لەئارادایە و نە ئاشتییەکی ڕاستەقینە برقرارە. بۆ نەخۆشانی هیمۆفیلی، کەمیی دەرمان هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ سەر گیانیان. نەبوونی دەرمانی مەینی خوێن، تەنانەت خوێنبەربوونێکی سادەش دەتوانێت ببێتە هۆی مەرگی کەسەکە.

نەخۆشانی دیالیزیش لە نۆرە درێژماوە و تاقەتپڕووکێنەکاندا گیریان خواردووە. دیالیز بۆ ئەم نەخۆشانە، مەرجی زیندوو مانەوەیە. کەمیی ئامێر، تەخت، کەرەستەی بەکارهێنان، کادری دەرمانی و نەبوونی ناوەندی خاوەن ئیمکاناتی پێویست، دەبێتە هۆی ئەوەی دوورکەوتنەوەی مەودای چارەسەر، مەترسیدار بێت. نەخۆشێک کە دەبێت بەردەوام دیالیز بکرێت، ئەگەر بەهۆی کەمیی ئامرازەکانەوە لە نۆرەدا بمێنێتەوە، لەوانیە لەگەڵ سستیی توند، ژەهراویبوونی جەستە و مردن ڕووبەڕوو ببێتەوە.

نەخۆشانی تالاسیمیاش لەگەڵ کەمیی خوێن و دەرمانە سەرەکییەکان دەستەویەخەن. لە هەندێک حاڵەتدا، کەمیی خوێن یان دەرمانی کۆنترۆڵکردنی ئاسن، بووەتە هۆی مرگ و گیانلەدەستدانی هەندێک لە نەخۆشەکان کە بە تەواوی دەکرا ڕێگرییان لێبکرێت.

ڕێکخراوی بێهزیستی کە دەبوو قەڵغانی بەرگریی کەمئەندامان بێت، خۆی بووەتە بەشێک لە قەیرانەکە. ئاشکرابوونی دزی و تاڵان و بڕۆ ملیاردییەکان و مایەپوچبوونی دامەزراوە گەلێکی کە ئەرکی پاڵپشتیکردنی بێبەشترین توێژەکانی کۆمەڵگەیە، نیشانی دەدات کە چۆن گیان و کەرامەتی مرۆڤ لەم وڵاتەدا یاری پێدەکرێت.

لە ناوچە سنوورییەکانی وەک سیستان و بەلووچستان، کوردستان و ناوچە بێبەشەکانی تر، ئەم دۆخە گەلێک ڕەهەندی کارەساتبارتری هەیە، ئەو کەسانەی کە بەهۆی مینە بەجێماوەکانی شەڕ کەمئەندام دەبن، ئەو کۆڵبەرانەی کە لە ئەنجامی تەقەکردن یان کەوتنەخوارەوە و سەرما تووشی کەمئەندامی بوون و هەروەها ئەو بنەماڵانەی کە تەنانەت دەستیان بە کەمترین خزمەتگوزاریی ناوەندی پارێزگاکانیش ڕاناگات، لە بێدەنگیدا دەناڵێنن. هەژاری، هەڵاواردنی نەتەوەیی و دەستڕانەگەیشتن بە ناوەندە دەرمانییەکان، هەموویان دەستیان داوەتە دەستی یەک تا کەسانی کەمئەندام لەم ناوچانە، مەحکووم بن بە گۆشەگیری و هەژاریی هەرچی زیاتر.

بڕان یان گرفتی ئینتەرنێتیش زەبرێکی جیدی لە کەمئەندامان داوە. بۆ زۆرێک لە کەمئەندامان، ئینتەرنێت تەنیا ئامرازی کات بەسەربردن نییە، بەڵکوو ڕێگایەکە بۆ خوێندن، کار، پەیوەندی، کڕینی دەرمان، وەرگرتنی ڕاوێژ، چالاکیی کۆمەڵایەتی و تەنانەت پەیداکردنی داهاتیش. کاتێک ئینتەرنێت دەبڕدرێت یان سنووردار دەکرێت، زۆرێک لە کەمئەندامان دیسانەوە لە ماڵەکانیاندا زیندانی دەکرێنەوە. لە جیهانی ئەمڕۆدا، دەستڕاگەیشتنی دیجیتاڵی بەشێکە لە سەربەخۆیی تاکەکەسی. زەوتکردنی ئەو ئیمکانە، بۆ کەمئەندامان واتا داخستنی یەکێک لە دوایین ڕێگاکانی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە.

بە هەموو ئەمانەشەوە، وێنەکە بە تەواوی تاریک نییە. کەمئەندامانی ئێران لە نێوان ترس و ئومێددا وەستاون. کۆبوونەوە نارەزایەتییەکان، ئاشکراکردنی ڕاستییەکان لە لایەن بنەماڵەکانەوە، چالاکییە مەدەنییەکان، پێکهێنانی کۆڕ و کۆمەڵە نافەرمییەکان و هەوڵی گرووپە سەربەخۆکان، تروسکاییەکی بچووکی بەرگرییان بە زیندوویی ڕاگرتووە. تا ئەو کاتەی کە بودجەی وڵات خەرجی سەرکێشیی سەربازی، دەزگای سەرکوت و دامەزراوە گەندەڵەکان دەکرێت، کەمئەندامان و نەخۆشە تایبەتەکان هەروا لە نۆرەی دەرمان، چارەسەر، ویلچەر، دیالیز و خوێندا دەمێننەوە. لەو ڕۆژانەی کە سەرلەنوێ سێبەری شوومی شەڕ باڵی بەسەر ئێراندا کێشاوە، نابێت بهێڵرێت دەنگی ئەم فەرامۆشکراوانە ون بێت. کۆمەڵگەیەکی ئینسانی ئەوەیە کە بێبەشترین و ئازارچێشتووترین ئەندامەکانی بخاتە چەقی سەرنجی خۆیەوە. کەمئەندامان و نەخۆشە تایبەتەکانی ئێران نە بەزەییان دەوێت و نە بەڵێن، بەڵکوو مافی ژیان، چارەسەر، ئیمکانی دەستڕاگەیشتن، کەرامەت و داهاتوویەکی مرۆییان دەوێت.

********

# سیاسەتی زمان لە سەردەمی سەرمایەداری دیجیتاڵدا



ن: لاوێن ئەمانی

پرسەکە تەنیا ئەوە نییە کە «هێز» چۆن کار دەکات، بەڵکوو ئەوەیە کە هێز چۆن خۆی و کردەوەکانی پێناسە دەکات، واتە چۆن «زمان» قۆرخ و ئاوەژوو دەکاتەوە. دەسەڵاتی هاوچەرخ، زیاتر لەوەی کە لە پێگەی هێز و زەبر و زەنگەوە کار بکات، لە ڕێی «پێناسەکردنەوەی وشەکان»ەوە خۆی زاڵ دەکات. لە جیهانی هاوچەرخدا، ئەم ڕەوتە چیتر تەنیا سنووردار نییە بە دەوڵەت و سیاسەتی فەرمی، بەڵکوو سەرمایەداریی دیجیتاڵ، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پیشەسازیی دیجیتاڵیش بوونەتە ئەکتەرە سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی زمان. ئەوان نەک تەنیا ئامرازی پەیوەندی، بەڵکوو شێوازی تێگەیشتنی ئێمە لە خۆمان، کار، پەیوەندی، ئازادی و تەنانەت حەقیقەتیش شکڵ پێ دەدەن.

لە سەرمایەداریی دیجیتاڵدا، زمانی ئابووریی کلاسیک جێگەی خۆی داوە بە زمانێکی نەرم، هاوڕێیانە و تەکنەلۆژیک. کۆمپانیا زەبەلاحە دیجیتاڵییەکان چیتر خۆیان وەک کۆمپانیا ناو نابەن، بەڵکوو بوونەتە «پلەتفۆرم»، «ئێکۆ سیستەم»، «کۆمەڵگە»... کرێکار چیتر کرێکار نییە، «هاوکاری سەربەخۆ»، «شۆفێریی هاوبەش»، «بەرهەمهێنەری ناوەرۆک» و «دامەزرێنەر»ە. ئەم گۆڕانکارییانە لە وشەسازیدا هەڵکەوت نیین، کاتێک شۆفێری ئەپڵیکەیشنێکی هاتوچۆ دەبێتە «هاوبەش»،لێرەدا ئیتر پەیوەندیی ڕاستەقینەی هێز ون ئەبێت، چیتر کارکردن لە ژێر سێبەری نەبوونی ئەمنییەتی پیشەیی، بیمە و مافی نارەزایەتی دەربڕین، لە هاوکێشەکە دەسڕدرێنەوە و زمان، پەیوەندییە نایەکسانەکان، هاوڕێیانە و خۆبەخشانە پێناسە دەکاتەوە.

لەم پێکهاتەیەدا، تەنانەت «داتا»ش بە زمانێکی نەرمتر و بە دوور لە ترس نیشان دەدرێت. کۆمپانیاکان ناڵێن کە ئێمە چاودێریی ژیانی ئێوە دەکەین، دەڵێن «ئەزموونی بەکارهێنەرەکان تاکەکەسی دەکەینەوە»، ناڵێن ئێمە هەڵسووکەوتی ئێوە پێشبینی و ئاراستە دەکەین، دەڵێن «پێشنیاریی هۆشمەند» دەخەینە بەردەستتان. لە ئاکامدا چاودێریی بەردەوام و چڕ چیتر نەک وەک جۆرێک لە دەستدرێژی بۆ سەر سنووری تاکەکەسی تاکەکان، بەڵکوو وەک چەشنێک لە خزمەتگوزاری و کارئاسانی پیشان دەدرێت. ئەمە ڕێک ئەو ساتەیە کە زمان، دەسەڵات دەگۆڕێت بۆ خۆشبژیوی.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەم مەنتقەیان هەنگاوێکیش زیاتر بردووەتە پێش، ئەوان تەنیا کاڵا نافرۆشن، بەڵکوو «شوناس» دەخولقێنن. لە کلتوری ئینفلوێنسەریدا، مرۆڤ خۆی وەک پرۆژەیەکی مارکێتینگ دەبینێ. ژیانی ڕۆژانە دەبێتە «ناوەرۆک»، هەستەکان دەبێ شیاوی بڵاوکردنەوە بن، پەیوەندییەکان دەبێ چەشنێک ساقی و باقی بەرهەم بێنن. وشەگەلی وەک «برەندی تاکەکەسی»، «ئاڵوویکردن»، «بینران»، «گەشەی ئۆرگانیک» و...ئاماژەی ڕاستەوخۆیە بەوەی کە ئەم چەشنە لە زمان ڕۆچووەتە ناو تاکەکەسیترین قوژبنەکانی ژیانەوە. لە وەها بەستێنێکدا، تەنانەت نزیکی و هاوڕێیەتیش بووەتە کاڵایەک. تاکەکان فێر دەبن کە ساتە تاکەکەسییەکانیان نەک لە سۆنگەی ژیانکردنەوە، بەڵکوو لە سۆنگەی بە نمایشکردنەوە ئەزموون بکەن. سەفەر، خواردن، ئەوین، تەنیایی و ڕەنجی دەروونی و تەنانەت مافخوازی و دەنگهەڵبڕینی قوربانیان و تابووشکێنەکانیش، سەرجەمیان شیاوی بوونن بە ناوەرۆک. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەم وەهمە دەخولقێنن کە هەمووان «ئازادن» خۆیان دەرببڕن، بەڵام بە کردەوە، ئەلگۆریتمەکان دیاری دەکەن کە چ چەشنە دەربڕینێک ببینرێت. بۆیە ئازادی ڕادەربڕینیش دەبێتە چەشنێک لە ئازادی پێشبڕکێ بۆ کۆکردنەوەی سەرنجی زیاتر.

هاوکات، کلتوری ئینفلوێنسەری جۆرێک لە زمانی سەرکەوتن بەرهەم دێنێت کە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان دەشارێتەوە. سەرکەوتن ئاکامی «هەوڵی تاکەکەسی»، «وزەی ئەرێنی»، «برەندسازی» و «بەردەوامی»یە و چیتر باسێک لە چین و سەرمایە و دەرفەرتی دەستپێڕاگەیشتن و هێزی جەرماوەری و ...نییە. شکست، نەک پرسێکی کۆمەڵایەتی، بەڵکوو بێ توانایی و کەمکاری تاکەکانە و زمانی هاندەرانە، جێگەی شرۆڤەی کۆمەڵایەتی و زمانی شیکارانە دەگرێتەوە.

لە بەستێنی ژیری دەستکرد و دیجیتاڵدا، ئەم ڕەوتە ئاڵۆزتریش بووەتەوە، بەو پێیەی کە زمانی دیجیتاڵ بە سروشت، ڕواڵەتێکی زانستی و نیوتراڵ و بێ باری هەیە. کۆمپانیاکان قسە لە «ژیری دەستکردی ئەخلاقی» یاخود «ئۆتۆماسیۆنی هۆشمەند» دەکەن، وەک بڵێی دیجتیتاڵ بوونێکی بێ لایەنی سەربەخۆیە لە دەسەڵاتی مرۆیی. بەڵام لە پشت هەر یەک لەم وشانەوە، تۆڕێک لە بەرژوەندی ئابووری و سیاسی خۆیان حەشار داوە.

کاتێک ئەوترێت ئەلگۆریتمەکان ئۆپتیمایز کراون، کەس ناپرسێ بە سوودی کێ؟ کاتێک ئەوترێ ژیری دەستکرد «بەهرەمەندی» زیاتر دەکات، ئەوانەی لە کورتماوە و لە ئەنجامی ئەودا پیشە، ئەمنییەت یاخود سەربەخۆیی خۆیان لە دەست دەدەن، ون دەبن. زمانی دیجیتاڵ کە ئەمڕۆکە بووەتە زمانی زاڵ، بە شێوەیەکی گشتی، دیاردە مرۆیی و سیاسییەکان وەک ڕەوتی سرووشتی و ڕێ پێ نەگیراو دەردەخات.

بەم شێوەیەیە کە دەرکرانی بەکۆمەڵی کرێکاران و کارمەندان دەبێتە ئاکامی «وەرچەرخانی دیجیتاڵی»، وەک بڵێی هێزێکی سەروومرۆیی و ڕێ لێ نەگیراو لە ئارادایە، نەک بڕیاری گرووپێکی بچووک لە خاوەنانی سەرمایە.

یەکێک لە سەرەکیترین تایبەتمەندییەکانی زمانی دیجیتاڵ، لێڵکردنی بەرپرسیارێتییە. کاتێک ئەلگۆریتمێک دووچاوەکییانە کار دەکات، بە کورتی دەبێتە هەڵە و باگی سیستەمێک نەک ئەو مرۆڤەی کە بەرهەمی هێناوە. بەم چەشنە «هێز» لە ڕوخسارە مرۆییەکەی خۆی مەودا دەگرێت و لە چوارچێوەی وشە دیجیتاڵییەکاندا خۆی دەشارێتەوە.

وشەکان لەمڕۆدا تەنیا وشە نیین، ئەوان خەریکن بە خێراییەکی سەرسووڕهێنەرتر لە هەمیشە واقیعێکی نوێ دەخولقێنن، واقیعێک کە تێیدا مرۆڤەکان لە هەر کات زیاتر و بە شێوەیەکی خۆبەخشانە و بێ بەرگری لە مەنتقی بازاڕ و ئەلگۆریتمەکاندا دەتوێنەوە. دەسەڵات چیتر تەنیا لە دەرەوەی ئێمەدا نییە، بەڵکوو لەو وشانەدا دەژی و دەزێتەوە کە ئێمە هەر ڕۆژ خەریکین خۆمان و جیهانمانی پێ دەگێڕینەوە.

بۆیە تا ئەم ساتەش، وردبوونەوە لە زمان و ڕەخنەکردنی، یەک لە بنچینەییترین شێوەکانی تێگەیشتن و ڕەخنەکردنی هێز و دەسەڵاتە.

********

Workers of all countries, unite!

PESHRAW

No: 474- JUNE 2026

www.komalah.org

Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# پیری، قۆناغی ئارامی و ڕێزگرتن، نەک وەرزێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و بێبەشبوون



پازدەی ژوئەن بەرامبەر لەگەڵ ٢٥ی جۆزەردانی هەمووساڵێک، «ڕۆژی جیهانیی هۆشیارکردنەوە سەبارەت بە ئازاری بەساڵاچووان، بیرهێنەرەوەی قەرزاربوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە بەو کەسانەی کە تەمەن، توانا، گەنجی و تەندروستیی خۆیان لە پێناو بنیاتنانی جیهانی ئەمڕۆدا بەخشیوە، کەچی ئێستا لە سەروبەندی پیریدا، لە جیاتی ئەوەی لەسەر کورسیی ڕێز و ئارامی دابنیشن، زۆرجار پەراوێز خراون. بەساڵاچووان، ئەو ژن و پیاوانەن کە دەیان ساڵ کاریان کردووە، منداڵیان پێگەیاندووە، زانست و ئەزموونیان کۆکردووەتەوە و گواستوویانەتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو، کۆڵەکەی پتەوی ناسنامەی بەکۆمەڵی ئێمەن.

یەکێک لە بنەڕەتیترین ئەرکەکانی دەوڵەت، بریتییە لە دابینکردنی خۆشگوزەرانی و ئاسایشی هاووڵاتیان لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا، بەتایبەت لە کاتی لاوازیی جەستەیی و پیریدا. ئەرکی سەرشانی دەوڵەتەکانە. کە بە داڕشتنی بناغەی سیستمێکی گشتگیری خۆشگوزەرانی، قۆناغی پیری بگۆڕن بۆ قۆناغێکی پڕ لە ئارامی، کەرامەت و گەشەسەندن، نەک وەرزێکی پڕ لە سەرئێشە، دڵەڕاوکێ و بێبەشبوونی ماددی. داواکارییەکانی بەساڵاچووان چوار ڕەهەندی سەرەکی لەخۆ دەگرێ. چاودێریی پزیشکیی گشتگیر: بەساڵاچووان بەهۆی سستبوونی سروشتیی جەستەیانەوە، پێویستیان بە خزمەتگوزاریی تەندروستیی بەردەوام، هەرزان و پسپۆڕ، واتە پزیشکیی تایبەت بە بەساڵاچووان هەیە. چاودێریکردنی بەساڵاچووان دەبێت وەک «مافێکی گشتیی بنەڕەتی» سەیر بکرێت، نەک وەک سەدەقە یان ئیمتیازێک.

دابینکردنی بژێوی و ئاسایشی ماددی: نابێت خانەنشینبوون بەواتای کەوتنە ناو قووڵایی هەژاری بێت. مووچەی گونجاو، شوێنی نیشتەجێبوونی پاڵپشتیکراو و یارمەتییە بنەڕەتییەکان، کەمترین ئامرازن بۆ پاراستنی سەربەخۆیی ماددی و کەرامەتی بەساڵاچووان.

ژێرخانە کۆمەڵایەتی و خۆشگوزەرانییەکان: دروستکردنی ماڵی ستاندارد و مۆدێرن بۆ بەساڵاچووان، سەنتەر و شوێنی کات بەسەربردنی ڕۆژانە، ئامرازەکانی گواستنەوەی شاریی گونجاو لەگەڵ جۆری کەمئەندامیی و پرۆگرامە کولتوورییەکان، لە زومرەی ئەرکە حاشاهەڵنەگرەکانی هەر دەوڵەتێکی بەرپرسیارن.

بەشداریی کۆمەڵایەتی: دابڕینی بەساڵاچووان لە کایەی گشتییەکان، تاوانێکی دوولایەنەیە، ئەم کارە هەم زیان بە دەروونی بەساڵاچووان دەگەیەنێت و هەم کۆمەڵگا لە هەگبەی پڕ لە ئەزموون و حیکمەتی ئەوان بێبەش دەکات. دەسەڵات دەبێت زەمینەی بەشداریی چالاکانەی ئەوان لە بڕیارە خۆجێیی و کۆمەڵایەتییەکاندا بڕەخسێنێت.

بەڵام هۆشیاریی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە کەرامەتی بەساڵاچووان، پێویستی بە شۆڕشێکی کولتووریی هاوتەریب لەگەڵ گۆڕانکاریی سیاسیی هەیە. بەشێکی بەرچاو لە پێکهاتەی جیهانیی دەسەڵات، هێشتا لە ڕوانگەیەکی ئامرازیی و قازانجپەرستانەوە سەیری مرۆڤ دەکات، ڕوانینێکی نیۆلیبرالیستی کە بەهای بوونی تاک تەنها بە ڕادەی بەرهەمداربوونی ئابووری و توانای کاریی ئەوەوە دەبەستێتەوە. لەم دیدگایەدا، ئەو بەساڵاچووەی کە لە پرۆسەی ڕاستەوخۆی بەرهەمهێنانی بەهای زیادە چووەتە دەرەوە، وەک بوونەوەرێکی بێسوود و بەکاربەرێکی باری دارایی کۆمەڵگا دادەنرێت. ئەم تێڕوانینە چینایەتی و نامرۆڤانەیە، زەمینەسازی سەرەکییە بۆ پەراوێزخستن، بێڕێزی و توندوتیژیی پێکهاتەیی دژ بە بەساڵاچووان.

بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، لە هەر شەش کەسی بەساڵاچوو لە سەرانسەری جیهان، یەکێکیان جۆرێک لە ئازارەکانی جەستەیی، دەروونی، دارایی یان کەمتەرخەمی چاودێریی، ئەزموون دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاماری ڕاستەقینە گەلێک لە ژمارە فەرمییەکان زیاترە، چونکە زۆربەی قوربانییەکان بەهۆی شەرم، ترسی تۆڵەسەندنەوە، وابەستەیی ماددی بە ئازاردەرەکان یان بێتوانایی مەعریفییەوە، بێدەنگی هەڵدەبژێرن. واقعی ژیانی بەساڵاچووان لە ئێرانی ئەمڕۆدا، لەژێر سێبەری دەسەڵاتی ئاینی و پێکهاتە ئابوورییە گەندەڵەکەیدا، زۆر بەئازارتر و کارەساتبارترە لە پێوەرە جیهانییەکان.

گرانی و هەڵاوسانی لەڕادەبەدەر لەگەڵ دابەزینی بەردەوامی بەهای دراوی نیشتمانی، مووچەی خانەنشینانی کردووە بە کاغەزێکی بێبایەخ. ئەو خانەنشینانەی کە سی ساڵ لە تەمەنی خۆیان بە هیوای سەردەمی حەسانەوە و ئارامیی پیری کاریان کردووە، ئەمڕۆ لەگەڵ مووچەیەک بەرەوڕوو دەبنەوە کە تەنانەت بەشی کرێی خانوو و بژێوی سەرەتایی دە ڕۆژیش ناکات. خۆپیشاندانی بەردەوام و هەفتانەی خانەنشینانی دابینکردنی کۆمەڵایەتی، مامۆستایان و کرێکارانی پیشەسازی لە شەقامەکانی ئێران، هاواری بێدەسەڵاتی و مەزڵوومییەتی ئەم توێژە تاڵانکراوەیە.

لەکاتێکدا پێداویستییە چارەسەرییەکان لە کاتی پیریدا خێراتر دەبن، سیستمی چارەسەریی ئێران بەهۆی گەندەڵیی سیستماتیک، تاڵانکرانی سندوقەکانی خانەنشینی لەلایەن کەسانی سەر بە ڕژێم و خراپیی بەڕێوەبردن، لە لێواری دارماندایە. دەرمانە سەرەکییەکانی بەساڵاچووان یان دەست ناکەون یان بە نرخێکی ئێجگار زۆر لە بازاڕی ئازاددا دەفرۆشرێن و بیمە سەرەتاییەکانیش لە ڕاستیدا هیچ جۆرە چاودێرییەکی بەسوودی ددان، نەشتەرگەری یان چاودێری پێشکەش ناکەن. کارەساتی سەرەکی ئەوەیە کە بەساڵاچووان و خانەنشینانی ئێران لە پێکهاتەیەکی سەرکوتگەری ئەوتۆدا دەژین کە هیچ ڕێڕەوێکی یاسایی و دیموکراتییان نییە بۆ دروستکردنی ڕێکخراوە سەربەخۆ پیشەییەکان، سەندیکاکان و کۆڕ و کۆبوونەوەی هێمنانە. هەر هاوارێکی مافخوازیی ئەوان لە شەقامدا بە گوللە و باتۆم، گازی فرمێسکرێژ و دەستبەسەرکردن وەڵام دەدرێتەوە.

لە یاسا فقهی و دژەژنەکانی کۆماری ئیسلامیدا، ژنانی بەساڵاچوو لە لاوازترین پێگەی یاساییدان. ژنێکی کە خەریکی کاری ناو ماڵ بووە و کارەکەی (کە گەورەترین سەرچاوەی بەرهەمهێنانەوەی هێزی کاری کۆمەڵگایە) لە یاسادا هیچ بەهایەکی ماددی و بیمەیی نییە، دوای مردنی هاوسەرەکەی بەهۆی مووچەی کەم و یاسای نایەکسانی میرات، ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ناو گێژاوی هەژاریی موتڵەقەوە.

کاتێک باس لە ئازاری بەساڵاچووان دەکرێت، زێهنەکان دەچنە سەر توندوتیژیی خێزانی، بەڵام وێرانکەرترین شێوازی ئازاردانی بەساڵاچووان، بریتییە لە ئازارە پێکهاتەییەکانی سەرچاوەگرتوو لە شەڕ، نیزامیگەری، گەمارۆکان و هەژاریی موتڵەق. ئەمڕۆ لە ئۆکراین، غەززە، لوبنان، سودان و ئێران، ملیۆنان بەساڵاچوو لەگەڵ ئەو کابوسانە بەرەوڕوون کە نابێت هیچ مرۆڤێک لە سەروبەندی ئاوابوونی خۆری تەمەنیدا لەگەڵیدا ڕووبەڕوو ببێت. لە غەززەی وێرانکراودا، ئەو باپیرە و داپیرانەی کە دەبوو پەناگەی سۆزداریی نەوەکانیان بن، لەناو کێوی خۆڵەمێشدا بەدوای قومێک ئاوی خاوێندا دەگەڕێن کە بوونی نییە. لە ئۆکراین، بەساڵاچووانی بێ دیفاع ناچار بە ئاوارەبوونی درێژخایەن یان مەرگ لە تەنیایی ماڵە بۆردومانکراوەکانیاندان. لە لوبنان و ئێرانیش، هەژاریی سەرچاوەگرتوو لە دارمانی ئابووری، پاشەکەوتی تەمەنێک ڕەنج و زەحمەتی خانەنشینانی قووت داوە و ئەوانی لەبەردەم نەخۆشی و پیریدا بێ دیفاع هێشتووەتەوە.

لە کۆمەڵگایەکی ئازاد، یەکسان و خۆشگوزەرانی سبەینێدا، پیریی نەک هەر مایەی ترس نییە، بەڵکوو وەرزێکی شایستە، بەڕێز و شکۆداری ژیانی مرۆڤایەتییە: چارەسەر، تەندروستی، شوێنی نیشتەجێبوون و کات بەسەربردنی بەساڵاچووان دەبێت ڕاستەوخۆ لە سامانی گشتیی کۆمەڵگا و باجە بەردەوام ڕوو لە بەرزبووەکانی سەر سەرمایەداران دابین بکرێت، نەک وەک کاڵا لە بازاڕی ئازاددا بکڕدرێت و بفرۆشرێت. هیچ مرۆڤێک نابێت ناچار بێت تا کۆتا هەناسەی ژیانی لەپێناو مانەوەدا شەڕدا. دەبێت ئەو سامانە کەڵەکەبووەی کە بەرهەمی کاری کۆمەڵایەتییە، بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەش بکرێت بۆ ئەوەی قۆناغێکی خانەنشینیی گونجاو بۆ هەمووان مسۆگەر بکرێت. باری چاودێریکردنی بەساڵاچووان نابێت تەنها لەسەر شانی خێزانەکان (و بە شێوازێکی نایەکسان لەسەر شانی ژنانی ماڵەوە) قورسایی بکات. لە کۆمەڵگای یەکسانی داهاتوودا، هیچ جیاوازییەک لە نێوان پیرە پیاوێکی کرێکاری بەلوچ، پیرەژنێکی ماڵداری کورد، یان خانەنشینێکی تارانیدا بوونی نابێت، هەمووان لە مافێکی یەکسان بۆ بەهرەمەندبوون لە باشترین کوالێتی ژیان بەشدار دەبن.

********

دواستون

## «بزنێک کە لە خەزەری نەخشەی جوگرافی ئاو دەخواتەوە»

سۆهراب سپهری ڕستەیەکی هەیە کە دەڵێت: بزنێکم دیت کە لە خەزەری نەخشەی جوگرافی ئاوی دەخواردەوە.

مەبەستی ڕستەکە گاڵتەکردنە بە ساویلکەیی ئەو خەیاڵە ناسیۆنالیستیە عەزمەت خوازەی کە پێی وایە گەورەبوونی ئێران لە سەر کاغەز و لەو دیعایەی شاو سوڵتانەکاندا ئەرخەیانی دەکات و دەبێتە مایەی حەسانەوەی ئەویش.

ئیستا کە ترامپ بە وەعدەی ڕوخانی کۆماری ئیسلامیەوە دەستی پێکرد و خەڵکی هان دەدا سنگی خۆیان بە گولەوە بنێن و تا گرتنی ئیدارە حکومیەکان ڕانەوەستن، بەڵام بە هەموو کەش و فش و تەقو تۆقەکانی لە ئیمزای ئلیکترۆنی، بەڵگەی لێکتێگەیشتنا گیرسایەوە، دەبێت و دەبوایە ئەوانەی خۆیان بۆ چوونەوە ئامادە کردبوو و لە دیواری نودبە و جۆرج تاونەوە، تا نامەی خوا دەستی بە باڵتەوە بێت بۆ جەنابی ترامپ بە هەموو جۆرێک کلکیان بۆ مامە ترامپیان بادەدا دەبێ خەونی کەروێشکیان بەر بێت و سۆهراب گوتەنی، دەم لەو خەزەری ناو نەخشەکان هەڵبڕن. بە نیسبەتی هەمووی ئەوانەی بە مەیلی سیاسی جۆراوجۆرەوە سابونیان لە زکیان دەدا کە چەرخێک بن لە عارەبانەی ترامپ و نتانیاهو بەرەو تاران و بۆ بخۆر بخۆر لە قازانگی تازە وەکوڵ هاتووی دەسەڵات دەبێت کورد گوتەنی پێیان بگوترێ: «سکتان نەسوتێ بە چێشتی گەرم»

هەڵبەت ئاغای وەنس جێگری مامە ترامپیش تۆزێ تاقانەکەی تاج و تەختە خەیاڵیەکەی لاواندوەتەوە کە ڕەنگە بۆ هەموو تاج خەونەکان جۆرە ناقوسێکی ڕابوونی تێدا بێت.

ئەوانەی ئەو دەم و ئیستاش ئاقڵ میوانیان بوو دەیانگوت و دەیڵێنەوە، با ئەوان ئیشی خۆیان بکەن و ئێمەیش خەباتی خۆمان، با ئێمە لە هەموو بارودۆخێکا ئەرک و پێویستیەکان لە ژیان و بارودۆخی خۆمان هەڵبهێنجین،نەوەک لە موعجیزەی شەڕ و لە قەدەری شەڕە حۆچی گاکاندا بۆی بگەڕیین.

********